# پارێزگای سلێمانی و

# نوێنەرانی

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## و

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

### راپۆرتی پێنجەم

چالاکی، بەدواداچوون، هەڵسەنگاندن

2019/9/30 – 2018/10/1

ڕێکخراوی

کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

➢ سەرۆکی ڕێکخراو

ئــاواز سەلیم عەبدوڵا

➢ بەڕێوەبەری پڕۆژە

ئـــارام کـــەمـــال

➢ ڕێکخەری پڕۆژە

پەروەر ئیبراهیم عبدالرحمن

➢ ژمێریاری پڕۆژە

عومـــەر محمەد عەلـــی فـــارس

---


ناونیشان:-

سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- تەلاری فیردەوس-

بەرامبەر گوندی ئەڵمانی- نهۆمی(3)- شوقەی ژمارە(3)

بۆ پەیوەندیکردن:

ئیمەیڵ: koddorg@yahoo.com

پێگەی ئەلکترۆنی: www.keodd.org

فەیسبووك: www.facebook.com/kurdistanforeveryone

مۆبایل:_07725118700 - 07701509765

## پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی


- ئامادەکردنی: رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
- سەرپەرشتیار: سەلام کەمال محمد (ئارام کەمال)
- پێداچوونەوە: د. مستەفا رەسول حسێن
- تیراژ: 1000 دانە
- ساڵی چاپ: 2019
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ

(رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی)



لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (664 ) ساڵی (2019)ی پێدراوە.


بێبەرامبەر دابەشدەکرێت.

(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) سوپاسی خۆی بۆ ئەم بەڕێزانە دەردەبڕێت کە لەسەرخستنی ئەم پرۆژەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو:

- ئەو نوێنەرانەی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە سەرخستنی ئەم پرۆژەیەدا وەلآمی ئەرێنیان هەبوو....
- دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- بەختیار عەبدوڵا کەریم ڕاوێژکاری ڕێکخراوی (NED) لە هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق....
- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بەشداربوون لە چالاکیەکانی پرۆژەکەدا....

www.keodd.org

## ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی (KEODD)

ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی، ناحکومی، قازانج نەویستە، تایبەتە بە کایەو پرسە دیموکراتییەکان.

### دروشم:

دیموکراتیەتێکی تەندروست...ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات... فەرمانڕەواییەکی بەرپرس لەبەردەم هاووڵاتیاندا.

### دید:

ئاڵووێرکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای دەنگی هاووڵاتییان، پێکەوەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانو پاراستنی فرەیی.

### بوارەکانی کارکردن:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجیاکاندا.
2. ئەنجامدانی سیمینارو کۆنفرانس لە بورای جیاجیادا.
3. ئەنجامدانی ڕاهێنان خولی بەرزکردنەوەی توانستی بۆ دەزگاو دامەزراوو ڕێکخراوەکان.
4. چاودێریکردن وبەدواداچوونی شێوازو توانستی جێبەجێکردن لە دامەزراوە میریو هەڵبژێردراوەکاندا..

National Endowment for Democracy
*Supporting freedom around the world*

## ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED)

## National Endowment for Democracy

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکی فرە ڕەهەندو ئاڕاستەو بووەتە چەق بۆ چالاکی و ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوان و توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، دەبێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات بە دووبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریت و کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشە دەکات.

## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## Iraqi Council of Represetatives

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بالآترین دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێرییە، لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆوە لەلایەن دەنگدەرانەوە هەموو چوارساڵ جارێك هەڵدەبژێرێت، لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتو نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان لەرێگەی دانانی ئەو یاسایانەوە کە کاروباری دەزگاکانی دەوڵەت رێکدەخەن، هەروەها دیاریکردنی بودجەی گشتی ساڵانەو پەسەندکردنی رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەمەبەستی گرەنتی پابەندبوونیان بە یاساکانو هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات. ئەنجومەنی نوێنەران کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لە رێگەی پەیوەندی ئەندامان لەگەڵ دەنگدەرانیاندا بەشێویەکی راستەوخۆ، هەڵوێستەکردن لە سەر کێشەو گرفتەکانیانو هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (329) ئەندام پێکهاتووە. پارێزگای سلێمانی (18) نوێنەری لەئەنجومەنەکەدا هەیە. ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەرواری (2018/5/12) هەڵبژاردنی بۆ ئەنجامدراو لە بەرواری (2018/9/30) یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجامدا.

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

# Slemani Provinicial Council

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانییەوە، لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی راستەخۆوە پێکهاتووەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا چاودێریکردنە لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا، لەڕووی چاودێریشەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم خولەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2009)، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا، لە (2014/4/30)دا هەڵبژێردراوەو لە (32) ئەندام پێکدێت، بەرەچاووکردنی رێژەی نوێنەری ژنان کە لە (30%)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێت، خولی دووەم بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق هەڵبژێردرا. لە (2018/9/24) وادەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواوبوو، لە ڕۆژی (2019/7/8)دا پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکانی درێژکردەوە.

www.keodd.org

پەسەندکراوی
ئەنجومەنی باوەڕپێکراوانی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)
www.keodd.org

# پێشەکی

بێگومان پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك بەندە بەبوونی چەند هۆکارێکەوە، لەگرنگترینی ئەو هۆکارانەش هۆشیاری تاکی هاووڵاتیە، تا هاووڵاتی هۆشیار تربێت گۆمەڵگەش رۆژ بەرۆژ بەرەو پێشکەوتن‌و گەشەسەندن هەنگاو دەنێت.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش بۆ دەنگدان بە نوێنەران‌و دیاریکردنیان بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان کە نمایندەی دەنگدەران دەکەن، یەکێکە لە پێویستیەکانی بەدیهێنانی دەوڵەتی یاساو کۆمەڵگەی پێشکەوتوو.

رایەڵەی نێوان پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە پێناو جێبەجێکردنی بەرنامەی هەڵبژاردن‌و ئەو بەڵێنانەی دیکەی نوێنەران داویانە بەدەنگدەران، لە گرنگترین ئەو میکانیزم‌و هۆپێناوانەی کە ئەو رایەڵەی پەیوەندیە تۆکمەو پتەو دەکات، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەمیانەی ئەو رۆڵەی دەیبینن لە پتەوکردنی پایەکانی دیموکراسی‌و چاودێری کارو چالاکی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و هەوڵ‌و کۆششی نوێنەرانیان بۆ بەدیهێنانی خواست‌و ئامانجەکان.

(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەرێگەی ئەنجامدانی ئەرکە دەستوریەکانی لە بواری (چاودێری، یاسادانان، پەسەندکردنی بودجە)و بەهۆی لیژنە جۆراوجۆرەکانی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا رۆڵێکی گرنگ دەبینین لەو کایەو بوارانەدا ئاماژەمان پێکردن.

ئەندامانی (ئەنجومەنی نوێنەران) ئەگەر چی داکۆکی لە خواستو داواو بەرژەوەندیەکانی هەموو هاوولاتیانی عێراق دەکەن، بەلاٚم ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە ئەندامان داکۆکی زیاتر لە بەرژەوەندی ئەو پارێزگایانە بکەن کە بەدەنگی دەنگدەران هەڵبژێردراون.

ڕێژەی بەشداری هاوولاتیان لە پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی بەشداری هاوولاتیان لە دەنگداندا کەمدەبێتەوەو دیاردەی بەشداری نەکردنی دەنگدەران لە عێراق بەگشتی لە هەڵبژاردنەکانی (2018/5/12)دا بە ڕوونی ئەو دیاردەیەی دەرخست.

لەراستیدا ئەو بەشدارینەکردنەی دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردن هۆکاری جۆراوجۆری هەیەو ڕێگای چارەسەری فرە ڕەهەندی دەوێت کە دەکرێت بۆ ئەو چارەسەرە پتەوکردنی رایەڵەی پەیوەندی دەنگدەرو نوێنەرانی بەهێزکردنی متمانەی نێوانیان هۆکارێکی دروستبێت.

خاڵێکی دیکەی بێ ئومێدبوونی هاوولاتیان لە هەڵبژاردنەکان، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکانە لەکاتی ئاسایی خۆیاندا، چونکە بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەنێوان هاوولاتیو دەسەلاٚتدا هەیە، ئەوەیە هاوولاتی نوێنەرەکانی خۆیان بۆ چوار ساڵ دیاریدەکەن، نەك بۆ کاتێکی نادیار وەک ئەوەی ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێکەوتووە!

بۆیە لێرەوە وەك (**ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان**) وەبیر نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی (پارێزگای سلێمانی) دەهێنینەوە، بەتایبەت ئەندامانی خولی چوارەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە لە سەرەتای کارکردنیانداو هێشتا کاتێکی زۆریان لە بەردەستدا ماوە

بەوەی بتـــوانن بەشـــێك لەو بەڵێنـــانەی کە داویـــانە بەهاووڵاتیـــان بەدیبهێنن.

لە چوارچێوەی گفتوگۆکراوەکانی ناو چالاکییەکانی پڕۆژەی ئەمسالّی (**ڕێکخراوی کوردستان بۆهەموان**)دا کە (397)کەس لە توێژەجیاجیاکانی کۆمەڵگە بەشدارییان تێداکرد، زۆربەیان ئەو ڕەخنانەیان ئاڕاستەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کرد لە هەردوو ئەنجومەنی (نوێنەرانی عێراقو پارێزگای سلێمانی)، کە لە ئاست خواستی هاووڵاتیاندا نەبوون، چونکە پارێزگای سلێمانی پێش هەڵبژاردنەکـــان و دوای هەڵبژاردنەکـــان جیـــاوازیەکەی ئەوەیە کە کێشەو گرفتەکانی پارێزگاکە زیاتر بوون، نەک کەمتر.....

لێـــرەدا دەگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی کە ئەزمـــوونی دیموکراســـی لە عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنـــیە کە هەســـتن بە چـــاودێری و بەدوادچـــوونی دەزگـــا هەڵبژێردراوەکـان بەشێوەیەکی تەواو بێلایەنانە بۆیە (**ڕێکخـــراوی کوردستان بۆهەموان**)لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیە هەوڵدەدات بە:

1. بەدواداچوون و چاودێریکردن بۆ کاروچالاکییەکانی دەزگا هەڵبژێردراوەکان و نوێنەرانیان لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا.
2. بەهێزکردنی پەیوندی نێوان هاووڵاتی و نوێنەرەکانیانو تۆمارکردنو بە ئەرشیفکردنی هەموو ئەوەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی (چ وەك ئەندام یان چ وەك فراکسیۆنەکان) ئەنجامی دەدەنو دواتریش لە دووتویێ ڕاپۆرتێکدا چالاکی و ئەدای نوێنەران دەخاتەوە بەردەستی دەنگدەر.

3. دەرخستنی ئەو بابەتو پرسانەی کە جێگای سەرنجی دەنگدەرانو مایەی کارکردنی نوێنەرانە بۆ بەدیهێنانی خواستو داواکاریەکانی هاووڵاتیان.
4. پتەوکردنی میکانیزمەکانی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی لای تاکو هاووڵاتی.
5. داکۆکیکردن لە پرسە دیموکراسیەکانو پێویستیەکانی بەدیهاتنی لەوانەش (هەڵبژاردن، چاودێری، شەفافیەت، حوکمڕانی دروست).
6. هاوکاریکردنی نوێنەران لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بۆ سەرکەوتن لە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنیان بەتایبەت لە بواری چاودێریکردندا.
7. کارئاسانی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنو لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاشنابوون بە ئەداو چالاکی ئەنجومەنەکان و نوێنەرانیان.

لەبەر ئەوە پێویستە بەردەوام چاودێریو بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانو خستنەڕووی هەوڵەکانیانو لە هەمانکاتیشدا خستنەڕووی ئاستەنگەکانی بەردەمیان، تا هاووڵاتیان زۆرترین زانیاریان دەستبکەوێت لەسەر نوێنەرەکانیان.

بەڕێزان....(**ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان**) لە ئەمساڵدا ژمارەی راپۆرتەکانی دەبنە پێنج راپۆرت کە چواریان تایبەتبوون بە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بەڵام راپۆتی پێنجەم کە ئێستا لەبەردەستاندایە، تایبەتە بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، لە هەردوو ئەنجومەنی (نوێنەرانی عێراق)و (پارێزگای سلێمانی)دا، ئەمەش پاش

ڕەزامەندبوونی ڕێکخراوی (NED)ی ئەمریکی هات (**وەک لایەنی بەخشەر**) لەسەر پێشنیاری ڕێکخراوەکەمان بۆ فراوانکردنی پرۆژەکە لە تەنها ئەنجومەنی پارێزگاوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

لە کۆتایشدا وەك (**ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان**)، خۆمان بەخۆشحاڵو سەربەرز دەبینین کاتێك چالاکییەکانمانو ڕاپۆرتەکانی ساڵانی ڕابردوومان ساڵ لەدوای ساڵ دەنگدانەوەی باشتری هەبووە لە ناوەندە ئاکادیمیو سیاسیو پیشەییو جەماوەریو... هتد.داو بوونەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ ئەو ناوەندانەو هاووڵاتیان بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر نوێنەرەکانیان.

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان

بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بەشی یەکەم/

## تایبەت بە:

# نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
# خولی چوارەم (2022-2018)

## چالاکییەکانی پرۆژەی
## (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی)، تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

(رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) لە پرۆژەی ئەمساڵیدا چەند چالاکییەکی ئەنجامدا تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) وەك لەم خشتەیەدا ئاماژەیان پێکراوە:

**خشتەی ژمارە (1)**

| ژ | چالاکی |
|---|---|
| .1 | ناساندنی پرۆژەکە بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). |
| .2 | ئەنجامدانی (11) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ. |
| .3 | ئەنجامدانی (4) گفتوگۆیکراوە بۆ (6) لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. |
| .4 | ئامادەکردنو بڵاوکردنەوەی رێبەرێکی تایبەت بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). |
| .5 | بڵاوکردنەوەی هەواڵو بیروڕاو چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، لە پێگەی ئەلیکترۆنی رێکخراودا. |

### چالاکی یەکەم: ناساندنی پرۆژەکە بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

لە سەرەتای دەستبەکاربوونی خولی چوارەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) هەستا بە سەردانکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی ناساندنی رێکخراو و

پـڕۆژەی (پارێزگـای سـلێمانیو نـوێنەرانی)، بەخۆشـحاڵییەوە لە کـۆی (18) نوێنەری پارێزگـای سـلێمانی (15) نوێنەریـان پڕۆژەکەیـان بەلاوە پەسەند بوو.

**چالاکی دووەم: ئەنجامدانی (11) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ.**

یەکێـك لەو هۆکـارانەی (رێکخـراوی کوردسـتان بـۆ هەمـووان) گـرتیە بەر بـۆ گەیانـدنی دەنگـی هـاووڵاتی بە نوێنەرەکانیـان ئەنجامـدانی بەرنـامەی رادیـۆیی بـوو، بەشـێوەی راسـتەوخۆ لە (رادیـۆی نەوا). لە (11) بەرنـامەدا (10) نـوێنەری پارێزگـای سـلێمانی بەشـداربوون. ئەگەرچـی بڕیـار بـوو لەبەرنـامەی (نـۆیەم)دا (د. میـران محەمەد) لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنەوە بەشدار بێت، بەڵام لەکاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکەدا ناوبراو مۆبایلەکەی داخستبوو بەشداری بەرنامەکەی نەکرد.

هەر بەرنـامەیەکیش لە سـێ بەش پێکهـاتبوو، بەشـی یەکەمـی تـایبەتبوو بە ناسـاندنی نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی و کـارو تایبەتمەنـدی ئەو لیژنـانەی کە تیایانـدا ئەنـدامن وگرنگتـرین پرسـەکانی تـایبەت بە پارێزگـای سـلێمانی، لەبەشـی دووەمیشـدا لە رێـگەی پەیوەنـدی تەلەفۆنییەوە سـەرنجو پرسـیارو رەخـنەی هاووڵاتیـان وەردەگیـراو ئاڕاسـتەی ذوێنەرانی پارێزگای سـلێمانی دەکـراو لە بەشـی سێیەمو کۆتایی بەرنامەکەشدا ذوێنەرانی پارێزگای سلێمانی وەڵامـی هاووڵاتیانیان دەدایەوە.

هاوکـات بەرنـامەکە لە پـێگەی ئەلکترۆنـی (رادیـۆی نەوا- www.radionawa.com)و پـێگەی ئەلکترۆنـی (رێکخـراوی

كوردستـــــتان بـــۆ هەمـــووان – www.keodd.org)و لەســـەر تـــۆڕی كۆمەڵایەتی (فەیسبووك)یش بڵاودەكرایەوە.

**خشتەی ژمارە (2)**

**پێشكەشكردنی بەرنامە رادیۆییەكان**

| ژ | بەروار | میوان | لیژنە |
|---|---|---|---|
| .1 | 2019/2/10 | ئەحمەد حاجی | دارایی |
| .2 | 2019/2/17 | د. بەهار مەحمود | یاسایی |
| .3 | 2019/2/23 | شیروان میرزا قادر | دارایی |
| .4 | 2019/3/3 | دانا جەزا عەلی | پەیوەندیەكانی دەرەوە |
| .5 | 2019/3/10 | سەركەوت شەمسەدین | كاروباری ئەنداماەنو رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی |
| .6 | 2019/3/17 | د، موسەنا ئەمین | پەیوەندیەكانی دەرەوە |
| .7 | 2019/3/24 | ئارەزوو مەحمود | لاوان و وەرزش |
| .8 | 2019/3/31 | د. غالب محەمەد | نەوتو گاز |
| .9 | 2019/4/7 | د. میران محەمەد | تەندروستی |
| .10 | 2019/3/24 | د. رێبوار كەریم | پەیوەندیەكانی دەرەوە |
| .11 | 2019/3/31 | حەسەن ئاڵی | هەرێمەكانو پارێزگاكان |

## چالاکی سێیەم: ئەنجامدانی (4) گفتوگۆیکراوە بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی.

بەمەبەستی رونکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو کارو تایبەتمەندی لیژنەکانو بەرنامەو ئامانجی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانداو بەرنامەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی پارێزگای سلێمانی، لە درێژەی چالاکییەکانی پرۆژەکەدا، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) هەستا بە ئەنجامدانی (4) گفتوگۆیکراوە بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە (3)**

گفتوگۆکراوەکان بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

| بەروار | بابەت | نوێنەر | ژ. بەشداربوان |
|---|---|---|---|
| 2019/8/27 | گرفتەکانی سێکتەرەکانی وەرزش | ئارەزوو مەحمود | 51 |
| 2019/8/28 | نوێنەران و هاووڵاتیان | دانا جەزا | 45 |
| 2019/8/31 | گرفتەکانی سێکتەری خوێندنی باڵا | د. یوسف محەمەد<br>د. بەهار مەحمود | 52 |
| 2019/9/2 | بودجەو مووچەو داهات | ئەحمەد حاجی رەشید<br>شیروان میرزا | 63 |

**چالاكی چوارەم: پێگەی ئەلكترۆنی (ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان- www.keodd.org)و نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:**

(ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان) بەچەند شێوازێكی جیا لە پرۆژەكانیدا بەردەوام ئامانجی ئەوە بووە نوێنەران و هاووڵاتیان لەیەك نزیك بكاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام پێگەی ئەلیكترۆنی ڕێكخراو فراوان بوون و بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە هەربۆیەش خۆشبەختانە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی سەردانی پێگەكە لە زیادبووندا بووە. كۆی سەردانیان بۆ بەشەكانی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەردوو (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە بەرواری (2019/1/23) تا (2019/9/30)بریتیە لە (16.603)شانزە هەزارو شەش سەدو سێ سەردانی.

**خشتەی ژمارە (5)**

**سەردانكردنی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی**

| ژ | بەش | ژمارە | ژ. سەردانی |
| --- | --- | --- | --- |
| 1. | هەواڵەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. | 83 | 9.760 |
| 2. | گۆشەی بیروڕا. | 26 | 2.690 |
| 3. | چالاكییەكانی ڕێكخراو بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. | 16 | 4.153 |
| | **كۆی گشتی** | 125 | 16.603 |

شیاوی باسە پێگەی ئەلکترۆنی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لە کۆتایی مانگی (ئازار/2017)دا دامەزراو هەر زوو ئەم پێگەیە بووە جێگەی گرنگیپێدانی هاووڵاتیان و خوێنەرێکی بەرچاوی بۆ خۆی پەیداکرد.

لە ماوەی ساڵی رابردوودا، کۆی سەردانی پێگەکە گەیشتە نزیکەی (33.080) سی و سێ هەزار و هەشتا سەردانی، تەنها لەماوەی (2018/10/1) بۆ (2019/9/30)دا ژمارەی سەردانی پێگەکە گەیشتە (74.959) حەفتاو چوار هەزارو پەنجاو نۆ سەردانی.

دوابەدوای فراوانکردنی پرۆژەکەش بۆ رووماڵکردنو چاودێریو بەدواداچوونی کارو چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، ئەم بەشانە بۆ پێگەکە زیادکران:

(هەواڵەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، پەیڕەوی ناوخۆی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، نوسینگەی سلێمانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، دەربارەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق).

**چالاکی پێنجەم: ئامادەکردنو بڵاوکردنەوەی ڕێبەرێکی تایبەت بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق):** ئەم ڕێبەرە لە کۆمەڵێك بەشی جیاوازی پێکهاتووە وەك (چەند زانیاریەکی گشتی لەسەر خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پوختەیەك لە نوسینگەی پارێزگای سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی

عێراق، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە پارێزگای سلێمانی، ئەندامێتی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زانیاری کەسی ئەندامانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە لیژنە هەمیشەییەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا و پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران).

# پوختەیەک
# لە سەر مێژووی
# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
# *(2019 - 2006)*

پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (2003)دا بۆ یەکەمجار لە (کانونی دووەمی 2005 )دا یەکەمین هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی (ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق) ئەنجامدرا، کاری سەرەکی ئەم ئەنجومەنەش ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق بوو کە دواتر لە ڕاپرسیەکی گشتیدا لە (2005/10/15 )دا دەنگیپێدراو دواتریش لە (2005/12/15) هەڵبژاردن بۆ خولی یەکەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) ئەنجامدراو پاشانیش هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە.

**یەکەم: مێژووی خولەکانی هەڵبژاردن.**

**خشتەی ژمارە (6)**

| خولی هەڵبژاردن | بەرواری هەڵبژاردن | یەکەم کۆبوونەوە | سیستمی هەڵبژاردن |
|---|---|---|---|
| **یەکەم** (2010-2006) | 2005/12/15 | 2006/3/16 | لیستی داخراو/ نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| **دووەم** (2014-2010) | 2010/3/7 | 2010/6/14 | لیستی کراوە/ نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| **سێیەم** (2018-2014) | 2014/4/30 | 2014/7/1 | لیستی کراوە/ نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| **چوارەم** (2022-2018) | 2018/5/12 | 2018/9/3 | لیستی کراوە/ نوێنەرایەتی ڕێژەیی |

**خشتەی ژمارە (7)**

## دووەم: ژمارەی کورسیەکانی خولەکانی ئەنجومەنی نوێنەران:

| خولی هەڵبژاردن | ژ. کورسی | دابەشبوونی کورسیەکان |
|---|---|---|
| یەکەم (2010-2006) | (275) | (230) بۆ پارێزگاکانو (45) تەعوزی و نیشتمانی |
| دووەم (2014-2010) | (325) | (310) بۆ پارێزگاکانو (15) تەعویزی و کەمایەتیەکان. |
| سێیەم (2018-2014) | (328) | (320) گشتیو (8) پێکهاتەکان |
| چوارەم (2022-2018) | (397) | (388) گشتی و (9) کەمایەتییەکان |

## سێیەم: سەرۆکەکانی ئەنجومەنی نوێنەران:

**خشتەی ژمارە (8)**

| خولی هەڵبژاردن | بەتەمەنترین ئەندام کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنیان کردووە | سەرۆکی هەمیشەیی |
|---|---|---|
| یەکەم (2010-2006) | عەدنان باچەچی | مەحمود مەشهەدانی – ئەیاد سامەرائی |
| دووەم (2014-2010) | فوئاد مەعسوم | ئوسامە نوجێفی |
| سێیەم (2018-2014) | مەهدی حافز | سەلیم جبوری |
| چوارەم (2022-2018) | محمد علي صالح | محەمەد حەلبوسی |

## چوارەم: دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران:

**خشتەی ژمارە (9)**

| خول | دانیشتنی ئاسایی | دانیشتنی نائاسایی | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| یەکەم/ (2006-2010) | 329 | 6 | 335 |
| دووەم/ (2010-2014) | 253 | 2 | 255 |
| سێیەم/ (2014-2018) | 271 | 7 | 278 |

تا بەرواری (2019/9/30) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (71) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامداوە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# چەند زانیاریەك لەسەر هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق  لە (2018/5/12)دا

## یەکەم: پێش دەستپێکی هەڵبژاردنەکان:

پاش ئەوەی (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق) بڕیاردا کە هەڵبژاردنەکانی (2018/5/12) بەشێوەی ئەلیکترۆنی بێت، ئەم هەنگاوەش لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بەرزنرخێندراو پێیان وابوو بەم هەنگاوە ڕێگری لەئەنجامدانی تەزویر دەکرێت، تەنانەت لەهەرێمی کوردستانیشدا سەرجەم پارتە سیاسیەکان (هەڵبژاردنی ئەلکترۆنی)ان بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ باسکردو بە دەنگدەرانی خۆیانیان ڕاگەیاند کە لەم هەڵبژاردنەدا ڕێگا لە تەزویرو ساختەکاری دەگیرێت.

ڕۆژی (14)ی نیسان هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە عێراق دەستیپێکردو لە هەرێمی کوردستانیش ڕۆژی (15) ی نیسان هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستیپێکرد.

## دووەم: کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە:

1. ڕۆژی (2018/5/12) هەڵبژاردنەکان بۆ خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدران.
2. لەم هەڵبژاردنەدا (7014) ژن و پیاو خۆیان کاندید کرد.
3. (204) پارتی سیاسی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد.
4. (103) پارتی سیاسی هاوپەیمانێتیان پێکهێنا.

5. (61) پارتی سیاسی بەجیا بەشداری پرۆسەکەیان کرد.
6. لە پارێزگای سلێمانیش (211) کاندید لە (12) لیست بەشداری هەڵبژاردنەکە بوون و (1.380.924)هاووڵاتیش مافی دەنگدانیان هەبوو.

## سێیەم: راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان:

1. لە بەرواری (2018/5/19)دا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان راگەیەنرا.
2. پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، دەنگی نارەزایی لەلایەن ژمارەیەک لە پارتی سیاسیەکان بەرزبوویەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان رەتکردەوە، و ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە لە هەڵبژاردنەکاندا تەزویرو ساختەکاریەکی زۆرکراوە.
3. لە هەرێمی کوردستانیشدا بەهەمان شێوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ژمارەیەک لە پارتی سیاسی و چاودێری هەڵبژاردنەوە رەتکرایەوەو پارتە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆنەکانیش هەریەك بەجۆرێك نارەزایی خۆیان لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەردەبرِی.
4. شەپۆلی نارەزایەتیەکان هێندە زۆربوون بەشێوەیەك (کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان) لە (2018/5/31)دا ناچارکرا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی دەنگدان لە هەندێك وێستگەی دەنگداندا.
5. لە (2018/6/6)دا (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/خولی سێیەم) دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجامدا سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو بریاریاندا دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان بۆ هەندێك

لە سندوقەکانی دەنگ بکرێت لە ژێر چاودێری دادوەرەکان کە (ئەنجومەنی باڵای دادوەری) دەستنیشانیکردن.

6. لە (2018/7/1)دا ژماردنەوەی دەستی دەنگەکان دەستیپێکرد.

7. لە (2018/8/6)دا کۆمسیۆن کۆتایی هێنا بەژماردنەوەی دەستی دەنگەکان.

8. پاش ژماردنەوەی دەستی دەنگەکان گۆڕانکاریەکی زەق لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەبوو، بەڵکو تەنها هەندێك گۆڕانکاریکران، وەک گۆڕینی (11) کاندید لە هەمان پارێزگاو هەمان پارت یان هاوپەیمانی و گۆڕانکاری لە کاندیدە دەرچووەکاندا کرا بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانیو لەلیستی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا بەپێی ئەنجامی جیاکردنەوەی ئەلکترۆنی دەنگەکان (عمر خدر خدر محەمەد) وەك کاندیدی سەرکەوتوو ناوی هاتبوو، بەڵام پاش جیاکردنەوەی دەستی دەنگەکان (دانا محمەد جەزا عەلی) بوو بە کاندیدی سەرکەوتووی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی.

## خشتەی ژمارە (15)
## ئەنجامی ژماردنی ئەلکترۆنی و ژماردنی دەستی دەنگەکان لەسەر ئاستی هەرێم

| لایەنی سیاسی | ئەنجامی ژماردنی ئەلکترۆنی: کۆی دەنگەکان | ئەنجامی ژماردنی ئەلکترۆنی: ژ.کورسی | ئەنجامی ژماردنی دەستی: کۆی دەنگەکان | ئەنجامی ژماردنی دەستی: ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 873.645 | 25 | 874.147 | 25 |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 619.694 | 18 | 606.287 | 18 |
| گۆڕان | 201.684 | 5 | 199.611 | 5 |
| نەوەی نوێ | 185.260 | 3 | 185.208 | 4 |
| هاوپەیمانی بۆ دیموکراسیو دادپەروەری | 123.184 | 2 | 122.753 | 2 |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 92.245 | 2 | 91.975 | 2 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 104.257 | 2 | 104.147 | 2 |

لەم خشتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبوو لەسەر دەنگی لایەنە سایسیەکانو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆش لە ژمارەی کورسیەکاندا نەبوو جگەلە ژمارەی کورسیەکانی (جولانەوەی نەوەی نوێ) کە لەژماردنی ئەلکترۆنی دەنگەکاندا (3) کورسی بەدەستهێنابوو، بەلام پاش ژماردنەوەی دەستی دەنگەکان، ژمارەی کورسیەکانیان زیادیکرد بۆ (4) کورسی.

ژماردنەوەی دەستی دەنگەکان نەیتوانی لایەنە سیاسیە ناڕازییەکان ڕازی بکات، ڕاگەیاندنی ئەنجامی ژماردنەوەی دەستی دەنگەکانیش کەوتە بەر شالاوی ڕەخنەوە، بەلام لە کۆتاییدا پارتە سیاسیە

بەشداربووەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان قبوڵکردو بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراقیان کرد.

## چوارەم: هاووڵاتیان و بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا:

دەتوانین بڵێین ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لاوازترین ڕێژەو ژمارەی هەبوو لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەدوای ساڵی (2005)ەوە، بەپێ ڕاگەیاندنی کۆمسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێژەی (%44.52)

ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردو هەر زووش لایەنە سیاسیەکان داوایان لە هاووڵاتیان دەکرد بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدانو بەشداری پرۆسەکە بکەن، بەڵام ئەم بانگەوازە دادی لایەنە سیاسیەکانی نەداو ڕێژەیەکی کەم لە هاووڵاتیان بەشداریانکرد.

**خشتەی ژمارە (16)**

**ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنخومەنی نوێنەرانی عێراقدا**




| سال | ڕێژەی بەشداری |
|---|---|
| 2006 | 79% |
| 2010 | %62.4 |
| 2014 | %60 |
| 2018 | %44.52 |

ئەم خشتەیە پیمان دەڵێت کە متمانەی هاووڵاتیان بە هەڵبژاردنەکان خول لەدوای خول کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاووڵاتیان لەدوای هەر هەڵبژاردنێك دۆخی ژیانیان بەرەو خراپتر چووە بۆیە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بە گرنگ نابینن.

## نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

پاش راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان، پارێزگای سلێمانی کە (18) کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا هەیە، بەم شێوەیە دابەشبوون بەسەر لایەنە سیاسیەکاندا:

### خشتەی ژمارە (11)

| ژ | فراکسیۆن | ژ.کورسی |
|---|---|---|
| .1 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 8 |
| .2 | بزوتنەوەی گۆڕان | 4 |
| .3 | ئایندە | 1 |
| .4 | جولانەوەی نەوەی نوێ | 1 |
| .5 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 1 |
| .6 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 1 |
| .7 | هاوپەیمانی بۆ دیموکراسیو دادپەروەری | 1 |
| .8 | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 1 |

# خوێندنەوەیەکی هەڵسەنگاندنانە بۆ ساڵی یەکەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق

## پێوەرەکانی هەڵسەنگدان:

گەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێکی دروستو بێلایەنانە بکەین، بێگومان گرنگە بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندن چەند پێوەرێك دیاریبکرێت.

ئەو پێوەرانەش کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) گرتوونیەتە بەر بۆ هەڵسەنگاندنی نوێنەرانی سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بریتین لە:

یەکەم/ بەرنامەی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسیەکان کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بۆ دەنگدەرانیان خستووەتەڕوو.

دووەم/ رادەی ئامادەبوونی نوێنەران لە نوسینگەکانی (سلێمانی)و (هەڵەبجە)ی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا، چونکە ئامانج لە کردنەوەی ئەو نوسینگانە کاراکردنی رۆڵی چاودێری و نوێنەرایەتیانەو نزکبوونەوەی نێوانە هاووڵاتیانو نوێنەرانە.

سێیەم/ برگەی (شەشەم) لە یاسای (ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی) ژمارە (13)ی ساڵی (2018)، کە دەڵێت: (پەیوەندیکردن لە گەڵ هاووڵاتیانی ناو بازنەی هەڵبژاردنەکەی و گەیاندنی پێداویستیەکانیان بە ئەنجومەن).

چوارەم/ ئەرکەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە لە ماددەی (61)ی دەستوری عێراقدا دیاریکراون.

## چەند تێبینیەک:

1. بەپێویستی دەزانی پێش ئاماژەدان بە هەڵسەنگاندنی ساڵی یەکەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەرکو دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و رۆڵ و گرنگی نوسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکاندا بخەینەروو، تا بتوانین لەو رووەوە بەشێك لە هەڵسەنگاندنەکە بکەین.
2. بەشێکی دیکەی هەڵسەنگاندنەکە بە گەرانەوە بووە بۆ (بەرنامەی هەڵبژاردن)ی لایەنە سیاسیەکان.
3. بێگومان ئێستا زووە بۆ هەڵسەنگاندنی گشتی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەران) چونکە هێشتا لەماوەی چوار ساڵی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا تەنها ساڵێکیان بەرێکردووە، ئەو بەرنامەیەی ئەوانیش لە کاتی بانگەشەدا بلاویانکردۆتەوە بریارە لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێی بکەن.

**یەکەم:** ***ئەرکەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق***

مادەدەی (61) لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا بەم شێوەیە ئەرکەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)ی دیاریکردووە: کە بریتین لە شەش ئەرکی سەرەکی و لە میانی هەرخولێکدا دەبێت ئەنجومەن بەو کارانە هەستێت، ئەرکەکانیش بریتین لە: (1.یاسادانان - 2. چاودێریکردنی حکومەتو دەزگاسەربەخۆکان – 3. پەسەندکردنی بودجەو چاودێریکردنی – 4. رەزامەندی دەربرین لەسەر راگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی بەزۆرینەی دوو لە سەر سێ و

لە سەر داوای هاوبەشی سەرۆك كۆمارو سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، پەسەندكردنی رێكەوتنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان – 7. هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمارو دوو جێگرەكەیو بەخشینی متمانە بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەكانو پەسەندكردنی دامەزراندنی كارمەندانی باڵای وڵاتو خاوەن پلە تایبەتەكان).

## دووەم: نوسینگەكانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاكاندا

(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە سەرجەم پارێزگاكانی عێراقدا نوسینگەی تایبەتی كردۆتەوە ، بەمەبەستی چالاك كردنی رۆڵی نوێنەرایەتی و چاودێری و نزیككردنەوەی گەل و ئەنجومەنی نوێنەران تا گەرەنتی دەربڕین و رای ئازاد بكات، بۆ فراوانتركردنی بەشداری هاووڵاتی و بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری دەنگدەر بە شێوەیەك متمانە زیاتر دروستبكات لەنێوان دەنگدەر ونوێنەر دا.

پەیامی ئەم نوسینگانە بریتیە لە: پەیوەندی بەردەوامی نێوان هاووڵاتی و ئەنجومەنی نوێنەران.

**ئامانج لە كردنەوەی ئەم نوسینگانە:**

**یەكەم:** چالاكردنی رۆڵی نوێنەرو وچاودێر بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

**دووەم:** نزیكردنەوەی گەل و پەرلەمان.

**سێیەم:** دروستكردن و پتەوكردنی متمانەی نێوان دەنگدەرو نوێنەر.

## سێیەم: پوختەیەک لە بەرنامەی هەڵبژاردنی قەوارەو پارتە سیاسەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**<u>بەرنامەی هەڵبژاردن</u>:** پلانی کاری قەوارە یان پارتێك یان کاندیدێکی هەڵبژاردنە بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستنی ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدات دوای دەرچوونی لەهەڵبژاردنەکە.

بەشێوەیەکی گشتی پوختەی بەرنامەی هەڵبژاردنی قەوارەو پارتە سیاسەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بریتیبووە لە: (چاکسازیکردن لە سێکتەرەکانی کارگێڕی، ئابوری، تەندروستی، ژینگە، پەروەردە، خوێندنی باڵا، گەنجان، ژنان، شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئاینی، وەرزش، کۆمەڵایەتی) هەروەها (چاکسازی لە دامەزراوەی فیدراڵی و لامەرکەزیەت، چارەسەرکردنی دۆزی سامانی نیشتمانی، بەگژداچونەوەی گەندەڵی، جێبەجێکردنی مادەی (140)، دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتحادی..... هتد.)

# خوێندنەوەیەکی هەڵسەنگاندنانە بۆ ساڵی یەکەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق

لێرەدا بەچەند خاڵێك هەڵسەنگاندن و سەرنج و تێبینیەکان بۆ ساڵی یەکەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق) دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بتوانن لەماوەی ساڵانی داهاتووی تەمەنی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا هەڵسەنگاندنەکە بەهەند وەربگرن:

**<u>یەکەم/</u>** نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی وەك پێویست ئامادە نەبوون لە نوسینگەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە (سلێمانیو هەڵەبجە)، لەکاتێکدا ئامانجی ئەم نوسینگانە بریتیە لە (چالاککردنی رۆڵی نوێنەرو چاودێری بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، نزیکردنەوەی گەل و پەرلەمان، دروستکردن و پتەوکردنی متمانەی نێوان دەنگدەر ونوێنەر).

بەلاَم کاتێك سەیری خشتەی ئامادەبوونی نوێنەران بۆ ئەو نوسینگانە دەکەین، دەردەکەوێت ئامادەبوونیان لەو نوسینگانە وەك پێویست نییە.

دووەم/ لە ماوەی ئەمساڵدا بەشێك لە هەوڵەکان بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە بووە:

1. دابینکردنی برە پارەیەك بۆ هەریەکە لە (پارێزگای هەڵەبجە)و قەزاکانی (سەید صادق)و (رانیە)و (قەلادزی)، بەلاَم (**تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە**) هێشتا ئەو برە پارانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابیننەکراون.

2. هەوڵدرا بۆ هاوتاکردنی نرخی سوتەمەنی پارێزگاکانی هەرێم وەك هەمان نرخی سوتەمەنی عێراق، یان کردنەوەی بەنزینخانەی حکومی لە پارێزگاکانی هەرێم. بەهەمان شێوە (**تاکاتی ئامادەکرنی ئەم راپۆرتە**) هێشتا ئەو هەوڵانەش ئەنجامێکی دڵخۆشکەریان بۆ هاووڵاتیان نییە.

3. هەوڵدرا بۆ خەرجکردنی شایستەداراییەکانی جوتیارانی هەرێم (**تاکاتی ئامادەکرنی ئەم راپۆرتە**)هێشتا شایستە داراییەکان خەرج نەکراون..

4. هەوڵەکان بۆ بە پارێزگا بوونی (هەڵەبجە) هێشتا لە ئاست خواستی دانیشتوانی پارێزگاکە نین.

5. هەوڵدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمو دابەشنەکردنی لە کاتی خۆیدا (**تاکاتی ئامادەکرنی ئەم راپۆرتە**) هێشتا مووچەخۆرانی هەرێم مووچەی سێ مانگیان وەرنەگرتووە.

6. (**تاکاتی ئامادەکرنی ئەم راپۆرتە**) هەوڵەکان بۆ دابینکردنو دابەشکردنی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان هیچ ئەنجامێکیان نییە، لەلەکاتێکدا ئەو نەوتە حکومەتی ناوەندی دەینێرێت.

<u>**سێیەم/**</u> سەرجەم نوێنەرانی کورد لە گفتوگۆی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2019)دا وەك یەك تیم کاریان کردو ئەنجامەکەشی لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان کۆتاییهات.

<u>**چوارەم/**</u> نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئامادەیی زۆر باشیان هەبووەو موداخەلەی گرنگیان

کـــردووە، بەتـــایبەت لە بابەتەکـــانی تـــایبەت بە (بـــودجەو مـــووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، گەنمی جوتیاران، پێشمەرگە)دا.

**پێـنجەم/** نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی لە کۆبوونەوەکـانی لیـژنە هەمیشـەییەکاندا، ئامـادەیی باشـیان هەبـووەو مـوداخەلەی گرنگیـان کردووە.

هاوکـات نـوێنەرانی پاریزگـای سـلێمانی لە (ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێراق)دا چەند کۆسپو ڕێگریەکیان لە بەردەمدا بووە، لەوانەش:

1. پەیوەنـدی نێوان حکـومەتی هەرێمو حکـومەتی فیـدراڵی لە ئاسـتی پێویســتدا نەبــووەو بەتەواوەتــی نێوانیــان ئاســایی نەبــووەتەوە، ئەمەش کارەکانی نوێنەران لە بەغداد قورستر دەکات.
2. سەرکردایەتی سیاسی کورد یەك هەڵوێست نەبووەو لە نێوان لایەنە سیاســـیەکاندا، نـــاکۆکیەکی زۆر بەدیـــدەکرێت لە ســـەر چەنـــد پرسـێکی پەیوەسـت بە پەیوەنـدی نێوان حکـومەتی هەرێمو حکـومەتی فیدراڵی.
3. نەبــوونی پەیوەنــدییەکی پــتەو لەســەر ئاســتی بــاڵای حکــومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردیەکاندا.
4. زاڵبوونی هەژموونی حیزب بەسەر نوێنەرەکاندا.

# راو سەرنجی بەشێك لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەسەر پرۆژەی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی)

- **د. جوان ئیحسان فەوزی/** ئەو پرۆژەیە گرنگە بەتایبەت ئەگەر کار بۆ ناساندنی دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بکەن بۆ هاووڵاتیانو پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و نوێنەرانیان پتەوبکەن و پرۆسەی هەڵسەنگاندنیش پێوەری تایبەت بەخۆی هەیەو پێویستە ئەم پرۆژەیەش پێوەری دیاریکراو هەبێت.
- **د. یوسف محەممەد/** لەگەڵ چاودێری و شەفافیەتو دەوڵەمەندکردنی هاووڵاتیانین بەزانیاری.
- **د. بەهار مەحمود/** پرۆژەکە جێگەی دەستخۆشیە بەوەی هەوڵ ئەدەن نێوانی هاووڵاتیان و نوێنەرانیان بەهێزتربێت...
- **ئەحمەد حاجی رەشید/** ئومێدەوارم هەرێمی کوردستانیش وەك وڵاتە پێشکەوتووەکان سوود لەو راپۆرتو لێکۆڵینەوانە ببینێت کە لەلایەن رێکخراو سەنتەرەکانەوە بەشێوەیەکی بێلایەنانە ئامادەو بڵاو دەکرێنەوە.
- **د. موسنا ئەمین/** بەدواداچوون بۆ کاری پەرلەمانتاران ئەرکە لەسەر خەڵك و میدیاو رێکخراوەکان.
- **دانا جزا عەلی/** لەگەڵ ئەوەدایین هەڵسەنگاندن بۆ پەرلەمانتاران بکرێتو هاوکارو پشتیوانی پرۆژەکە دەبین.
- **سەرکەوت شەمسەدین/** بەبێ چاودێریکردنی پەرلەمانو هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پەرلەمانتارانو فراکسیۆنەکان، رەنگە

خەڵــــك وەك پێویســــت نەتوانێــــت هەڵســــەنگاندن لە نێــــوان پەرلەمانتارێکی چالاكو پەرلەمانتارێکی ناچالاکدا بکات.

- **د. ڕێبــــــوار کەریــــــم/** زۆر لەگەڵ ئەوەدام چـــاودێریو هەڵســــەنگاندن بـــۆ ئەدای ئەنـــدامانی نـــوێنەران بکرێـــتو هەر کەمتەرخەمیەکمان هەبوو ڕاستەوخۆ ئاگادار بکرێنەوە... لە ماوەی رابــردوودا هاووڵاتیــان گرفتیــان هەبــووە لەگەڵ نوێنەرەکانیانــدا، ئەویــش بەهــۆی نەبــوونی نێوەنــد (وســیط)ێك لەنێــوان ئەنــدامانو هاووڵاتیاندا.
- **حەســەن ئــاڵی/** پێویســتە هاووڵاتیــان و دەنگــدەر ئاشــنابن بە هەوڵو ئەدای ئێمەی پەرلەمانتاران چونکە ئێمە بۆخزمەتی هاووڵاتیان چووینەتە ئەو جێگایە.
- **بڵێسە جەبار:** گرنگە لە نێوان هاووڵاتیان و نوێنەرەکانیاندا، نێوەند (وسیط)ێك هەبێت.

# چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

# لە

# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

(2019/9/30 – 2018/9/1)

بە شێوەیەکی گشتی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی رابردوودا چەند جۆرێکن کە بریتین لە:

یەکەم/ ئامادەبوون لە نوسینگەی (سلێمانی)و (هەڵەبجە)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

دووەم/ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان.

سێیەم/ سەردانکردنی فەرمانگەو دامودەزگا گشتیەکان لە پارێزگای سلێمانی.

چوارەم/ سەردانکردنی فەرمانگەو دامودەزگا گشتیەکان لە بەغداد بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتی هاووڵاتیان.

پێنجەم/ بەشداریکردن لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکان و کۆبوونەو لەگەڵ چین و توێژەکانی پارێزگای سلێمانی.

# یەکەم: سەردانکردنی نوسینگەی سلێمانی و هەڵەبجە
(2019/9/30 – 2018/9/1)

## خشتەی ژمارە (12)

| ز | نوێنەر | نوسینگەی سلێمانی | نوسینگەی هەڵەبجە |
|---|---|---|---|
| .1 | دانا محەمەدجەزا | 15 | 1 |
| .2 | د. بەهار مەحمود | 14 | 0 |
| .3 | د. ریبوار کەریم | 14 | 1 |
| .4 | هۆشیار عەبدولا | 10 | 0 |
| .5 | د. غالب محەمەد | 8 | 0 |
| .6 | د. موسەنا ئەمین | 7 | 3 |
| .7 | سەرکەوت شەمسەدین | 6 | 1 |
| .8 | د. یوسف محمد | 4 | 2 |
| .9 | د. جوان ئیحسان | 3 | 2 |
| .10 | شیروان میرزا قادر | 3 | 0 |
| .11 | یسری رجب کمر | 3 | 0 |
| .12 | حەسەن ئاڵی ئەحمەد | 3 | 0 |
| .13 | ئەحمەد حەمە رەشید | 2 | 1 |
| .14 | بڵێسە عبدالجبار فەرمان | 1 | 0 |
| .15 | ئارەزو مەحمود خدر | 1 | 0 |
| | کۆی گشتی | 94 | 11 |

## دووەم: چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## (2019/9/30 – 2018/9/1)

**تێبینی:**

1. کۆی ئەو چالاکیانە بڵاوکراوەنەتەوە کە گەیشتونەتە تیمی پرۆژەو پێش بڵاوکردنەوەشیان نێردراون بۆ نوێنەران، هەتا ئەگەر هەر تێبینی و راوسەرنجێکیان هەبوو لەسەریان پێشوەخت کاری لەسەر بکرێت.
2. لەم بەشەدا ئەو چالاکییانە بڵاوکراوەتەوە کە لە بەرواری (2018/9/1) بۆ (2019/9/30) ئەنجامدراون و گەیشتونەتە تیمی پرۆژە.
3. لە لیستی چالاکییەکاندا، تەنها ئەوچالاکییانە بڵاوکراوەتەوە کە وەك (ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران) ئەنجامدروان، واتە چالاکی (حیزبی و کەسی، ئامادەبوون لە بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتیەکان) بڵاونەکراوەتەوە.
4. بە بێئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکیاندا هاتبێت، دارشتنەوەی زمانەوانی بۆ چالاکییەکان کراوەتەوە.
5. ریزبەندی چالاکییەکان بە گوێرەی ژمارەی چالاکییەکانە.
6. لەم بەشەدا لەکۆی چالاکی (18) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەاندا، تەنها چالاکی (15) نوێنەر بڵاوکراوەتەوە لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم/ پاش ئەوەی چەندینجار هەوڵماندا پەیوەندی بە بەڕێز(د. جوان ئیحسان) بکەین بۆ وەرگرتنی چالاکییەکان، بەڵام پەیوەندییەکان بەردەستنەبوون، بۆیە چالاکیەکانی بڵاو نەکراوەتەوە.

دووەم/ سەبارەت بە چالاکییەکانی بەڕێز (بەختیار شاوەیس) ناوبراو لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ویستمان وەك هەر نوێنەرێکی دیکەی پارێزگای سلێمانی سەردانیبکەین، بەڵام ئامادەنەبوو سەردانیبکەین‌و پرۆژەکەی پێ بناسێنین، پاش ئەوەی لەسەر داوای خۆی لەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە پرۆژەکەمان پێناساند، ناوبراو پرۆژەکەی پەسەند نەکردو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو پێویستی بەوە نییە.

سێیەم/ هەریەکە لە بەڕێزان (میران محەمەد عەباس و تەهاحەمەد ئەمین)، ئەوانیش لەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە پرۆژەکەمان پێناساندن‌و پرۆژەکەیان بەلاوە پەسەندبوو، بەڵام بڕیاری کۆتاییان نەدا لە بەشداربوون لە چالاکییەکانی پرۆژەکەدا لە نێوان (مانگی کانوونی دووەمی 2019 بۆ کۆتایی مانگی حوزەیرانی 2019) لە هەوڵدابووین بۆ ئەوەی سەردانیان بکەین، بەڵام ئامادەنەبوون کاتێک بۆ تیمی پرۆژە دیارییبکەن بۆ سەردانکردنیان.



**ناوی ئەندام:** ئەحمەد حەمەرەشید ئەحمەد
**فراکسیۆن:** کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
**لیژنە:** دارایی
**کۆی چالاکی کە گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 42

## خشتەی ژمارە (13)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1. | 2018/11/10 | بەمەبەستی زانینی پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا، ئاڕاستەکردنی نوسراوێك بۆ وەزارەتی پلاندانانی عێراق، تیایدا داوای ڕێژەی دانیشتوانی عێراق کراوە. |
| 2. | 2018/11/11 | بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ گفتوگۆی بودجە، لە هۆڵی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغداد پێشکەشکردنی بابەتێك تایبەت بە بودجە بۆ فراکسیۆنە کوردستانیەکان. |
| 3. | 2018/11/11 | کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی وەزارەتی دارایی هەرێم کە سەردانی بەغدادیان کرد بەمەستی بەشداری لە تاوتوێکردنی پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان سەرەتا شاندەکە لە گەڵ ئەندامانی کوردی لیژنەی دارایی دانیشتین. |
| 4. | 2019/1/14 | هەریەکە لە ئەندامە کوردەکانی لیژنەی دارایی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەئامادەبوونی وەزیری دارایی و هەریەکە لە بریکاری وەزارەتی پلان و بەڕێوەبەری دانانی بوجەی ئیتیحادی. |
| 5. | 2019/1/16 | وەك لیژنەی دارایی پێشوازیکرا لە (مام فارس)، بە هاوریێیەتی پارێزەری خۆبەخش کە بە مەبەستی بە دواداچونی مافی جوتیاران هاتبوونە بەغداد. |

| | | |
|---|---|---|
| .6 | 2018/11/17 | کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی یەکە ئیدارییەکانی پشدەر و سەنگەسەر، بەمەبەستی تاوتوێکردنی زیانەکانی لافاوەکانی مانگی ئۆکتۆبەر لە سنوری پشدەرو قەرەبووکردنەوەی دانیشتووانی دەڤەرەکە. |
| .7 | 2019/2/4 | سەردانکردنی وەزارەتی نەوتی عێراق، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر بڕی بەرهەمو هەناردەو بەرکارهێنانی نەوت |
| .8 | 2019/2/12 | بەشداریکردن لە پانێلێك لە زانکۆی ئەمریکی لە سلیمانی سەبارەت بە بارودخۆی ئێستای عێراق. |
| .9 | 2019/3/6 | بەشداریکردن لە شەشەمین دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی. |
| .10 | 2019/3/14 | بەشداریکردن لە (سیمیناری ژنانی سەرکردە کە تۆڕی پەرلەمانتارانی وڵاتە عەرەبیەکان بە سەرپەرشتی نوینەری ڕێکخراو و پەرلەمانتارانی خولی ئێستاو پیشوو پێی هەستان. |
| .11 | 2019/3/18 | سەردانکردنی بانکی رافیدەین لە بەغداد، بەمەبەستی وەرگرتنی داتاوزانیاری لە سەر ئەو شوێنانەی کە سەر بە بانکی ناوبراون لە پارێزگای سلێمانیدا. |
| .12 | 2019/3/26 | بەشداریکردن لەسەر چۆنیەتی هەموارکردنی یاسای کارگێڕی دارایی لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمی و زانستیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لە زانکۆی ئەنبار ئەنجامدرابوو. |
| .13 | 2019/3/27 | سەردانکردنی (دادگای فیدراڵی عێراق)بۆ گفتوگۆکردن لەسەر (راڤەی مادەی 130 دەستور، دۆسێی نەوتی نێوان هەرێم و بەغداد). |

| | | |
|---|---|---|
| .14 | 2019/3/28 | بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی لیژنەیی دارایی)سەردانکردنی (وەزیری بازرگانیی عێراق) بە مەبەستی بە دواداچون بۆ شایستە داراییەکانی گەنمی جوتیارانی ساڵەکانی (2014،2015،2016) و هەروەها بڕی ئەو گەنمەی لە ساڵی (2019)دا وەردەگیرێت. |
| .15 | 2019/3/29 | ئاراستەکردنی یاداشتێك بەمەبەستی گەشەکردنی سیستەمی سیاسی و دیموکراسی لە ناو پەرلەمانی فیدراڵدا، پێشنیارکرابوو کە لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆدا، هەرسێ لیژنەی (دارایی و دەستپاکی و مافی مرۆڤ) بدرێتە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن یان ئەو لایەنانەی بەشداری حکومەت ناکەن، بەمەبەستی پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی و دیموکراسی. |
| 16 | 2019/3/29 | سەردانکردنی وەزارەتی (پلاندانانی عێراق)تایبەت بە وەرگرتنی زانیاری لە سەر ئاماری دانیشتوان. |
| .17 | 2019/4/6 | بەشداریکردن لە کۆنگرەی گەشەپێدان لەشاری بەغداد. |
| .18 | 2019/4/7 | بەشداریکردن لە چالاکییەکی تایبەت کە ئەنجومەنی ئابوری کە دەزگای بەخشەری نێودەوڵەتی ئەنجامی دابوو. |
| .19 | 2019/4/9 | سەردانکردنی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی سیاسی لە هەرێم و پێکهێنانی لیژنەکان. |
| .20 | 2019/4/14 | پێشکەشکردنی سوپاسو پێزانین بە دەستەی باڵای حەجو عومرە لەبەرامبەر راپەڕاندنی کارەکانیاندا |
| .21 | 2019/4/17 | پێشکەشکردنی سوپاسو پێزانین بە فەرمانگەی گشتی بانکی رافیدەین لە |

| | | |
|---|---|---|
| بەرامبەر داواکردنی زانیاریو خێرا وەڵامدانەوە. | | |
| سەردانکردنی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، سەبارەت بە وەرگرتنی داتاو زانیاری لەسەر رێکەوتنامەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیو هەرێمی کوردستان. | 2019/5/20 | .22 |
| سەردانکردنی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، تایبەت بە رێکەوتنامەکانی تایبەت بە بۆریەنەوتەکان لەگەڵ وڵاتی تورکیادا. | 2019/5/26 | .23 |
| سەردانکردنی وەزارەتی (داد)ی عێراق سەبارەت بە سەرپێچیەکانی تورکیا پەیوەست بە هەناردەی نەوت لە رێگای بەندەری جیهان. | 2019/5/26 | .24 |
| سەردانکردنی (دەستەی خانەنشینان)ی بەغداد، بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی هاووڵاتیەکی کوردو چارەسەرکردنی کێشەکەی. | 2019/5/27 | .25 |
| ئاراستەکردنی داوایەک بە حکومەتی ئیتیحادی، سەبارەت بە بابەتی هەڵگرتنی فیزای سەفەرکردن لەسەر هاووڵاتیانی (عێراق و کۆماری ئیسلامی ئیران) چونکە بریارەکە لە بەرژەوەندی (کۆماری ئیسلامی ئیران)بوو. | 2019/6/11 | .26 |
| سەردانکردنی دادگای فیدراڵی، بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (سەرکەوت شەمسەدین، هۆشیار عەبدوڵا) بەمەبەستی بەدواداچون بۆ کەیسی سکاڵای وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵ لە سەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم. | 2019/6/13 | .27 |
| سازدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەهاوبەشی لەگەڵ دوو ئەندامی دیکەی ئەنجومەن، سەبارەت بە دۆسییەی نەوت لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم. | 2019/6/19 | .28 |

| | | |
|---|---|---|
| 29. | 2019/6/20 | سەردانکردنی دیوانی چاودێری دارایی عێراق، سەبارەت بە راپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2019. |
| 30. | 2019/6/20 | سەردانکردنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوای سلیمانی بە هاوبەشی مەبەستی کردنەوەی لقی بانکەکانی رافیدەین و رەشید لە سلێمانی. |
| 31. | 2019/6/29 | هەڵبژاردنی لەلایەن هەرسێ لیژنەی (دارایی، پەیوەندیەکانی دەرەوە، نەوت و گاز) بۆ لیژنەی بەدواداچوون، بۆ ئەو زیادەڕۆییانەی لەلایەن تورکیاوە کراوە. |
| 32. | 2019/7/9 | سەردانکرنی بانکی (رافیدەین) لە بەغداد، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆسێی بانکی ناوبراو لە پارێزگای سلێمانی. |
| 33. | 2019/7/11 | بەخشینی سوپاس‌و پێزانین بۆ هەردوو بەڕێوبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی (1،2)ی سلێمانی. |
| 34. | 2019/7/15 | بەیاوەری شاندێکی بانکی رافیدەین لە بەغداد، سەردانکرنی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرێتی تۆمارگەی خانووبەرەی رۆژهەڵات و بانکی رەشیدو بازاری شاری سلێمانییان بەسەرکردەوە، بە مەبەستی بەئاگابوون و بەدواداچوونی نرخی موڵک و کەلوپەل لەپارێزگاکەدا. |
| 35. | 2019/7/20 | سەردانکردنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی چەند هاووڵاتیەك. |
| 36. | 2019/7/20 | بوون بە ئەندام لە لیژنەیەکی تایبەت بە دۆسیەی نێوان (عێراق‌و تورکیا) کە عێراق داوای (26) ملیار دۆلار قەرەبوو دەکات. |

| | | |
|---|---|---|
| .37 | 2019/7/21 | سەردانکردنی (حسین شەهرستانی) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر دۆسیێ نەوت. |
| .38 | 2019/7/24 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی لیژنەی دارایی، سەردانکردنی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە پارێزگای کەربەلا. |
| .39 | 2019/7/25 | سازدانی دیدارێك لەگەڵ کۆمەڵێك لە رۆشنبیران، تایبەت:(کێ مەرجەعی پەرلەمانتارە؟ هێزە سیاسیەکەی یان دەنگدەرەکانی یان نوخبەی فیکرو رۆشنگەری؟) |
| .40 | 2019/7/28 | بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی تایبەت بە باشکردنی ئەداو حوکمی رەشید لە عێراق، کە لەلایەن ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتیەوە سازدرابوو. |
| .41 | 2019/9/2 | بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکیکراوەی تایبەت بە (بوودجەو موچەو داهات) بەهاوبەشی لەگەڵ (شیروان میرزا) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) سازیکردبوو لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆو هەندێک لە بەرێوبەری فەرمانگەکان و فەرمانبەران وچالاکوانانی مەدنیدا. |
| .42 | 2019/9/24 | بەشداریکردن لە(کۆنگرەی پەرلەمانەکانی ئاسیاو ئەورووپا)کە لە پایتەختی کازاخستان بەرێوەچوو. |



**ناوی ئەندام:** موسەنا ئەمین نادر حسێن

**فراکسیۆن**: یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

**لیژنە:** پەیوەندییەکانی دەرەوە

**کۆی چالاکی کە گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 36

## خشتەی ژمارە (14)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| .1 | 2018/10/29 | بەشداریکردن لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی (سەلاحەدینی ئەیوبی) کە بە سەرپەرشتی کۆڕبەندی جیهانیی میانڕەویی سازکرابوو. |
| .2 | 2018/11/5 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنە کوردییەکان و بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی موچەو ئیمتیازاتی شەهیدان و زیندانیيە سیاسیەکانی هەرێم و هاوتاکردنی لەگەڵ موچەو دەستکەوتەکانی حکومەتی فیدراڵ سەردانکردنی هەر یەکە لە (سەرۆکی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکان، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، وەزیری دارایی عێراق). |
| .3 | 2018/11/9 | سەردانکردنی سەرۆك کۆماری عێراق بۆ گفتوگۆکردن لە سەر چەند تەوەرێک. |

| | | |
|---|---|---|
| 4. | 20-<br>2018/11/23 | لە سەرداوای سەرۆك كۆماری عێراق سەردانكردنی ئیتالیا كرا، بەمەبستی ئامادەبوون لە مەراسیمی كردنەوەی (كۆنگرەی دیالۆگی میانڕەوی)و پاشانیش زەنجیرەیەك دیدار ئەنجامدرا لەگەڵ (پاپای ڤاتیكان، سەرۆك وەزیرانی ڤاتیكان، باڵویزخانەی عێراق لە ڤاتیكان). |
| 5. | 2019/1/3 | لە نوسینگەی هەڵبجەی ئەنجومەنی نوێنەران، هاوڕێ لەگەڵ نوێنەری بەشێك لە فراكسیۆنە كوردستانییەكانی دیكە، كۆبوونەوە لەگەڵ كۆمەڵەی قوربانیانی هەڵبجە و نوێنەری كەسوكاری ونبوانی كارەساتی كیمیاباران. |
| 6. | 2019/1/12 | بەشداریكردن لە گفتوگۆی لیژنەی دارایی و دانیشتن لەگەڵ سەرۆكی دەزگای شەهیدانی عێراق و سەرۆكی دەزگای زیندانییە سیاسییەكان. |

| | | |
|---|---|---|
| .7 | 2019/1/13 | گفتوگۆکردن لە گەڵ وەزیری نوێی خوێندنی باڵای عێراقی لەسەر: (پرسی دانپێدانانی زانکۆ ئەهلییەکانی کوردستان. - ڕێکخستنەوەو یەکخستنی مەرج و ڕێنماییەکانی هاوتاکردنی بڕوانامەکان. - یەکخستنی لیستی زانکۆ دانپێدانراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش لە بواری پزیشکی. - بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆ ئەهلییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان لە دەرەوە دادپەروەرانە لە دابەشکردنی (منحە)و کورسی خوێندن). |
| .8 | 2019/1/17 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەک لە بەغداد کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق میوانداری وەزیری دەرەوەی ئێرانی کردبوو، داواکرا کێشەی (بەنداوەکانی عێراق و هەرێم چارەسەر بکرێن، ئێران چارەنوسی مندالە ونبووەکانی هەڵەبجە دیاریبکات). |
| .9 | 2019/1/21 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هاوبەشی شەش فراکسیۆنی کوردی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| .10 | 2019/1/22 | لەگەڵ ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی کورد، بەشداریکرا لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق بۆ پرسی هەڵەبجەو پرسی تەواوکردنی بەپارێزگاکردنی ئەو شارەو خزمەتگوزاریەکان و پرسی منداڵە ونبووەکان بریندارا ن و پرسی قەرەبووکردنەوە. |
| .11 | 2019/1/27 | لەسەر بانگهێشتی رێکخراوی (شواهد) بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەشداریکردن لە سیمینارێکی تایبەت بە تاوانەکانی رژێمی بەعس وەك شایەتحاڵ و رزگاربوویەکی کۆمەڵکوژییە کیمیاوییەکەی بەعس. |
| .12 | 2019/2/4 | بەشداریکردن لە دیدارێک لە شاری (لەندەن) ئەنجامدرابوو. |
| .13 | 2019/2/22 | پێشوازیکردن لە ژمارەیەك لە زیندانییە سیاسییەکان بۆ تاوتوێکردنی پرسی ماف و ئیمتیازاتەکانی ئەو توێژەو چۆنیەتی خزمەتکردنیان و هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتەکانیان لەگەڵ هەمان توێژی حکومەتی عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| .14 | 2019/3/4 | سەردانکردنی پارێزگای هەڵەبجەو کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگارو بەرپرسانی ئیداری پارێزگاکەو ستافی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە. |
| .15 | 2019/3/13 | بەشداریکردن لە (کۆنگرەی یەکێتی و ئەنجومەنەکانی وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی هاوکاری ئیسلامی)، لە (ربات)ی پایتەختی وڵاتی مەغریب، پێشکەشکردنی وتەیەك و تیایدا داوا لە وڵاتانی دراوسێ کرا کە دەستوەرنەدە کاروباری عێراق، بەتایبەت هەردوو وڵاتی (ئێرانو تورکیا). |
| .16 | 2019/3/16 | بەشداریکردن لە پانێلێک لە زانکۆی هەڵەبجە لەگەڵ سەرۆکی دەزگای زیندانییە سیاسیەکانی عێراق و سەرۆکی دەزگای شەهیدانی عێراق. |
| .17 | 2019/3/16 | وەک ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشوازیکردن لە رێکخراوی پزیشکانی بێسنور. |
| .18 | 2019/3/31 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، سەردانکردنی (قەزای سیدصادق)و ئەنجامدانی کۆبونەوەیەک بەمەبەستی کارکردن بۆ پرسی قەرەبووکردنەوەو تەرخانکردنی بودجەی شارەکەو چارەسەری کێشەی جوتیارانی شارەزووروو ناوچەکە. |

| | | |
|---|---|---|
| .19 | 2019/4/7 | سەردانکردنی سەرۆک کۆماری عێراق بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر مافی جوتیارانی هەرێم. |
| .20 | 2019/4/17 | پێشوازیکردن لە جوتیارانی هەرێم کە سەردانی بەغدادیان کردبوو. |
| .21 | 2019/4/21 | بەشداریکردن لە خولێکی راهێنان لە سلێمانی کە رێکخراوی (NDI) بۆ زیاتر لە (25) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامی دابوو، تایبەت بە دانانی پلانی ستراتیجی بوو بۆ پەرلەمانتارانی عێراق. |
| .22 | 2019/4/21 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا، پێشوازیکردن لە نوێنەرانی ژمارەیەک فەرمانبەری گرێبەستی هەڵوەشاوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی سلێمانی. |

| | | |
|---|---|---|
| .23 | 2019/4/23 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بانگهێشتکردنی لقی سلێمانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ لێپێچینەوە لە دۆسیەی نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمسیۆن بۆ بنکەکانی بایۆمەتری و بڕیاردرا لە بەغداوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت و بەدواداچونی زیاتر بکرێت. |
| ..24 | 2019/4/30 | کۆبوونە لەگەڵ کەسوکارو نوێنەرانی ئەنفالکراوان لە نوسینگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، تایبەت بە بابەتی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووەکان. |
| .25 | 2019/5/1 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، لە نوسینگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ باسکردن لە (چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی بەعەرەبکردنەوەی ناوچەکانی ماددەی (140)و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ڕژێمی پێشوو سەبارەت بەو ناوچانەو ڕێگەنەدان بەهەڵوەشاندنەوەی (هیئة دعاوى الملكية). |

| | | |
|---|---|---|
| .26 | 2019/5/25 | دوای ئەوەی کارمەنـدانی گرێبەسـتی کۆمسیۆن گرفت لە هاتنەوەی ناوەکانیاندا هەبوو، چەند ناوێکیان لابرابوو، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێك لە (بزوتنەوەی گۆران و نەوەی نوێ) توانرا کێشەکەیان بۆ چارەسەربکرێت. |
| .27 | 2019/4/30 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ کەسوکارو نوێنەرانی ئەنفالکراوان، بۆ بابەتی قەرەبوو کردنەوەی زیانلێکەوتووان. |
| .28 | 2019/5/7 | ئاراستەکردنی نوسراوێک بە وەزارەتی (دەرەوەی عێراق) بەمەبەستی کردنەوەی نوسینگەیەک لە هەرێم بۆ کارئاسانکردنی ئەو هاوولاتیانەی هەرێم کە پەیوەندییان بە وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی عێراقییەوە هەیە، وەلامی وەزارەتی دەرەوە بە نوسراوی ژمارە (م.ج/851/22) لە (2019/5/7) بڕیاردرا نوسینگەیەک لە سلێمانی بۆ ئەو مەبەستە بکرێتەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| .29 | 2019/7/30 | پاش ئەوەی ئەفسەرێك داوای لەكوردێكی خاوەن ئەنفال كردووە ئاڵای كوردستان لە ملی بكاتەوە، داوای بەسزا گەیاندنی ئەفسەرەكەكرا، لە بەرامبەردا بەهۆی جوڵاندنی كەیسەكەوە سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران، لیژنەی ئاسایشی و بەرگری پەرلمانی عێراقیان بۆ لێكۆڵینەوە لەو ئەفسەرەی شاری سەماوە ڕاسپارد. پاشان (پارێزگاری موسەننا) داوای لێبوردنی لە هەموو گەلی كورد كرد و ئەفسەرەكەش لەكارەكەی خۆی دوورخرایەوە. |
| .30 | 2019/8/4 | كۆبوونەوە لەگەڵ كۆمەڵێك لە خانمانی چالاكوان و ڕێكخراوی كۆمەڵی مەدەنی و هاوڵاتییان، سەبارەت بە ناسەقامگیری و بێ خزمەتی شەنگال و دۆخی ژنان و منداڵانی ڕزگاربووی ئێزدی ژێر دەستی داعش. |
| .31 | 2019/8/6 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیكردن لە نوێنەرانی (نوسینگەكانی شۆفێری سلێمانی). |

| | | |
|---|---|---|
| .32 | | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیکردن لە شاندێکی کەمپی ئاوارەکانی مەخموور کە تایبەتە بە کوردانی باکور بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لە رووی مرۆییەوە لە کەمپەکەدا بۆیان دروستبووە. |
| .33 | 2019/9/9 | پەیوەندیکردن بە وەزیری پلاندان، سەبارەت بە سکالای کۆمەڵێك لە کۆمپانیاکانی کوردستان لە کەرکوك، کە بە بریارێکی وەزارەتی پلاندانان و پارێزگاری کەرکوك، بۆیان نەبوو لە پرۆسەی تەندەریندا بەشداری بکەن.<br>نوسراوی ژمارە (21870/5/4)ی وەزارەتی پلاندانان لە (2019/9/9)دا چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو رێگەدان بە کۆمپانیاکانی کوردستان لە پرۆسەی تەندەریندا. |
| .34 | 2019/8/18 | پێشوازیکردن لە لقی سلێمانی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان. |
| .35 | 2019/9/19 | بەهاوبەشی لەگەڵ پەرلەمانتارانی کەرکوك سەردانکردنی وەزیری (پلاندانانی عێراق). |
| .36 | 2019/9/25 | سەردانکردنی وەزیری دادی عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەندێك کێشەو داواکاری هاووڵاتیان. |



**ناوی ئەندام:** شیروان میرزا قادر حەملان

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

**لیژنە:** دارایی

**کۆی چالاکی کە گەیشتونەتە تیمی پڕۆژە:** 31

## خشتەی ژمارە (15)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1. | 2018/10/7 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا پێشوازیکردن لە ژمارەیەک لە کارمەندانی پێشووتری گرێبەست لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کەبەمەبەستی پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ گێڕانەوەیان بۆسەرکار بەشێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست. |
| 2. | 2018/10/6 | کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە شاری ڕانیە، بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتەکانیان. |
| 3. | 2018/11/10 | بەشداریکردن لە کۆڕبەندی پیاوانی کاری عێراقی و ئوردونی. |
| 4. | 2018/11/11 | کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی (وەزارەتی دارایی) هەرێم کە سەردانی بەغدادیان کردبوو، بەمەبەستی بەشداریکردن لە تاوتوێکردنی پشکی بودجەی هەرێمی |

| | | |
|---|---|---|
| | | کوردستان. |
| 5. | 2018/12/17 | لەگەڵ شاندێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانکردنی سعودیەو کۆبوونەوە لەگەڵ هەریەك شای سعودیەو وەزیری دەرەوەو ئەندامانی ئەنجومەنی شورای سعودیەو رەوەندی عێراقی لە سعودیە. |
| 6. | 2019/1/1 | وەک ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی راوێژکاری لایەن و کەسایەتییە مەدەنییەکان لە پێناو پتەوکردنی پایەکانی پێکەوەژیان و یەکریزی و چەسپاندنی دیموکراسییەت لە وڵاتدا. |
| 7. | 2019/1/14 | بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی لیژنەی دارایی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە گەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو بەئامادەبوونی وەزیری دارایی عێراق و هەریەک لە بریکاری وەزارەتی پلان و بەڕێوەبەری دانانی بودجەی ئیتیحادی، باس لە بودجەی ساڵی (2018) بۆ هەڵبجە کرا. |

| | | |
|---|---|---|
| 8. | 2019/1/16 | وەك لیـــــژنەی دارایـــــی پێشـــــوازیكردن لە (مـــــام فـــــارس وپـــــارێزەری خـــــۆبەخش كە بەمەبەســـــتی بەدواداچـــــونی مـــــافی جوتیاران هاتبوونە بەغداد. |
| 9. | 2019/2/7 | ســـــەردانكردنی بەڕێـــــوەبەرایەتی بەرگـــــری شارستانی ڕاپەڕین. |
| 10. | 2019/2/7 | ســـــەردانكردنی ناوەنـــــدی وەرزش و لاوانـــــی ڕانیە. |
| 11. | 2019/2/11 | ســـــەردانیكردن و بەســـــەركردنەوەی بەڕێـــــوەبەریتی ئاسایشـــــی ڕاپەڕیـــــن و یاریـــــدەدەریتی ئاسایشـــــی چوارقـــــورنە و حاجیاوا. |
| 12. | 2019/2/17 | سەردانكردنی دیوانی پەروەردەی ڕانیە. |
| 13. | 2019/2/20 | بەدواداچـــــوون بـــــۆ كێشـــــەی كرێكـــــارانی (كۆمپانیـــــای گـــــارێكس) كە مـــــاوەی (70) ڕۆژ مـــــووچە یـــــان وەرنەگرتبـــــوو، دواتـــــریش قســـــەكردن لەگەڵ بەڕێـــــوەبەری كۆمپانیـــــاكە بـــــۆ چارەســـــەركردنی كێشـــــەو گرفتـــــی كرێكارەكان. |
| 14. | 2019/1/22 | لە كۆبـــــوونەوەی لیـــــژنەی دارایـــــی تـــــوانرا بڕێـــــك پـــــارە بـــــۆ چەنـــــد نـــــاوچەیەكی هەرێـــــم لە دەرەوەی پشـــــكی هەرێـــــم لە بـــــودجەی عێـــــراق جێگیـــــر بكرێـــــت، هەر |

| | | |
|---|---|---|
| | | بە هەوڵی ئەندامە کوردەکانی لیژنەی دارایی، توانرا بڕی یەک ملیار دینار بۆ شاری ڕانیە جێگیربکرێت، لە بەشی هەڵەبجەش بڕی یەک ملیار دینار بۆ سەیدسادق جێکرایەوە، کە بڕیارە ئەو بڕە پارانە بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری خەرجبکرێن. |
| .15 | 2019/3/26 | بەشداریکردن لەسەر چۆنیەتی هەموارکردنی یاسای کارگێڕی دارایی لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمی و زانستی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لە زانکۆی ئەنبار. |
| .16 | 2019/3/28 | سەردانکردنی وەزیری بازرگانی حکومەتی عێراق بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ شایستە داراییەکانی گەنمی جوتیارانی ساڵەکانی (2014،2015، 2016) و هەروەها ئەو بڕەی لە ساڵی (2019) دا وەردەگیرێت. |
| .17 | 2019/4/8 | سەردانکردنی قائمقامیەتی قەزای دوکان لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی زیادبوونی ئاو لە بەنداوی دوکان و کاریگەرییەکانی بۆسەر بەنداوەکە و سەر و ماڵی |

| | | |
|---|---|---|
| | | هاوڵاتیان. |
| .18 | | سەردانکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە بەنداوی دوکان لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی زیادبوونی ئاو لە بەنداوی دوکان و کاریگەرییەکانی بۆسەر بەنداوەکە و سەروماڵی هاوڵاتیان و کاریگەری لەسەر سێکتەری کارەبا. |
| .19 | 2019/4/10 | بە یاوەری هەریەك لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەرین و قائیمقامی قەزای پشدەر لەگەڵ شاندێکی حکومەتی عێراق کە نوێنەری (12) وەزارەت و دەستەی حکومەتی بەغدا بوون، مەرزی (کێلێ) لە قەڵادزێ بەسەرکرایەوە و لە بەرێوەچوونی کارەکان و جموجوڵە بازرگانییەکانی ئەو سنوورە کۆڵرایەوە. |
| .20 | 2019/4/15 | سەردانکردنی ئەو جوتیارانە کە بە مەبەستی وەرگرتنی شایستە داراییەکانیان هاتبوونە بەغداد پشتگیری لەداواکانیان کرا. |
| .21 | 2019/4/16 | بەشداریکردن لە گردبوونەوەی جوتیارەکوفەدەکان لە گۆڕەپانی |

| | | |
|---|---|---|
| | | تەحریر. |
| .22 | 2019/4/16 | بەنوێنەرایەتی ئەندامانی کورد لە لیژنەی دارایی، بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی جوتیارانی هەرێم لەگەڵ جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق . |
| .23 | 2019/4/18 | بە یاوەری شاندێکی ئیدارەی راپەڕین، کە پێکهاتبوون لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەڕین و قایمقامی قەزای پشدەر و بەڕێوەبەری گومرگی راپەڕین و بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانیو ئەندامی لیژنەی دەروازە سنوورییەکان، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری سەرۆکی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق و چەند بەرپرسێکی بالای دیکە، هەروەها باس لە گرنگی بە نێودەوڵەتیکردنی مەرزی کێلێ کرا. |
| .24 | 2019/4/24 | بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە هەوڵەکانی بەجینۆسایدناساندنی تۆپبارانی شاری قەلادزێ، وەک نوێنەری کورد لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بەڵێندرا هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ بە جینۆسایدناساندنی ئەو کارەساتەو، وەرگرتنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | یاداشتێك لەوبارەوە تابگەیەنرێتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| .25 | 2019/4/30 | بەشداریکردن لەکۆبوونەوەیەکی تایبەت بە دروستکردنی (نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە رانیە)و هەوڵدان بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بڕی (یەك ملیار) دینار خەرج دەکرێت بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەکە بەسەرجەم پێداویستیەکانیەوە. |
| .26 | 2019/6/5 | سەردانکردنی بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی رانیە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر گرفتی زیندانیان، بە تایبەت زیندانییە ژنەکان، بەلێندرا بەدواداچوون بۆ داواکانیان بکرێت. |
| .27 | 2019/8/1 | بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کەمپەینی بەنێودەوڵەتیی کردنی مەرزی کێلێ لە شاری قەلادزێ. |
| 28 | 2019/8/4 | کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خانمانی چالاکەوان و رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و هاوڵاتییان، سەبارەت بە ناسەقامگیری و بێ خزمەتی شەنگال تا ئێستاو دۆخی ژنان و مندالانی رزگاربووی ئێزدی ژێر دەستی داعش. |
| .29 | 2019/8/14 | لە نوسینگەی سلێمانی پارلەمانی عێراق پێشوازیکردن لە کۆمەڵێک چالاکوانی |

| | | |
|---|---|---|
| | | مەدەنی و هاووڵاتیان. |
| ..30 | 2019/9/2 | بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکیکراوەی تایبەت بە (بوودجەو موچەو داهات) بەهاوبەشیی لەگەڵ (ئەحمەد حاجی رەشید) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) سازیکردبوو لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆو هەندێک لە بەرێوبەری فەرمانگەکان و فەرمانبەران وچالاکوانانی مەدنیدا. |
| .31 | 9/9/2019 | بەمەبەستی کردنەوەی نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە قەزای رانیە، شاندێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە پێکهاتبوون لە بەرێوەبەری گشتی نوسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و نوێنەری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و (ئارەزو مەحمود) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، سەردانی قەزای رانیە کرا. |



**ناوی ئەندام:** ئارەزوو مەحمود خدر محمود

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

**لیژنە:** لاوان و وەرزش

**کۆی چالاکی کە گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 28

**خشتەی ژمارە (16)**

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| .1 | 2018/9/29 | سەردانکردنی چەند کەسایەتیەکی وەرزشی لە سلێمانی. |
| .2 | 2018/10/7 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا پێشوازیکردن لە ژمارەیەک لە کارمەندانی پێشووتری گرێبەست لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کەبەمەبەستی پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ گێرانەوەیان بۆسەرکار بەشێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست. |
| .3 | 2018/10/13 | بەشداریکردن لە دەیەمین کۆنگرەی (رۆژی ئیسلام بۆ روبەڕوبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان) بەمەبەستی دروستکردنی دەستەیەکی باڵا لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق بۆ لێکۆڵینەوەو دەرکردنی یاسای توندوتیژی دژ بە ژنان لەژێر هەر ناونیشانێکدا. |
| .4 | 2018/11/1 | بەشداریکردن لە خولی راهێنەری کە لەلایەن رێکخراوی (UNDP)یەوە ئەنجامدرابوو، تایبەت بە (بنەماکانی کاری پەرلەمانی). |

| | | |
|---|---|---|
| .5 | 2018/11/11 | وەك لیژنەیەكـــی هـــاوبەش لە فراكســـیۆنە كوردیەكـان، سـەردانو كۆبونەوە لەگەڵ كـوتلە پەرلەمانیەكـــانی عێـــراقو جێگـــری دووەمـــی سـەرۆكـی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراقو دەزگـای زینـــدانیانی سیاســـیو ئەمینـــداری گشـــتی ئەنجـومەنی وەزیرانـی عێـراقو وەزارەتـی دارایـی، سـەبارەت بە هاوتـاكردنی ماف و ئیمتیـازاتە مـادی و مەعنوی و یاساییەكانی كەسوكاری شەهیدان و زینـــدانیانی سیاســـی و ئەنفـــالكراوان و بێسەروشوێنان لە هەرێمی كوردستان و عێراق. |
| .6 | 2018/12/18 | بەشـداریكردن لە دیـداری توندوتیژی دژ بەژنـان لە تەلاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| .7 | 2019/1/9 | بەشـداریكـردن لە كـۆنگرەی زانسـتی نێـودەڵەتی كـۆلێژی پەروەردەی بەدەنـی و زانسـتی وەرزشـی لە زانكـۆی بەغـداد. |
| .8 | 2019/1/11 | بەشـداریكـردن لە مەراسیمی ناسـاندنی وەرگـرتنی گـەورەتـرین وەكـالەتی كـۆمپانیـای كـەلـوپەل و پێداویســـتی وەرزشـــی لە عێـــراق بە نـــاوی (پاوەرهاوس). |
| .9 | 13-2019/1/14 | بەشـــداریكـردن لە ۆركشـــۆپێكی رێكـخـــراوی پەیمانگـای دیمـوكراتی ئەمریكـی (NDI) بـۆ فراكسـیۆنی یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| .10 | 2019/2/4 | سەردانیکردنی سەنتەری رۆشنایی لە سلێمانی. |
| .11 | 2019/2/28 | بەمەبەستی روونکردنەوەی رۆڵ و ئەرکی پەرلەمانتار لەناو خوێندکاراندا، سەردانکردنی هەریەکە لە خوێندنگاکانی ئامادەیی (سەردەم، ئایندە، هەرێم) لە حاجیاوا. |
| .12 | 2019/3/6 | بەشداریکردن لە شەشەمین دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی، لە دیدارەکەدا تەوەرەکانی بواری سیاسی و دارایی و ئابووری و پیشەسازی و ووزە و شەڕی تیرۆر گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. |
| .13 | 2019/3/13 | وەک لیژنەی لاوان و وەرزش سەردانکردنی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ بەدواچوون و گفتوگۆی کۆمەڵێک کێشەو گرفتی وەرزشی لە عێراق و هەرێم، هەر لە کۆبوونەوەکەدا پێشنیارکرا بۆ میوانداریێتی بەشێک لە کۆمەڵەی یارییەکانی مۆندیالی ساڵی (2022) لە عێراق و هەرێمی کوردستان. دواتریش قەڵغانی شانازی بەخشرایە (ئارەزوو مەحمود). |
| .14 | 19-2019/3/27 | بەشداریکردن لە (یەکەمین کۆنگرەی وەرزشی ژنانی عەرەبی) لە (قاهیرە)ی پایتەختی (میسر) کە تیایدا چەندین زانیاری تازەی فسیۆلۆژیای وەرزشی و پێشکەشکردنی بەرنامەی وڵاتانی عەرەبی بۆ پێشخستنی وەرزشی ژنان و پێشکەشکردنی چەندین توێژنەوەی ئەکادیمی، (ئارەزوو محمود)یش لەعێراق ریزلێنانی |

| | | |
|---|---|---|
| | | پێبەخشرا. |
| .15 | 2019/4/10 | بە یاوەری هەریەك لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین و قائیمقامی قەزای پشدەر لەگەڵ شاندێكی حكومەتی عێراق كە نوێنەری (12) وەزارەت و دەستەی حكومەتی بەغدا بوون، مەرزی (كێلێ) لە قەڵادزێ بەسەركرایەوە و لە بەڕێوەچوونی كارەكان و جموجوڵە بازرگانییەكانی ئەو سنوورە كۆڵرایەوە. |
| .16 | 2019/4/17 | سەردانكردنی سەرۆك كۆماری عێراق بە یاوەری شاندێكی ئیدارەی ڕاپەڕین و نوێنەری دەروازە سنوورییەكان، بەمەبەستی بەدواداچون بۆ پرسی مەرزی (كێلێ) و چەند گرفت و داواكاری هاووڵاتیانی دەڤەری ڕاپەڕین لەوانەش پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان. |
| .17 | 2019/4/21 | سەردانكردنی لیژنەی پارائۆلۆمپی سلێمانی، بەمەبەستی گوێگرتن لەكێشەو گرفتەكانیان، هەروەها وەرگرتنی ڕاوسەرنج و پێشنیازەكانیان. |
| .18 | 2019/4/22 | بەشداریكردن لە یەكەم كۆبوونەوەی نێوان سەرۆك كۆماری عێراق و وەزیری سەرچاوە ئاوییەكانی عێراق و بەڕێوەبەری گشتی بەنداوەكانی حكومەتی هەرێم لە سەر پلان و جێبەجێكردنی بەنداوی (دەڵگە) لە دەڤەری پشدەر. |

| | | |
|---|---|---|
| .19 | 2019/5/26 | بەشداریکردن لە دانانی بەردی بناغەی (١٠) دە پرۆژەی جۆراوجۆر لەناحیەی چوارقورنە. |
| .20 | 2019/6/12 | لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، میوانداری نوێنەرانی یانە وەرزشیەکانی عێراق کرا، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەمواری دووەمی یاسای یانە وەرزشیەکان. |
| .21 | 2019/6/16 | لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، میوانداریکردنی شاندێکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی وەرزشی/ وەزارەتی پەروەردە، لەسەر دۆخی چالاکی وەرزشی قوتابخانەو خوێندنگاکان و بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانیان. |
| .22 | 2019/8/25 | بەشداریکردن بە توێژینەوەیەک لە دووەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی زانستی وەرزشی زانکۆی هاشمیە لەزەرقا و عمانی پایتەختی ئوردن. |
| .23 | 2019/8/27 | بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکیکراوەی تایبەت بە (گرفتەکانی سێکتەری وەرزش لە پارێزگای سلێمانی)، کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) سازیکردبوو بۆ وەرزشەوانانی پارێزگای سلێمانی سازیکردبوو. |
| .24 | 2019/9/2 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنە کوردییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە شاری هەولێر، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆسیەی تایبەت بە سێکتەری کشتوکاڵ و بەنداو سەرچاوەکانی ئاو و مەرزەکان وچەند بابەتێکی |

| | | |
|---|---|---|
| | | دیکە کە هاوبەشە لە نێوان هەر دوولادا. |
| .25 | 2019/6/8 | بەشداریکردن لە حەوتەمین ساڵیادی ڤیستڤاڵی وەرزشی فێرگەی رانیە. |
| .26 | 2019/9/9 | بەمەبەستی کردنەوەی نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە قەزای رانیە، شاندێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەپێکهاتبوون لە بەڕێوەبەری گشتی نوسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و نوێنەری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بە هاوبەشی لەگەڵ (شیروان میرزا) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانی قەزای رانیەیان کرد. |
| .27 | 2019/9/25 | بەمەبەستی گفتوگۆکردن و دانانی بەرنامەیەکی کاری هاوبەش بۆ وەرزشەوانان و گەنجان، وەك لیژنەی لاوان و وەرزش، سەردانکردنی هەریەك لە (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان) و (پەرلەمانی کوردستان) و (لیژنەی وەرزش و لاوانی پەرلەمان) و (یانەی وەرزشی هەولێر)و (یانەی وەرزشی ئەکاد) و فێرگەی وەرزشی (یەکێتی تۆپی ریشەی عێراق) لە هەولێر |
| .28 | 2019/9/27 | لەسەر بانگهێشتی تیمی چالاکی وەرزشی (Bsport) بە پێشکەشکردنی بابەتێك سەبارەت بەنهێنیەکانی سەرکەوتن، و بەشداریکردن لە چالاکییەکی هاندەرو هۆشیاری وەرزشی. |



**ناوی ئەندام:** بەهار محمود

**فراکسیۆن:** گۆڕان

**لیژنە:** یاسا

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 24

## خشتەی ژمارە (17)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2018/11/1 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی ئەنجومەنی شەقام بۆ ماف و ئازادیەکان، سەبارەت بە جەختکردنەوە لە هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی هاوڵاتیانی هەرێم و عێراق لەڕووی موچەو کۆتاییهێنان بەپاشەکەوت و جێگیرکردنی نرخی سوتەمەنی. |
| 2 | 2018/11/11 | بەمەبەستی هاوتاکردنی مووچەو ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفال کراوان و زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراق بەهاوبەشی لیژنەیەک لە فراکسیۆنە کوردستانیە جیاوازەکان سەردانکردنی هەریەکە لە وەزیری (دارایی و ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دەزگای زیندانیانی سیاسی). |
| 3 | 2018/12/2 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، پێشوازیکردن لە بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند داواکارییەک بۆ |

| | | |
|---|---|---|
| ئاسان ڕاییکردنی کاروباری هاوڵاتیان لەبەڕێوەبەرایەتی ناوبراو . | | |
| بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشوازیکردن لە (تەڤگەری ئازادیی) سەبارەت بە داخستنی بارەگاکانیان. | | 4 |
| بەشداریکردن لە کۆنفرانسی بەشداری کارای هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیادا. | 2018/12/30 | 5 |
| لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشوازیکردن لە هاولاتییان گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان | 2019/1/7 | 6 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا پێشوازیکردن لە شاندێکی کۆمەڵەی تالاسیما ، بۆ گفتوگۆکردن لەسەرەکێشەو پێداویستییە پزیشکییەکانی نەخۆشی تالاسیما. | | 7 |
| سەردانکردنی لقی سلێمانی (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق) بە مەبەستی بەدواداچوون و لە نزیکەوە بە ئاگابوون لە پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری و بابەتی دامەزراندنی (2012) فەرمانبەر بە شێوەی گرێبەستی کاتی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە و وەرگرتنی زانیاری لەسەر پێوەرەکان بۆ وەرگرتنی ئەو فەرمانبەرانە. | 2019/4/7 | 8 |
| سەردانکردنی بەنداوی (دەربەندیخان) بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەران لە فراکسیۆنە کوردستانیەکان بە | 2019/4/8 | 9 |

| | | |
|---|---|---|
| | | مەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە بارودۆخی بەنداوەکە لەدوای ئەو باران و لافاوەی هەرێمی گرتەوەو بەداواداچوون بۆ کێشەو کەم و کوریەکانیانو پاراستنی ئەم بەنداوەو دروستکردنی بەنداوی دیکەش. |
| 10 | 2019/4/11 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە زیانەکانی ئەو باران و لافاوەی کە ڕووی کردبووە عێراق و ناوچەکەو پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک لەبارەی بارودۆخی هەردوو بەنداوی (دەربەندیخانو دوکان) داواکرا کە وەزیری (سەرچاوە ئاویەکان) سەردانی هەردوو بەنداوەکە بکاتو بودجەیەک بۆ چاککردنەوەی ئەو دوو بەنداوە دابینبکات و دەرماڵەی ترسناکیش بۆ کارمەندەکان دیاریبکرێت. |
| 11 | 2019/4/21 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا، پێشوازیکردن لە نوێنەرانی ژمارەیەک فەرمانبەری گرێبەستی هەڵوەشاوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی سلێمانی، کە گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوەو جارێکی دیکە دانەمەزراونەتەوە. |
| .12 | 2019/4/23 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بانگهێشتکردنی لقی سلێمانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ لێپێچینەوە لە دۆسیەی |

| | | |
|---|---|---|
| | | نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمسیۆن بۆ بنکەکانی بایۆمەتری. |
| .13 | 2019/5/20 | لەگەڵ شاندێکی نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانیەکانو بەیاوەری جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران سەردانکردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق، تایبەت بە بارودۆخی ناوچە کێشە لە سەرەکان و گەنمی جوتیاران و مووچەو کارە نایاساییەکانی پارێزگاری کەرکوک... هتد . |
| .14 | 2019/5/24 | بەمەبەستی گەیاندن و داکۆکیکردن لە نارەزایەتیەکانی فەرمانبەرانی گرێبەست لە (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق) لە لقەکانی هەرێمی کوردستان، بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکە لە ئەنجومەنی نوێنەران سەردانکردنی (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان) لە بەغدادو کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیاران، لە کۆبوونەوەکەدا باس لەو نادادگەریە کرا کە لە تازەکردنەوەی گرێبەستەکاندا کراوە، داواکرا لیژنەیەک دروستبکرێت بۆ پێداچوونەوەی ناوەکان و دووبارە چاوپێکەوتنو زیادکردنی ژمارەی فەرمانبەرەکان. |
| 15 | 2019/8/26 | ئامادەبوون لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بۆ راگەیاندنی ناملیکەی (رێبەری نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) ئامادەی |

| | | |
|---|---|---|
| | | کردبوو. |
| 16 | 2019/8/29 | کۆبوونەوە لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی هەمواركردن و گفتوگۆكردن بۆ هەندێ بڕگەی یاسای کارتی نیشتیمانی ژمارە (3) ی ساڵی (2016) |
| .17 | | سەردانکردنی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکان. |
| 18 | | کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە چالاکەوان و نوێنەرانی (٤٥) ڕێکخراوی مەدەنی، بە مەبەستی ڕادەست کردنی یاداشتێک بەهەر سێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق، دەربارەی کەیسی جینۆساید کردنی دانشتوانی هەرێم بەچەکی کیمیاوی و پرۆسەکانی ئەنفال. |
| .19 | 2019/8/31 | بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکیکراوەی تایبەت بە (گرفتەکانی سێکتەری خوێندنی باڵا) بەهاوبەشیی لەگەڵ (د. یوسف محەممەد) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) سازیکردبوو لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر کەرتی خوێندنی باڵا. |
| .20 | 2019/9/12 | سەردانکردنی سەرۆکی دادگای سلێمانی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕایان لەسەر هەندێک پرۆژە یاسا بوونی هەمئاهەنگی و هاوکاری یاسایی لە |

| | | |
|---|---|---|
| | | دادگای سلێمانی ونوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەران. |
| .21 | 2019/9/2 | سەردانکردنی زینندانی (سوسێی فیدراڵی) بۆ لە نزیکەوە بە ئاگاداربوون لە بارودۆخی زیندانیەکان و پێویستی و گیروگرفتەکانی ئیدارەی زیندانییەکە. |
| .22 | 2019/9/5 | سەردانیکردن بەرێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە کارەکانیان گوێگرتن لە کێشەو گرفتەکانیان. |
| .23 | 2019/9/12 | سەردانکردنی پارێزگاری سلێمانی بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ هەندێك لە کێشەو گرفتی هاووڵاتیانو فەرمانگەکان |
| .24 | 2019/3/19 | سەردانکردنی (یەکێتی خانەنشینانی کوردستان لە سلێمانی، بەمەبەستی کارکردن بۆ جێبە جێکردنی یاسای یەکگرتووی خانەنیشینانی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی (2014). |



**ناوی ئەندام:** یسری رەجەب کمر عەلی

**فراکسیۆن:** نەوەی نوێ

**لیژنە:** شەهیدانو مافەکانی مرۆڤ

## کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە: 21

**خشتەی ژمارە (18)**

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1. | | ئاراستەکردنی نوسراوێك بۆ وەزیری دارایی عێراق. سەبارەت بە ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم |
| 2. | 2018/12/2 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، پێشوازیکردن لە بەرێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند داواکارییەک بۆ ئاسان راییکردنی کاروباری هاوڵاتیان لەبەرێوەبەرایەتی ناوبراو |
| 3 | | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشوازیکردن لە (تەڤگەری ئازادیی) سەبارەت بە داخستنی بارەگاکانیان. |
| 4 | 2018/12/16 | کۆبونەوە لەگەڵ شاندی بەرەی نیشتمانی کرد کەبەمەبەستی نارەزایی دەربرین دژی بۆردومانی فرۆکەکانی تورکیا بۆسەر |

| | | |
|---|---|---|
| | | گوندەکانی سەرسنور. |
| 5 | 2019/1/27 | بەشداریکردن لە ۆرکشۆپێکی تایبەت بە هەمووارکردنی یاسای ژمارە (38) ی ساڵی(2013) کە تایبەتە بە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت. |
| 6 | 2019/2/3 | بەدواداچوون بۆ شایستە داراییەکانی (زیندانیانی سیاسی) هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی وەرگرتنی شایستە داراییەکانیان |
| 7 | 2019/2/25 | بەشداریکردن لە کۆنگرەی نیشتمانی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت. |
| 8 | 2019/2/26 | لەگەڵ نوێنەری چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، سەردانکردنی نوسینگەی (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق) کە باس لەو گرفتانەکرا کە ڕوو بەڕووی خاوەن پێداویستی تایبەت لە تەواوی عێراق دەبێتەوە، هەروەها چۆنیەتی هەمووارکردنی یاسایی ژمارە (38) ی ساڵی (2013). |
| 9 | 2019/2/27 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەك بەسەر پەرشتی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانو ڕاوێژکارانو گروپێك لە خاوەن تواناکان، تایبەت بە گفتوگۆکردن لە سەر بەربەست و ڕێگریەکانی بەردەم هەڵگرانی خاوەن بڕوانامەی باڵا و چەند گرفتێکی دیکەی فەرمانبەران. |

| | | |
|---|---|---|
| 10 | 2019/3/4 | بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نوێنەری وەزارەتەکان و دامودەزگا حکومیەکان و نوێنەری چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە خوێندنەوەی پرۆژە یاسای (توندوتیژی خێزانی). |
| 11 | 2019/3/5 | بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە (نەینەوا). |
| 12 | 2019/3/12 | بەشداریکردن لە ورکشۆپێکی تایبەت بە (بەربەستەکانی سەلماندنی موڵکایەتی لە عێراق). |
| 13 | 2019/3/17 | کۆبوونەوە لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی (کۆمەڵەی عێراق بۆ کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت) و ( جێگری سەرۆکی دەستەی چاودێری کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت) و (بەڕێوەبەری گشتی ڕاهێنان ومەشق پێکردن) لە دەستەی ناوبراو. |
| 14 | 2019/4/4 | سەردانکردنی (زانکۆی گەرمیان) بەیاوەری بەڕێوەبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان کۆبوونەوە لەگەڵ (بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس)ی زانکۆی گەرمیان تیایدا باس لە گرفتەکانی بنکەکە وچۆنێتی چارەسەرکردنیان کرا. |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێكی دیكەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، سەردانكردنی (بەنداوی دەربەندیخان)و كۆبوونەوە لەگەڵ هەریەكە لە قائیمقامی قەزاكەو بەڕێوبەری بەنداوی دەربەندیخانو ئەندازیاران و كارمەندانی بەنداوەكە، بەمەبەستی گوێگرتن لە كێشەو گرفتەكانی بەنداوەكە، بەتایبەت ئەو گرفتانەی كە دوای زەمین لەرزەكەی ساڵی (2018) بۆ بەنداوەكە دروستبوون. | 2019/4/8 | 15 |
| ئاراستەكردنی داوایەك بۆ جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و كە (كورسیەكی خوێندنی باڵا لە هەموو پسپۆریەكان) تایبەت بكرێت بۆ ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیانەی كە خوازیارن خوێندنی باڵا تەواو بكەن، لە بەرامبەردا جێگری سەرۆكی حكومەت بەڵێنیدا ئەو داواكاریە جێبەجێبكات. | 2019/4/14 | 16 |
| سەردانكردنی وەزیری كۆچ وكۆچبەران لە بەغداد، بەمەبەستی بەدواداچوونی كاروباری هاووڵاتیان و ڕەوشی پەنابەرانی هەرێم و بارودۆخی ئەو هاووڵاتیانەی كە دانیشتووی پارێزگا زیان لێكەوتووەكانی لافاوەكەی ساڵی رابردوو بوون . | 2019/4/15 | 17 |

| | | |
|---|---|---|
| 18 | 2019/4/24 | سەردانکردنی (وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) لە بەغدا، و چەند داواکاریەکی هاووڵاتیان خرانە بەردەستی، لای خۆیشەوە وەزیری ناوبراو ڕەزامەندی لەسەر هەموو ئەو داواکاریانەی نیشاندا و فەرمانی دەرکرد بە ناردنی تیمێک بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تایبەت بۆ هاووڵاتیان و کێشەکەیان چارەسەرکرا. |
| 19 | 2019/5/8 | سەردانکردنی قەزای (دووز خورماتوو) بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە پرۆسەی وەرگرتنی ئەوانەی کە چاودێری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە. |
| 20 | 2019/5/12 | سەردانکردنی گرتووخانەی (فرۆکەخانە موسەنا) بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە ڕەوشی گیراوانی ئەو بەندیخانەیە، یەکێک لەو گیراوانە خەڵکی (کەلار) بوو، کە کەسوکاری هیچ سۆراغیان نەدەزانی، دەستبەجێ هەواڵی سەلامەتی هاووڵاتیەکە بەکەسوکارەکەی ڕاگەیەنراو مۆڵەتی دیدار بۆ کەسوکاری گیراوەکەی وەرگیرا. |
| 21 | 2019/5/15 | بەدواداچوون بۆ داواکاری چەند هاووڵاتییەك سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی دیلەکانی نێوان شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و پەیوەندیکردن بە بەڕێوەبەری بەشی کاروباری سیاسی باڵوێزخانەی ئێران لەبەغداد. |



**ناوی ئەندام:** غالب محەمەد عەلی

**فراکسیۆن:** گۆڕان

**لیژنە:** نەوتو گاز

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پڕۆژە:** 20

## خشتەی ژمارە (19)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1. | 2018/11/1 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی ئەنجومەنی شەقام بۆ ماف و ئازادیەکان، سەبارەت بە جەختکردنەوە لە هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی هاوڵاتیانی هەرێم و عێراق لەڕووی موچەو کۆتاییهێنان بەپاشەکەوت و جێگیرکردنی نرخی سوتەمەنی. |
| 2 | 2018/12/2 | ئاراستەکردنی نوسراوێك تیایدا پرسیار ئاراستەی وەزیری نەوتی عێراق کراوە لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك و چۆنێتی گرێبەستکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆ ناردنی نەوتی کەرکوك بە رێگەی بۆری. |
| 3 | 2019/12/27 | پاش چەندین بەدواداچون بۆ خەرجکردنی (سێ ملیار) دینار بۆچاککردنی (بەنداوی دەربەندیخان) ئاراستەکردنی نوسراوێک بە ژمارە (26) لە (2018/11/27) (وەزارەتی دارایی عێراق) و (وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکان) کراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| | | نوســراوی ژمــارە (هـ/34/5)ی (وەزارەتــی دارایــی عێراق) لە (2018/12) بۆ (ئەمینداریێتی گشتی ئەنجــومەنی وەزیــران) ســەبارەت بەنــاوەڕۆکی نوسراوی (د. غالب محمد).<br><br>وەڵامــی (وەزارەتــی ســەرچاوە ئاویەکــان) بە نوســراوی ژمــارە (243) لە (2019/1/3)دا بــۆ (ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران). |
| 4 | 2019/2/5 | ســەبارەت بەو زیادەڕۆییــانەی کە کــراونەتە سەر(ڕوباری سیروان)و کە بووەتە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ئـاوەکەی بەهـۆی ئەو هەمـو کارگـانەی لەســەری دروســتکراوە، داواکــرا لە (داواکــاری گشــتیو لایەنە پەیوەندیــدارەکان) لەســەر ئەم بابەتە بێنەدەنگو چارەسەری ئەو زیادەڕۆییانە. |
| 5 | 2019/3/12 | ئاڕاســتەکردنی نوســراوێك بە ژمــارە (37) لە (2019/3/12) بــۆ وەزارەتــی نەوتــی عێــراق، سەبارەت بە زانیـاری لە سـەر بـڕی بەرهەمهێنـانی نەوت لە کێڵگەکــانی (کەرکــوك و عەیــن زالەو گەیارەو نەفتخانە).<br>وەڵامی وەزارەتی نەوت بە نوسراوی ژمارە (د 7) لە (2019/4/13). |
| 6 | 2019/3/12 | ئاڕاســتەکردنی نوســراوێك بــۆ وەزیــری دارایــی عێــراق و نوســینگەی ســەرۆکی ئەنجــومەنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | وەزیرانی عێراق، تایبەت بە ناڕوونی لە داهاتی دەروازەی (سیمیلکا)ی نێوان (هەرێمی کوردستان و سوریا) لەلایەن وەزارەتی دارایی هەرێم و وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و داهاتەکەشی ناچێتە خەزێنەی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی. |
| .7 | 2019/3/19 | سەردانکردنی (یەکێتی خانەنشینانی کوردستان) لە سلێمانی، بەمەبەستی کارکردن بۆ جێبە جێکردنی یاسای یەکگرتووی خانەنیشینانی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی (2014). |
| 8 | 2019/3/24 | لە سەرداوای فەرمانبەرە گرێبەستەکانی (کۆچ و کۆچبەران) کەژمارەیان (318) کەسەو بەگشتی بەشێکیان لە(هەرێمی کوردستان)ن بەتایبەتیش لە (سلێمانی)، ئاڕاستەکردنی نوسراوێک بۆ (وەزارەتی داریی) بەمەبەستی ئەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ (وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران) گرێبەستەکان بکرێنە هەمیشەیی، پاڵپشت بەبڕیاری سەرۆک وەزیرانی عێراق ژمارە 12 لەساڵی 2019 بڕیاردرا بەجێگیرکردنی فەرمانبەرە گرێبەستەکان. |
| 9 | | بەدواداچوون بۆ سکالای بەشێك لە سزادراوانی سیاسی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، سەبارەت بە میکانیزمی وەرگرتنی مامەڵەی سزادراوانی |

| | | |
|---|---|---|
| | | سیاسی، سەردانکردنی (لیژنەی باڵای گەڕانەوەی سزادراوانی سیاسی)و کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵا. |
| 10 | | داواکرا لە وەزیری سامانە سروشتیەکانی عێراق و بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق، کە نرخی بەنزین و گاز و نەوتی سپی لە هەرێمی کوردستان وەک عێراقی لێبکرێت، چونکە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نرخ لە نێوان هەرێم و عێراق دا. |
| .11 | 2019/4/8 | ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی تەندروستی لە گەرمیان ئەنجامبدات. |
| .12 | | بەدواداچون بۆ پرسیاری چەندین هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هاوتانەکردنی موچەی زیندانیانی سیاسی هەرێم لە گەڵ زیندانیانی سیاسی حکومەتی عێراق و وەرگرتنی مووچەکەیان راستەوخۆ لەلایەن عێراقەوە سەردانکردنی (دەزگای زیندانی سیاسیی عێراق ) کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری سەرۆکی دەزگاکە. |
| .13 | 2019/4/16 | سەردانکردنی کۆمپانیای دابەشکردنی سووتەمەنی عێراق و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوبەری کۆمپانیا، دوو پێشنیار خرایە بەردەم |

| | | |
|---|---|---|
| | | کۆمپانیاو داواکرا کۆمپانیا لەسەر یەکێکیان رەزامەند بێت کە بریتی بوون لە (یەکەم/ دابینکردنی بەنزینی هەموو هەرێمی کوردستان کە پێویستی بە نزیکەی (5 - 6 ملیۆن) لیترە، بە نرخی (500 بۆ 550) دینار. دووەم/ خاڵی یەکەم جێبەجێنەکرا، هەوڵبدرێت بەنزینخانەی حکومی عێراق لە پارێزگاو قەزا و ناحیەکانی هەرێم دابنرێت. |
| 14. | 2019/4/21 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا، پێشوازیکردن لە نوێنەرانی ژمارەیەک فەرمانبەری گرێبەستی هەڵوەشاوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی سلێمانی، کە گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوەو جارێکی دیکە دانەمەزراونەتەوە. |
| 15. | 2019/4/23 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بانگهێشتکردنی لقی سلێمانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ لێپێچینەوە لە دۆسیەی نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمسیۆن بۆ بنکەکانی بایۆمەتری. |
| 16. | 2019/5/21 | بەدواداچوون بۆ بابەتی دابەشنەکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم مانگانە لە کاتی خۆیدا. |
| 17 | | تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر حکومەتی هەرێم لە داواکاری گشتی عێراق، لەسەر گواستنەوەی |

| | | |
|---|---|---|
| | | هاووڵاتییەک بە ناوی (ئەبوبەکر حامد عەبدوڵا) لە داواکاری گشتی هەولێرەوە بۆ قەزای خەبات کە ناوبراو داوای مافی خەڵکی لە حکومەتی هەرێم کردبوو. |
| .18 | 2019/7/3 | کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک چالاکوانی مەدەنی و رۆشنبیرو مامۆستایانی زانکۆو هونەرمەندان بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی و پێشکەشکردنی یاداشتێکی سەرکۆنەکردن و هاوڵاتیان دژی بوردومانەکانی تورکیا. |
| .19 | 2019/7/14 | ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تایبەت بە ناردنی سوتەمەنی لەلایەن بەغداوە بۆ پارێزگاکانی هەرێم، بەڵام لەهەرێمدا دابەشناکرێت بەسەر هاووڵاتیاندا. |
| .19 | 2019/7/7 | لە سەر داوای دەستەی دەستپاکی هەرێم ئامادەبوون لە بەرێوبەریتی دەستەی دەستپاکی هەولێر، بەمەبەستی وەرگرتنی وتەو وەك شاهدێك سەبارەت بەکێشەی چەند تۆمەتبارێك دەستبەسەر کراون، کە هەوڵدراوە سوتەمەنی کوالێتی خراپ بهێنرێتە هەرێمی کوردستان. |
| 20 | | بەدواداچوون بۆ کێشەوگرفتی کارەبا |



**ناوی ئەندام:** دانا محەمەد جەزا عەلی

**فراکسیۆن:** پارتی دیموکراتی کوردستان

**لیژنە:** پەیوەندییەکانی دەرەوە

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 20

## خشتەی ژمارە (20)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1. | 2019/10/17 | لە ئۆفیسی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆکردن لە سەر کێشەو گرفت و داواکاری چەند هاووڵاتییەک. |
| 2. | 2019/2/17 | بەشداریکردن لە ورکشۆپێکی تایبەتی ڕێکخراوی (NDI) سەبارەت بەکاری پەرلەمانتاری. |
| 3. | 2019/3/7 | بەشداریکردن لە شەشەمین دیداری سلێمانی، لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق/سلێمانی |
| 4. | 2019/3/10 | وەک لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کۆبونەوە لەگەڵ باڵوێزی یابان لە عێراق، سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی ووڵاتی یابان لە (15)ساڵدا... |
| 5. | 2019/4/3 | لە ئۆفیسی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆکردن لە سەر کێشەو گرفت و داواکاری چەند هاووڵاتییەک. |
| 6. | 2019/4/8 | سەردانکردنی قائمقامیەتی قەزای دوکان لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |

| | | |
|---|---|---|
| | | سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی زیادبوونی ئاو لە بەنداوی دوکان و کاریگەرییەکانی بۆسەر بەنداوەکە و سەر و ماڵی هاوڵاتیان. |
| .7 | | سەردانکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە بەنداوی دوکان لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی زیادبوونی ئاو لە بەنداوی دوکان و کاریگەرییەکانی بۆسەر بەنداوەکە و سەروماڵی هاوڵاتیان و کاریگەری لەسەر سێکتەری کارەبا. |
| .8 | 2019/4/11 | بە هاوەڵی نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانکردنی فرۆکەخانەی سلێمانی بە مەبەستی بەدواداچوون و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی فرۆکەخانەو کێشەو لەمپەرەکان. |
| .9 | 2019/4/11 | بەهاوەڵی نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانکردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەمەبەستی داواکردنی هەماهەنگی و هاوکاری هەردوولادا. |
| 10 | 2019/4/23 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بانگهێشتکردنی لقی سلێمانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ لێپێچینەوە لە دۆسیەی نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمسیۆن بۆ |

| | | |
|---|---|---|
| | | بنکەکانی بایۆمەتری و بریاردرا لە بەغداوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت و بەدواداچونی زیاتر بکرێت. |
| 11 | 2019/5/25 | بەشداریکردن لە پانێلێکی تایبەت بە ڕەوشی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان کە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتیمانییەوە ڕێکخرابوو. |
| 12 | 2019/7/28 | وەک سەرۆکی لیژنەی پەیوەندی و دۆستایەتی عێراقی-ئەڵمانی سەردانکردنی کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر بۆ گفتوگۆکردن لە سەر پێشهاتەکان و چۆنێتی پتەوکردنی کاری هەماهەنگی. |
| .13 | 2019/8/8 | سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان بەغداد. |
| 14 | 2019/8/26 | ئامادەبوون لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕاگەیاندنی نامیلکەی (ڕێبەری نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان ئامادەی کردبوو. |
| 15 | | کۆبوونەوە لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی هەموارکردن و گفتوگۆکردن بۆ هەندێ بڕگەی یاسای کارتی نیشتیمانی ژمارە (3) ی ساڵی (2016) |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | 2019/8/29 | بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکیکراوەی تایبەت بە (رۆڵ و ئەرکی پەرلەمانتاری پەرلەمانی عێراق کە لەلایەن (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان ئامادەکرابوو. |
| 17 | 2019/8/29 | سەردانکردنی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکان. |
| 18 | 2019/9/2 | سەردانکردنی زیندانی (سوسێی فیدراڵی) بۆ لە نزیکەوە بە ئاگاداربوون لە بارودۆخی زیندانیەکان و پێویستی و گیروگرفتەکانی ئیدارەی زیندانییەکە. |
| 19 | 2019/9/12 | سەردانکردنی سەرۆکی دادگای سلێمانی بە مەبەستی وەرگرتنی رایان لە سەر هەندێ پرۆژە یاساو بوونی هەمئاهەنگی و هاوکاری یاسایی لە دادگای سلێمانی و نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| 20 | 2019/9/12 | سەردانکردنی پارێزگاری سلێمانی بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ هەندێك لە کێشەو گرفتی هاووڵاتیانو فەرمانگەکان. |



**ناوی ئەندام:** ڕێبوار کەریم مەحمود حسین

**فراکسیۆن:** سەربەخۆ

**لیژنە:** پەیوەندییەکانی دەرەوە

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 20

## خشتەی ژمارە (21)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2018/10/7 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا پێشوازیکردن لە ژمارەیەک کارمەندانی پێشووتری گرێبەست لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کە داواکاربوون بە گێڕانەوەیان بۆسەرکار بەشێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست. |
| 2 | 2018/11/1 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی (ئەنجومەنی شەقام بۆ ماف و ئازادیەکان)، سەبارەت بە جەختکردنەوە لە هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی هاوڵاتیانی هەرێم و عێراق لەڕووی موچەو کۆتاییهێنان بەپاشەکەوت و جێگیرکردنی نرخی سوتەمەنی. |
| 3 | 2018/11/20 | سەردانکردنی سەنتەری لە سلێمانی و گفتوگۆکردن لە سەر چەند پرسێکی رۆژنامەوانی. |
| 4 | 2018/12/16 | کۆبونەوە لەگەڵ شاندی بەرەی نیشتمانی سەبارەت بە نارەزایی دەربڕین دژی بۆردومانی فرۆکەکانی تورکیا بۆسەر گوندەکانی سەرسنور. |

| | | |
|---|---|---|
| 5 | 2019/1/7 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا پێشوازیکردن لە شاندێکی کۆمەڵەی تالاسیما، بۆ گفتوگۆکردن لەسەرکێشەو پێداویستییە پزیشکییەکانی نەخۆشی تالاسیما. |
| 6 | 2019/2/3 | کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کە بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین لە گرانی و نارێکی لەنرخ و کوالیتی ئەنتەرنێت و هێڵەکانی پەیوەندی. |
| 7 | 2019/2/17 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازی و گوێگرتن لە سکالای هاووڵاتییان. |
| 8 | 2019/3/31 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، سەردانیکردنی (قەزای سیدصادق) ئەنجامدانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ نوێنەری لایەن و پیاوماقوڵ و کەسایەتییەکانی قەزاکە، بەمەبەستی کارکردن لەسەر داواکارییەکانیان. |
| 9 | 6-2019/4/10 | بەشداریکردن لە زنجیرە کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی لە وڵاتی قەتەر، سەبارەت بە (تیرۆر، بازرگانی، گەشەپێدانی بەردەوام، ماف و ئازادییەکان، گەنجان، فێربون، دیموکراسی، تەندروستی)و پێشکەشکردنی وتەیەک بەناوی عێراقەوە. |
| 10 | 2019/7/29 | سەردانکردنی پارێزگاری هەڵەبجە، بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی هاووڵاتیان. |

| | | |
|---|---|---|
| 11 | | سەردانکردنی بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای هەڵەبجە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی هاووڵاتیان. |
| 12 | | سەردانکردنی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە، بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی هاووڵاتیان. |
| 13 | 2019/9/16 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەئەندا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانیکردنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ هەریەکە لە ئەندامانی دێسکی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە. |
| 14 | 2019/9/18 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەئەندا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەیاوەری باڵیۆزی عێراق لە واشنتۆن، لەگەڵ جێگری سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای کۆنگریس کۆبووەوە. |
| 15 | 2019/9/18 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەئەندا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی، بەیاوەری باڵیۆزی عێراق لە واشنتۆن، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەمریکا-عێراق لە کۆنگریس. |
| 16 | 2019/9/18 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەئەندا لە ئەنجومەنی نوێنەران، سەردانکردنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە واشنتۆن. |

| | | |
|---|---|---|
| 17 | 2019/9/20 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەنەدا لە ئەنجومەن نوێنەران، بەشداریکرد لە بەشێك لە کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی پێشکەشکردنی وتاری عێراق لەلایەن سەرۆککۆماری عێراقەوە. |
| 18 | 2019/9/20 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەنەدا لە ئەنجومەنی نوێنەران، سەردانکردنی کۆنگرێس و کۆبوونەووە لەگەڵ هەریەك لە (ئێریك تایگەر)و (جۆناثان لۆرد) لە لیژنەی خزمەتی سەربازی کۆنگرێس. |
| 19 | 2019/9/20 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەنەدا لە ئەنجومەنی نوێنەران، سەردانکردنی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پێناگۆن) کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری عێراق. |
| 20 | 2019/9/21 | وەک سەرۆکی لیژنەی دۆستایەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکاو کەنەدا لە ئەنجومەنی نوێنەران، سەردانکردنی شاری (ناشڤێل)ی ویلایەتی (تێنیس)و کۆبوونەوە لەگەڵ رەوەندی عێراقی و کوردی و کۆمەڵێك لە کەسایەتی کوردی و عێراقی. |



**ناوی ئەندام:** یوسف محەمەد سادق

**فراکسیۆن:** گۆڕان

**لیژنە:** کاروباری ئەنداماننو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پڕۆژە:** 17

## خشتەی ژمارە (22)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| .1 | 2018/12/5 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی (هاوپەیمانیی چاکسازی)و تاوتوێی ڕوانینێکی نوێکرا بۆ پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا، بە شێوەیەك کە بەرژەوەندیی هاونیشتیمانیان ئامانج و سەنتەر بێت نەك بەرژەوەندیی حیزبی و شەخسی. |
| .2 | 2018/12/6 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی (هاوپەیمانی فەتح)و سەرکردایەتیی هاوپەیمانیی بونیادنان. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی جارێکی دیکە لە هەموو عێراق گرووپە تیرۆریستییەکان بەهێز نەبنەوە، پێویستە خزمەتکردنی هاووڵاتییان و بوژاندنەوەی ئابوری و بەدامەزراوەیی کردن بکرێتە ئامانجی حوکمڕانی. |
| .3 | 2018/12/9 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی (هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا) جەختکردنەوە لەسەر تەواوکردنی پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای هاوسەنگیی پێکهاتەکان و هاوسەنگیی ئاڕاستە سیاسییە جیاوازەکانی ناو |

| | | |
|---|---|---|
| | | پێکهاتەکانیش. |
| .4 | 2019/1/3 | لە نوسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەران، هاورێ لەگەڵ نوێنەری بەشێك لە فراکسیۆنە کوردستانییەکانی دیکە، کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە و نوێنەری کەسوکاری ونبوانی کارەساتی کیمیاباران. |
| .5 | 2019/1/21 | ئەمرۆ لە میانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ (بەرێوەبەری ئۆفیسی سیاسی لە یونامی) داواکرا لە نەتەوە یەککگرتووەکان کە: (هاوکاربن لە هێنانەکایەی کۆمسیۆنێك کە رێگربێت لە ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان - پێداگری لەسەر چارەسەرکردنی بنبڕی کێشەی موچەی فەرمانبەران و شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و پێشمەرگە و شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسای بودجەی گشتی عێراق).. |
| .6 | 2019/2/15 | بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ (2019). |
| .7 | 2019/2/15 | کۆبوونەوە لەگەڵ (راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی عێراق و سەرۆکی شاندی حکومەتی عێراق بۆ کۆنفرانسی ئاسایشی عێراق) لە میونخ. |
| .8 | 2019/2/17 | گفتوگۆیەك لەگەڵ رەوەندی کوردستانی لە میونخ، بەناوی(لەناو گێژاوی ململانێ نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان, هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟) |

| | | |
|---|---|---|
| 9 | 2019/3/19 | سەردانكردنی (یەكێتی خانەنشینانی كوردستان) لە سلێمانی، بەمەبەستی كاركردن بۆ جێبە جێكردنی یاسای یەگرتووی خانەنیشینانی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی (2014). |
| 10 | 2019/4/8 | سەردانكردنی قائمقامیەتی قەزای دوكان لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە دوا پێشهاتەكانی زیادبوونی ئاو لە بەنداوی دوكان و كاریگەرییەكانی بۆسەر بەنداوەكە و سەر و ماڵی هاوڵاتیان. |
| 11 | | سەردانكردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا لە بەنداوی دوكان لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە دوا پێشهاتەكانی زیادبوونی ئاو لە بەنداوی دوكان و كاریگەرییەكانی بۆسەر بەنداوەكە و سەروماڵی هاوڵاتیان و كاریگەری لەسەر سێكتەری كارەبا. |
| 12 | 2019/7/24 | سەردانكردنی (سەرۆك وەزیرانی عێراق) بۆ گفتوگۆكردن لە سەر شایستە داراییەكانی ساڵانی(2014-2015-2016)ی جوتیارانی هەرێم و دۆسێی هەڵوەشاندنەوەی بریاری (19/ 1359)ی نوسینگەی سەرۆكوەزیرانی پێشوی عێراق و رێوشوێنی چۆنیەتیی چارەسەركردنی مافی جوتیارانی هەرێم. |
| 13 | 2019/7/24 | بە هاوبەشی لەگەڵ (سەرۆكی رێكخراوی |

| | | |
|---|---|---|
| | | جوتیارانی سەردەم) و ( پارێزەری خۆبەخشی کەیسی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم), سەردانیکردنی وەزیری (بازرگانیی عێراق). |
| 14 | 2019/8/4 | کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خانمانی چالاکەوان و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و هاوڵاتییان، سەبارەت بە ناسەقامگیری و بێ خزمەتی شەنگال تا ئێستاو دۆخی ژنان و منداڵانی رزگاربووی ئێزدی ژێر دەستی داعش. |
| 15 | 2019/8/31 | بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکیکراوەی تایبەت بە (گرفتەکانی سێکتەری خوێندنی باڵا) بەهاوبەشیی لەگەڵ (د. بەهار مەحمود ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان سازیکردبوو بۆ مامۆستایانی زانکۆ بۆ ئاڵوگۆڕی بیرو ڕا لەسەر کەرتی خوێندنی باڵا. |
| 16 | 2019/9/2 | کۆبوونەوە لەگەڵ لێپرسراوی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان بۆگفتوگۆ لەسەر هاوتاکردنی مووچەکانییان بە مووچەی زیندانییانی سیاسی حکومەتی فیدراڵ. |
| 17 | 2019/9/25 | پێشوازیکردن لە تۆڕی هاوپەیمانیی کەمینەکانی عێراق، بۆ گوێگرتن لە کێشە و گرفت و سەرنجەکانیان. |



**ناوی ئەندام:** سەرکەوت شەمسەدین

**فراکسیۆن:** ئایندە

**لیژنە:** کاروباری ئەندامانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پڕۆژە:** 17

## خشتەی ژمارە (23)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2018/12/2 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، پێشوازیکردن لە بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند داواکارییەک بۆ ئاسان ڕاییکردنی کاروباری هاوڵاتیان لەبەڕێوەبەرایەتی ناوبراو . |
| | | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشوازیکردن لە (تەڤگەری ئازادیی) سەبارەت بە داخستنی بارەگاکانیان. |
| 2 | 2019/1/3 | بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نوێنەرێکی دیکەدا، ).سەردانکردنی نوسینگەی پارێزگای هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجامدانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ |

| | | |
|---|---|---|
| | | (کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە)، تایبەت بە کەمتەرخەمی حکومەتی عێراقی، لەجێبەجێکردنی یاسا دەرچووەکانی پەیوەندیدار بە قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی بەعس، لە بەرژەوەندی شار و پارێزگای هەڵەبجە وەک ناوچەکانی دیکەی عێراق. |
| 3 | 2019/2/9 | بەشداریکردن لە کەمپینی " بوژاندنەوەی پارکی گشتی سەیدسادق"، کە لەلایەن رۆژنامەنوسان و تیمەکانی شارەوانی و کۆمپانیای گایرێکس و بەشێک لە خەڵکی خۆبەخش، ئەنجامدرا. |
| 4 | 2019/4/4 | سەردانکردنی بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری شاری سلێمانی سەبارەت بە چۆنێەتی (تەملیککردنی کارگەی جگەرە و زەوییەکانی دەوروبەری لەسەر بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی و کردنەوەی سندوقی پشتگیری فلیمی عێراقی و پەیوەندی دامەزراوەکانی سینەماو شانۆی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە). |
| 5 | 2019/4/14 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بۆ پێداچونەوە بە سەرجەم سکاڵا و مامەڵەی گرێبەست بۆ راستکردنەوەی ئەو نادادگەریەی کراوە بەرامبەر بە ژمارەیەک |

| | | |
|---|---|---|
| | | کارمەندانی گرێبەستی کۆمیسیۆنی هەڵبژادنەکان. |
| 6 | 2019/5/7 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەرانی کارمەندانی پێشووی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی سلێمانی. |
| 7 | | سەردانکردنی شارۆچکەی کفری و گفتوگۆکردن لەگەڵ گەنجانی ناوچەکەدا. |
| 8 | 2019/5 | بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە هەمەوارکردنەوەی یاسای مافی کرێکاران و خانەنشینانی عێراق. |
| 9 | 2019/5/15 | بەشداریکردن لە پانێلی "گەندەڵی و ئاشتی" لە کۆنفرانسی ئاشتی سوید (دیداری ستۆکۆڵم 2019)و باسکردن لە گرفتەکانی بەردەم ئاساییکردنەوەی دۆخی عێراق، بەرقەرارکردنی ئاشتی، هەڕەشەکانی بەردەم دیموکراسی و سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نوێی گەندەڵی لە عێراق وەک سیاسەتکردن بە مەزادی کڕین و فرۆشتن بە پۆست و گرێبەستی دەیان ملیۆن دۆلاری. |
| 10 | 2019/6/10 | بەیاوەری نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | نوێنەرانی عێراق، سەردانکردنی بەڕێوبەرێتی پاسپۆرتی سلێمانی، مەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی دەرهێنانی پاسپۆرتی هاووڵاتیانی دەرەوەی پارێزگاو دەروازە سنوورییەکان. |
| 11 | 2019/6/13 | .سەردانکردنی دادگای فیدراڵی عێراق بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا، بەمەبەستی بەدواداچون بۆ کەیسی سکاڵای وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵ لە سەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم. |
| 12 | 2019/6/19 | سازدانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بەهاوبەشی لەگەڵ دوو ئەندامی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەران، سەبارەت بە دۆسییەی نەوت لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم. |
| 13 | 2019/6/20 | لەچوارچێوەی کارێکی بەدواداچونی پێکەوەیی لەگەڵ (ئەحمەد حاجی ڕەشید) سەردانکردنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی یەک و دووی سلێمانی. |
| 14 | 2019/7/15 | بەیاوەری شاندێکی بانکی ڕافیدەین لە بەغداد، سەردانکرنی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرێتی تۆمارگەی خانووبەرەی ڕۆژهەڵات و بانکی ڕەشیدو بازاری شاری سلێمانییان بەسەرکردەوە، بە مەبەستی بەئاگابوون و بەدواداچونی نرخی موڵک و کەلوپەل لەپارێزگاکەدا . |

| | | |
|---|---|---|
| .15 | 2019/7/23 | بەدواداچوون بۆ سکالای هاووڵاتیان تایبەت بە دواکەوتنی دەرهێنانی پاسپۆرت وبوونی قەرەباڵغییەکی زۆر لەبەردەم فەرمانگەی پاسپۆرتی سلێمانی، ئاراستەکردنی نوسراوێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاسپۆرت لە بەغداد، بۆ زانینی هۆکاری دواکەوتنی دەرهێنانی پاسپۆرت لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق. |
| .16 | 2019/8/6 | لە سەر بانگهێشتی ناوەندی (ئەتلەنتیک کاونسڵ) لە ئەمریکا، بەشداریکردن لە دیبەیتی تایبەت بە(پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر، پرسی گەندەڵی و ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، گفتوگۆکرنی پرسەکانی ئەمەریکا و ئێران و ڕۆڵی عێراق). |
| .17 | 2019/8/6 | کۆبوونەوە لەگەڵ (باير من الينكتون) ئەندامی کۆنگریسی ئەمریکا. |



**ناوی ئەندام:** هۆشیار عەبدوڵا

**فراکسیۆن:** گۆڕان

**لیژنە:** دارایی

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پڕۆژە:** 17

## خشتەی ژمارە (24)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2018/11/17 | کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی یەکە ئیدارییەکانی پشتدەر و سەنگەسەر، بەمەبەستی تاوتوێکردنی زیانەکانی لافاوەکانی مانگی ئۆکتۆبەر لە سنوری پشدەرو قەرەبووکردنەوەی دانیشتووانی دەڤەرەکە. |
| 2 | 2019/1/7 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا پێشوازیکردن لە شاندێکی کۆمەڵەی تالاسیما، بۆ گفتوگۆکردن لەسەرەکێشەو پێداویستییە پزیشکییەکانی نەخۆشی تالاسیما. |
| 3 | | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشوازیکردن لە هاوڵاتییان گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان |
| 4 | 2019/4/2 | سەردانکردنی فەرمانگەکانی کارتی نیشتیمانی (پشدەر و هێرۆ)، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کەموکوڕی و پێداویستیەکانیان. |
| 5 | 2019/6/19 | سازدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەهاوبەشی لەگەڵ دوو ئەندامی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەران، سەبارەت بە دۆسییەی نەوت لەنێوان عێراق و حکومەتی هەرێم. |
| 6 | 2019/7/21 | ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ سەفیری ژاپۆن لە عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| 7 | 2019/7/23 | بەهاوبەشـــی لـەگـەڵ ئـەنـدامانی لیـژنەی دارایـی بەسـەرکردنەوەی چەنـد پرۆژەیەکـی ئاوەدانکاری و خزمەتگوزاری لە پارێزگای کەربەلا. |
| 8 | 2019/7/24 | سـەردانکردنی (سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق) بـۆ گفتوگـۆکردن لە سـەر شایسـتە داراییـەکانی سـالانی(2014-2015-2016)ی جوتیـارانی هـەرێم و دۆسـێی هەڵوەشـاندنەوەی بڕیـاری (1359/19)ی نوسـینگەی سـەرۆکوەزیرانی پێشـوی عێـراق لـە(2018/1/28)داو گفتوگـۆ لەسـەر ڕێوشـوێنی چۆنیـەتیی چارەسـەر کردنـی مافی جوتیارانی هەرێم. |
| 9 | 2019/7/24 | بەهاوبەشـــی لەگەڵ (سـەرۆکی ڕێکخـراوی جوتیـارانی سـەردەم)و (پـارێزەری خۆبەخشـی کەیسی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم) سـەردانیکردنی وەزیـری (بازرگـانیی عێـراق)و بـۆ نـاردنی دۆسـێی قـەرزی جوتیـارانی هـەرێم بـۆ سـەرۆکایەتیی ئەنجومـەنی وەزیرانـی عێـراق بـۆ بڕیاردانی کۆتایی لەسەر خەرجکردنی. |
| 10 | 2019/8/28 | بەدواداچـون بـۆ ئەو پـڕۆژەیەی کە بـۆ قەڵادزێ بە بـڕی دوو ملیار دینـار لە بـودجەی سـاڵی (2019) جێگیرکراوە. |
| 11 | 2019/9/3 | لە نوسـینگەی سـلێمانی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق، گـوێگرتن و بەدواداچـوون بـۆ کێشـەی هاووڵاتیان. |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | 2019/9/22 | وەک لیژنەی دارایی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەک بەمەبەستی ئامادەکردن بۆ دەنگدان و پەسەندکردنی ڕەشنوسی یاسای ڕاژەی شارستانی (الخدمة المدنية الاتحادي)بەڕێوەچوو. |
| 13 | 2019/9/22 | بەشداریکردن کۆبونەوە لەگەڵ باڵوێزی ژاپۆن لە عێراق و شاندێکی (الشركاء الدوليين). |
| 14 | 2019/9/23 | کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمینداری گشتیی و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیارەکانیان تایبەت بە موازەنەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ساڵی (2020). |
| 15 | 2019/9/24 | بەشداریکردن لە وۆرک شۆپێک لەسەر یاسای هاوبەشیی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. |
| 16 | 2019/9/25 | پێشوازیکردن لە تۆڕی هاوپەیمانیی کەمینەکانی عێراق، بۆ گوێگرتن لە کێشەو گرفت و سەرنجەکانیان. |
| 17 | 2019/9/25 | پەیوەندیکردن بە وەزیری بازرگانی عێراق بەمەبەستی بەدواداچون بۆ پارەی گەنمی جوتیاران سەبارەت بە شایستە داراییەکانی ئەمساڵی جوتیاران. |



**ناوی ئەندام:** حەسەن ئالی ئەحمەد

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**لیژنە:** هەرێمەکانو پارێزگاکان

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 12

## خشتەی ژمارە (25)

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| .1 | 2018/10/29 | سەردانکردنی زیانلێکەوتوانی لافاوەکەی ناوچەی باڵەکایەتی (وەرتێ و خانەقاو بەرگرکەو بنەوس و رەژۆکەریان و جۆمبەرو ماونان و دۆڵی باڵەکایەتی و دۆڵی شاوری). |
| .2 | 13- 2019/2/14 | بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێکی تایبەت کە لەلایەن رێکخراوی (NDI) ئەنجامدرابوو لەسەر چۆنێتی گەیشتن بەدەنگدەران و هاوڵاتیان و گوێ گرتن لە کێشەکانی هاوڵاتیان. |
| .3 | 2019/3/13 | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەیەك لەنێوان لیژنەی هەرێمەکانو پەیمانگای حەوکەمەی کەندی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند بڕگەو بابەتێکی گرنگ بەمەبەستی چالاککردنەوەیان لە سەرتاسەری عێراقداوکارکردن پێیان. |
| .4 | 2019/4/16 | بەهاوڕێیەتی (شیروان میرزا) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازکرا لە لە نوێنەرانی جوتیارانی کوردستان کە ژمارەیان هەشتاجوتیار بوو کە بۆ شایستە دارایەکانیان هاتبوون بۆ بەغداد. |
| .5 | 2019/4/16 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوە جێگری دووەمی |

| | | |
|---|---|---|
| | | سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆک کۆماری عێراق لەگەڵ جوتیارەکوردەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك. |
| 6 | 2019/4/23 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بانگهێشتکردنی لقی سلێمانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ لێپێچینەوە لە دۆسیەی نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمسیۆن بۆ بنکەکانی بایۆمەتری و بڕیاردرا لە بەغداوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت و بەدواداچونی زیاتر بکرێت. |
| 7 | 2019/5/13 | سەردانکردنی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بەمەبەستی گفتوگۆکردن لە سەر پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |
| 8 | 2019/7/17 | سەردانیکردني بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، ئامانج لە سەردانەکە پێشکەشکردنی چەند پێشنیارو داواکارییەک بوو، سەبارەت بە باشترکردنی مامەڵەی کارمەندانی ئاسایش لەگەڵ هاووڵاتیاندا و بەتایبەت گرووپە گەشتیارییەکانی پارێزگاکانی عێراق و دەرەوە. |
| 9 | 2019/8/5 | سەردانکردنی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، مەبەستی سەردانەکە بە دواداچوونی چۆنێەتی بەڕێوەچوونی ئیشوکاری دادگاکان و چۆنێتی |

| | | |
|---|---|---|
| | | راییکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان و مامەڵەی کارمەندانی دادگاکان لەگەڵ هاوڵاتیاندا. |
| 10 | 2019/8/6 | سەردانکردنی رێکخراوی پەری بۆ گەشەی مرۆیی لە سلێمانی. |
| 11 | 2019/8/7 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک شارەوانییەکانی (بازیان، ئەڵلایی، تەیناڵ، بەردەقارەمان و گۆپاڵە)، بەمەبەستی گوێگرتن لەکێشەکانیان و چۆنێتی بەرێوەچوونی کارەکانیان و چارەسەرکردنی لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنیان لەپێناوی خزمەتکردنی هاوڵاتیان دا. |
| 12 | 2019/9/1 | سەردانکردنی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی دامەزراوەکانی کەرکوک، پاش ئەوەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بریاری گەرانەوەی ژمارەیەک کارمەندی دامەزراوەکانی کەرکوک دەردەکات، کەلە ساڵی (2008)ەوە بەهۆی دۆخی سیاسی و ئەمنی لە خزمەت دابراون. |



**ناوی ئەندام:** بڵێسە عبدالجبار فەرمان

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**لیژنە:** شەهیدانو مافەکانی مرۆڤ

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 10

**خشتەی ژمارە (26)**

| ژ | بەروار | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1. | 2018/12/20 | سەردانکردنی سەرۆکی ڕەوتی حیکمە لەبارەی پێکهاتەی نوێی حکومەتی عێراقی و پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغداد. |
| 2. | 2019/2/3 | بەشداریکردن لە (دیداری ڕافیدەین) لەشاری بەغداد. |
| 3. | 2019/3/13 | بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری حکومەت کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری پلاندانان و بریکاری وەزارت و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ئەو وەزارەتە. |
| 4. | 2019/3/15 | بە دواداچوون بۆ پلانی 5 ساڵەی حکومەت لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو کشتوکاڵ و هەروەها چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و بێکاری. |
| 5. | 2019/4/20 | بەشداریکردن لە چالاکیەکی ڕێکخراوەیی سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین. |
| 6. | 2019/4/24 | بەشداریکردن لە ورکشۆپێکی تایبەتی ڕێکخراوی (NDI) سەبارەت بە بەشداریکردنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | ژنان لە پرۆسەی سیاسی دا و گەیشتنیان بە ناوەندی بڕیار و ئەو کێشەو تەگەرانەی دووچاری دەبنەوە. |
| .7 | 2019/8/4 | بەشداریکردن لە کەمپینی هاوکاری بۆ کەمئەندامانی سلێمانی. |
| .8 | | کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خانمانی چالاکەوان و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و هاوڵاتییان، سەبارەت بە ناسەقامگیری و بۆ خزمەتی شەنگال تا ئێستاو دۆخی ژنان و منداڵانی رزگاربووی ئێزدی ژێر دەستی داعش. |
| .9 | 2019/9/17 | دیدارێك لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراقو گفتوگۆکردن لەچوارچێوەی کارکردن بۆ نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی و چەسپاندنی یەکسانی جێندەری لە عێراقدا. |
| .10 | 2019/9/17 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی لیژنەی پلانی ستراتیژی و چاودێری کارنامەی حکومەت لە پەرلەمانی فیدراڵی و تاوتوێکردنی ڕێژەی جێبەجێکردنی کارەکانی حکومەت، هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەت لە چەند مانگی رابوردوودا و دەستنیشان کردنی کەموکوڕیەکانیان. |

# بەشی دووەم

## تایبەت بە:

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

# بـەشـی دووەم

## چالاکییەکانی پرۆژەی

## (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)

## (2019/9/30 – 2018/10/1)

## تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەم پرۆژەی هەروەك سالانی پێشوو، چەند چالاکییەکی جۆراو جۆری لەخۆ گرتووە، ئەمە جگە لەوەی لە پرۆژەی ئەمساڵدا پاش وەرگرتنی رەزامەندی (رێکخراوی (NED)ی ئەمریکی وەك لایەنی بەخشەری پرۆژەکە) بەفراوانکردنی پرۆژەکە بەجۆرێك چالاکییەکان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەردوو (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بگرێتەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندیان لەگەڵ هاوولاتیاندا.

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر تەواوی ئەو چالاکییانەی کە تیمی پرۆژە لەماوەی (2018/10/1) بۆ (2019/9/30) بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامیداون.

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە کورتکراوەی چالاکییەکانی پرۆژەکەیە:

## خشتەی ژمارە (1)

## چالاکییەکانی پرۆژە

| ز | چالاکییەکانی پرۆژە |
|---|---|
| چالاکی یەکەم | بەدواداچوونی رۆژانە بۆ کارو چالاکی ئەنجومەنی پارێزگاو ئامادەبوون لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەندا. |
| چالاکی دووەم | ئەنجامدانی (10) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ بەناوی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی) بۆ دەستەی سەرۆکایەتیو ئەندامانی ئەنجومەن، لەرادیۆی (نەوا). |
| چالاکی سێیەم | ئەنجامدانی (4) گفتوگۆیکراوە تایبەت بەسێکتەرە سەرەکییەکانی پارێزگای سلێمانی. |
| چالاکی چوارەم | فراوانکردن و بەردەوامیدان بە پێگەی ئەلکترۆنی رێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) (www.keodd.org). |
| چالاکی پێنجەم | ئامادەکرن و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی پێنجەم، بەناوی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |

### پوختەی چالاکییەکان

**چالاکی یەکەم/** ئەگەرچی لە بەرواری (2018/9/24) ماوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتاییهات، بەڵام تا ڕادەیەکی باش ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەردان و بەدواداچوونەکانی هەڵنەپەسارد، بەڵکو بەردەوام بوون لەسەر کارەکانیان، ئەوەی راگیرا تەنها کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بوو.

بۆیە تیمی پرۆژەش بەردەوام بوو لە چاوپێکەوتنو دیداری دەستەی سەرۆکایەتیو ئەندامانی ئەنجومەنو هەروەها بەردەوام بوو لە چاودێریکردنو بەدواداچوون بۆ چالاکییەکانی لیژنە

هەمیشەییەکانو لیژنە تایبەتەکانی ئەنجومەنو دواتریش نووسینی راپۆرتی بەدواداچوونی مانگانە لەلایەن تیمی پرۆژەوە.

**چالاکی دووەم/** بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی تیمی پرۆژە کردوویانە، دەرکەوتووە کە (بەرنامە رادیۆییەکان) لای هاووڵاتیان گرنگی تایبەتی هەبووە، هەر لەبەر ئەمەش بوو بۆ ساڵی چوارەم رێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) هەستا بە ئەنجامدانی (11) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەرادیۆی (نەوا)، هەر بەرنامەیەکیش لە سێ بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەمی تایبەتبوو بە ناساندنی ئەنجومەنو کارو تایبەتمەندی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنو گرنگترین پرسەکانی تایبەت بە پارێزگای سلێمانی، لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە، لەبەشی دووەمیشدا لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە سەرنجو پرسیارو رەخنەی هاووڵاتیان وەردەگیراو ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیو ئەندامانی ئەنجومەن دەکراو لە بەشی سێیەمو کۆتایی بەرنامەکەشدا ئەندامانی ئەنجومەن وەڵامی هاووڵاتیانیان دەدایەوە. هەر لەبەر گرنگی بەرنامەکان، لە پرۆژەی ئەمساڵدا ئەگەرچی بریار بوو (10) بەرنامە پێشکەشبکرێت، بەڵام بەهۆی گرنگی بەرنامەکان لەلایەن هاووڵاتیانەوە، بەرنامەیەکی دیکەشمان زیادکردو بەمەش کۆی بەرنامەکان بوون بە (11) بەرنامە، سوپاس بۆ رادیۆی نەاو کە بەرنامەی کۆتایی خۆبەخشانە بۆ پەخش کردین. هاوکات بەرنامەکە لە پێگەی ئەلکترۆنی رادیۆی (نەوا)و پێگەی ئەلکترۆنی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)و لەسەر تۆری کۆمەڵایەتی (فەیسبووک)یش بڵاودەکرایەوە.

## خشتەی ژمارە (2)
## پێشکەشکردنی بەرنامە رادیۆییەکان

| ژ | بەروار | میوانی بەرنامە |
|---|---|---|
| .1 | 2019/2/10 | ئـازاد مـحەمەد ئەمـین/ سـەرۆکی ئەنجـومەنی پارێزگای سلێمانی. |
| .2 | 2019/2/17 | بەرزان شـێخ محەمەد/جێگـری سـەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. |
| .3 | 2019/2/23 | مەهـدی مەحـمود/ سـکرتێری ئەنجـومەنی پارێزگای سلێمانی |
| .4 | 2019/3/3 | نیاز ئەحەمەد حەمەلاو/ سەرۆکی لیژنەی پەوەردە |
| .5 | 2019/3/10 | مـحەمەد رسـول مـراد/ سـەرۆکی لیـژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانی. |
| .6 | 2019/3/17 | رەسول عەبدولا/ سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| .7 | 2019/3/24 | کاسترۆ مەعروف/ سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوو کارگێڕی و ئابوری. |
| .8 | 2019/3/31 | رزگـار حەمە نـوری/ سـەرۆکی لیـژنەی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان و کەئەنـدامانی سەنگەر. |
| .9 | 2019/4/7 | بەرزان حامد/ سەرۆکی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش. |
| .10 | 2019/3/24 | کەریم عەلی/ سەرۆکی لیژنەی پیشەسازیو وزە. |
| .11 | 2019/3/31 | رەمەزان نامق/ سەرۆکی لیژنەی پلانو پرۆژەکان. |

چـــالاکی ســـێیەم/ ئەنجامـدانی (4) چـوار گفتوگـۆیکراوە تـایبەت بە سێکتەرە گرنگەکانی پارێزگای سلێمانی.

لە مـــاوەی رابـــردوودا لە چەنـــدین کێشـــەو گرفـــت رووبەڕووی پارێزگـای سـلێمانی بـوویەوەو کە کـاریگەری نەرێنیـان بە سـەر پارێزگاکەوە هەبوو، لەوانەش:

1. پیسـبوونی ژیـنگەی پارێزگـای سـلێمانیو بەرزبـوونەوەی رێـژەی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە.
2. گرفتەکـانی ئـاوی خـواردنەوەی مـاڵان بە تـایبەت لە وەرزی هاویـندا و نـارەزایی هاووڵاتیـان لە خراپـیو گرانـی پێـوەری ئـاوی ماڵان.
3. فەرامۆشـکردنی پـایتەختی رۆشـنبیری، لە پـرۆژە رۆشـنبیریەکانو نەبـوونی ژێرخـانی رۆشـنبیری، لە کاتێکـدا ئەم سـێکتەرە بـودجەیەکی تـایبەتی بـۆ دابینکـراوە بە بـڕی (20.000.000.000) بیسـت ملیـار دینـار، بەنـاوی (بـودجەی پایتەختی رۆشنبیری).
4. گرفتـی خراپـی شـەقامەکانی نـاو سـەنتەری شـاری سلێمانی و داواکەوتنی شەقامی (100) مەتری.
5. زۆر بـوونی رووداوەکـانی هـاتووچۆو گیـان لەدەسـتدان بەهـۆی خراپـی رێگاکـانی بەسـتنەوەی سـلێمانی بە قەزاو ناحیەکـانەوە، بەتـایبەت رێگـای (سـلێمانی - رانـیە)، (سـلێمانی - کەلار).
6. کێشەو گرفتەکانی یەکەکانی نیشتەجێبوون.

7. قەیرانی دابین نەکردنی سوتەمەنی و نەوتی سپی بەسەرهاووڵاتیاندا.
8. وەستانی زیاتر لە (1100) هەزارو سەد پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارەکانی راپەرین گەرمیان.

بۆ ئەم مەبەستەو لە پێناو ئەوەی زووتر چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە، بە پێویستزانرا ئەم کێشەو گرفتانە راستەوخۆ بخرێنە بەردەست لیژنە هەمیشەییەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) تا ئەوانیش لەرێگەی خۆیانەوە فشار بخەنە سەر لایەنی جێبەجێکار بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان.

(رێکخراوی کوردستان بۆهەموان) لە پرۆژەی ئەمساڵیدا ئەم کێشەو گرفتانەی لە شێوەی (بەرنامەی رادیۆیی و گفتوگۆیکراوە)دا خستۆتە بەردەست (ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، وەک نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراون.

لێرە بە پێویستی دەزانین پێش ئاماژەکردن بۆ چالاکی (گفتوگۆکراوەکان)، وەك بیرخستنەوەیەك بۆ هاووڵاتیانو دەنگدەرانی سنوری پارێزگای سلێمانی، بەشێك لە دەسەڵاتو تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009) (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)دا دیاریکراون بخەینەڕوو، چونکە هەر لەم روانگەیەشەوە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) بەو چالاکییانە هەستاوە:

# (ئەنجومەنی پارێزگاو تایبەتمەندییەکانی)

**لە(ماددەی پێنجەم)ی یاساکەدا هاتووە:**

ئەنجومەنی پارێزگا دەستەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنوری کارگێڕی پارێزگاداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەناو سنووری پارێزگادا دەربچوێنێت، تاکو بتوانێت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بە پێی پرنسیپی نا سەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێری بکات بە جۆرێکی وا کە ناکۆکنەبێت لەگەڵ دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا.

**هەروەها لە (ماددەی شەشەم)دا تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی بەمشێوەیەدیاریکردووە:**

**لە خاڵی چوارەمی ماددەی شەشەمدا هاتووە:**

1. لێپچینەوەکردن لەگەڵ پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی دەبێ و لە کاتی قەناعەت نەهاتنی زۆرینەی سادە بە وەڵامەکانی لێپچینەوە لەگەڵکراودا، ئەوا داوای لادانیان (الاقالە) لە دانیشتنێکی دووەمدا دەخرێتە دەنگدانەوە و پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی بە لادراو دادەنرێن دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی و داواکاریی لادانەکە یان ڕاسپاردنی، دەبێت پشت بە یەکێك لەو هۆیانە ببەستێت کە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

پێنجەم:

1. ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە پرۆژەی بودجەی پارێزگادا.

2. پەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوەو بە رەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەندامانی رەوانەی کراوە، بەو مەرجەی پێوەرە یاسایی و سیستەمیەکان لە دابەشکردنی تەرخانکراوەکان بۆ سەنتەری پارێزگا و قەزاو ناحیەکان رەچاو بکرێن و پاشان بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بەرز بکرێتەوە.

شەشەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانو دانانی پلانی ستراتیژی بۆ گەشە پێدانی بە جۆریك کە لەگەڵ گەشەپێدانی نیشتمانی و هەرێمدا بگونجێ.

هەشتەم: دەرچوواندنی بڕیارو پێڕەوو رێنماییەکانو پێشکەشکردنی راسپاردەکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێریو دارایی‌و چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە پارێزگا دا.

نۆیەم: پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە رێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

دەیەم: دەستنیشان کردنی پێشینیەکانی(اولويات) پارێزگا لە پرۆژەکان و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی خۆجێیەتی لە ناو بودجەی ساڵانەدا هاتبێت بۆ وەزارەتێك هەمواربکات بە هەماهەنگی لەگەڵیدا بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی بە مەرجێك ئەو هەمواركردنە نەبێتە مایەی زیادبوونی ڕادەی خەرج کردنی باسکراو لە پلانەکان و هەروەها بەو مەرجەی کە لەگەڵ کارایی جێبەجی

کردنی ئامانجە نیشتمانیەکان لە هەرێمدا ناکۆك نەبێ و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی تر بەرەزامەندیی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەموار بکا یاخود رایبگرێ.

یازدەم: چاودێریکردنی گشت چالاکییەکی دەستەکانی جێبەجێ کردنی خۆجێیەتی بۆ زامن کردنی باش جێبەجێکردنی کارەکانی بێجگە لە دادگاکان و یەکە سەربازییەکان و پاسەوانی هەرێم(پێشمەرگە) زانکۆ و کۆلێجەکان و پەیمانگاکانی فێرکردنی بالا و تۆژینەوەی زانستی و ئەو فەرمانگانەی کە تایبەتمەندیی فیدرالییان هەیە لە پارێزگاکەدا.

3. پێشنیارکردنی لەسەرکار لادانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگا بە زۆرینەی رەهای دەنگی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر داوای پارێزگار یان 5\1 پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانی وبەرزکردنەوەی لە رێگای وەزیری پسپۆرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش مافی لادانی هەیە بە بە پشتبەستن بە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە.

چواردەم: پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لە نێوان ئەندامانی بۆ چاودێریکردنی دەزگا یان چالاکی دەستەکانی جێبەجێکار لەسەر ئاستی پارێزگا و بۆی هەیە پشت بە شارەزا و راوێژ کاران ببەستێ).

**بەلام ئەوەندەی تێبینیکراوە لەماوەی سالی رابردوودا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەرەرای ئەو هەموو کێشەو گرفتەی کە ئاماژەیان پێکرا، تەنها خالی (هەشتەم) لە ماددەی (شەشەم)دا جێبەجێکردووە، کە بریتییە لە دەرکردنی بریارو راسپاردەکان، لەگەل خالی (چواردەم) لە ماددەی (شەشەم)دا.**

بەدواداچوونی لیژنە هەمیشەییەکانیش لە ئاستی پێویستدا نەبووە، بەشێکی زۆری ئەو یاداشت و نوسراوانەی لەلایەن لیژنە هەمیشەیەکانەوە ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کراوەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیداری کردووە، بەڵام زۆربەی ئەم نوسراوانە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە وەڵامیان نەبووە، یان داواکاری و پێشنیاری لیژنەکان رەتکراوەتەوە.

بۆ نموونە لە کۆی ئەو (562) نوسراوەی گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە (413) نوسراویان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە بەرزکراوەتەوەو لەم ژمارەیەش تەنها (129) نوسراویان لایەنی پەیوەندیدار کاری لە سەر کردوون.

## خشتەی ژمارە (3)

## ئەنجامدانی (4) چوار گفتوگۆیکراوە تایبەت بە سێکتەرە گرنگەکانی پارێزگای سلێمانی

| بەروار | تەوەر | ئەندامی ئەنجومەن | لیژنە | ژ. ئامادەبوان |
|---|---|---|---|---|
| 2019/7/9 | هەمواری یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 | - رەسول عەبدوڵا<br>- صەباح فەتاح | کاروباری یاسایی | 32 |
| 2019/7/30 | گرفتەکانی سێکتەری رۆشنبیری | - ئاڤان جەمال<br>- هاوسەر هۆشیار<br>- کاسترۆ مەعروف | رۆشنبیری و هونەر | 46 |
| 2019/7/31 | ژینگەو پرۆژەی ریسایکلین | - رێبوار ئەحمەد<br>- رەمەزان نامق | - تەندروستی و ژینگە<br>- پلان و پرۆژەکان | 53 |
| 2019/8/2 | گرفتەکانی ئاو و پێوەری ئاو | محەمەد رەسول | خزمەتگوزاری و شارەوانی | 58 |
| کۆی گشتی | | 8 | 5 | 186 |

## چـــالاكی چـــوارەم/ فراوانكـــردنو بەردەواميـــدان بە پـــێگەی ئەلكترۆنـــی (ڕێكخـــراوی كوردســـتان بـــۆ هەمـــووان) (WWW.KEODD.ORG)

ئەم پـێگەیە وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆكرد، گرنگـی بە رايەڵەی پەيوەنـــدی هاووڵاتيـــان و نـــوێنەرانی دەدات لە هەردوو ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق و پارێزگـــای ســـلێمانيدا، بەمەبەســـتی دەوڵەمەنـــدكردنی هاووڵاتيـــان بە زانيـــاری لەســـەر نوێنەرەكانيـــان، هەروەهـــا پـــێگەكە لەلايەن نـــوێنەرانی پارێزگـــای سلێمانيشـــەوە گرنگـیو بـايەخی تـايبەتی هەيە، بەوەی كە پـێگەكە تايبەتمەندە بە بڵاوكـــردنەوەی زانيـــاری و چـــالاكی لەســـەر نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی لە هەردوو (ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق)و (ئەنجـــومەنی پارێزگای سلێمانی).

بەشەكانی پێگەی ئەلكترۆنی (ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان)
پێگەكە لەچەند بەشێك پێكدێت كە بريتين لە:

1. چالاكييەكانی ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان.
2. هەواڵەكانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
3. زانياری تايبەت لەسەر دەستەی سەرۆكايەتی ئەنجومەنی پارێزگا.
4. بڵاوكردنەوەی زانياری كەسی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن.
5. گۆشـــەی بيـــروڕا، كە تـــايبەتە بەو بابەتـــانەی لەلايەن ئەنـــدامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەنوسرێت و سەرنج و ڕای هاووڵاتيان سەبارەت بە كێشەكانی پارێزگای سلێمانی.
6. زانياری لەسەر ليژنە هەميشەييەكانی ئەنجومەن.

7. راپۆرت و بڵاوکراوەکانی رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان لەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

**خشتەی ژمارە (4)**

**سەردانکردنی پێگەی ئەلکترۆنی (www.keodd.org)**

| ز | بەشەکان | ژ. سەردان |
|---|---|---|
| 1. | چالاکییەکانی رێکخراو | 25.093 |
| 2. | هەواڵەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | 24.552 |
| 3. | هەواڵەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 9.700 |
| 4. | بیرورا | 8.160 |
| 5. | یاساکان | 2.550 |
| 6. | راپۆرتەکانی رێکخراو | 1.395 |
| 7. | گەلەری | 1.310 |
| 8. | پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | 219 |
| 9. | بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | 180 |
| کۆی گشتی | | 74.959 |

# کۆبوونەوەکانی
# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
# لە ماوەی
# (2018/10/1 -2019/9/30)



## کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
## لە ماوەی (2018/10/1 -2019/9/30)

- بەهۆی تەواوبوونی ماوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەکانی راگرتو دوا کۆبوونەوەی لە (2019/4/14)دا ئەنجامدا، تا ئەوکاتەی هەمواری یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009) کرایەوە و پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ئەنجومەنەکان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش لە بەرواری (2019/7/21)دا یاساکەی واژۆکردو لە بەرواری (2019/7/31)دا لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاوکرایەوە.

لە دوای هەمواری یاساکە، ئەنجومەنی (پارێزگای سلێمانی) لە بەرواری (2019/9/10)دا یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا.

## خشتەی ژمارە (5)

## کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەماوەی

(2019/9/30□2018/10/1)

| ز | بەروار | ژمارەی کۆبوونەوەکان | ژمارەی بڕیارەکان | ژ.ئامادەبووان | ژ. ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| .1 | 2018/12/11 | 49 | 5 | 28 | 4 |
| .2 | 2018/12/18 | 50 | 4 | 28 | 4 |
| .3 | 2019/1/22 | 51 | 2 | 28 | 4 |
| .4 | 2019/2/12 | 52 | 3 | 27 | 5 |
| .5 | 2019/4/14 | 53 | 0 | 27 | 5 |
| .6 | 2019/9/10 | 54 | 2 | 29 | 3 |
| کۆی گشتی | | | 16 | 167 | 25 |

رۆژ: سێشەممە
بەروار: 2018/12/11
کات: (10:00 – 12:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (28)
ئامادەنەبووان: (4)

## بەرنامەی کاری کۆبوونەوە:

1. سەرخستن و سوێند خواردنی پالێوراوی یەدەگ بەڕێز (بەرزان حامید سەعید) لە جێگای بەڕێز (دانا محمەد جەزا عەلی).
2. سەرخستن و سوێند خواردنی پالێوراوی یەدەگ بەڕێز (اسماعیل عەلی محەمەد هەمزە) لە جێگای بەڕێز (غالب محمەد عەلی).
3. سەرخستن و سوێند خواردنی پالێوراوی یەدەگ بەڕێز (دیمەن رەزا رەشید رەزا) لە جێگای بەڕێز (سەلمە فاتیح تۆفیق).
4. پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێز (ئەنوەر تاهیر محەمەد صالّح) لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن .
5. بەخشینی متمانە بە بەڕێز (بەرزان محەمەد صالّح)و دانانی وەك جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

## بڕیارەکانی (چلو نۆ)یەمین کۆبوونەوە لە (2018/12/11)دا

## بڕیاری ژمارە (19)ی ساڵی (2018)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2018/12/11) لە کۆبوونەوەی (49)چل نۆهەمی خۆیدا (بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام بڕیارماندا بە:

1. پەسەندکردنی بەخشینی بەڕێز (ئەنور تاهیر محمد صاڵح) لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر داوای خۆی ئاماژە بە یاداشتی دەستلەکارکێشانەوەی بە ژمارە (ت) لە (2018/10/31).
2. بەڕێز (ئەنور تاهیر محمد صاڵح) وەك ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کارکردن بەردەوام دەبێت.
3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی دەرکرا لە بەرواری (2018/12/11).
4. پەسەندکرا بە دەنگی (25) ئەندام لە کۆی (31) ئەندامی ئامادەبوو.

## بڕیاری ژمارە (20)ی ساڵی (2018)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2018/12/11) لە کۆبوونەوەی (49)چل و نۆهەمی خۆیدا (بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام بڕیارماندا بە:

1. هەڵبژاردنو دانانی بەڕێز (بەرزان محەمەد صالح) وەك جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە جێگای بەڕێز (ئەنوەر تاهیر محەمەد صالح) پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی شەشەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.
2. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت.
3. لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری (2018/12/11).
4. پەسەندکرا بە دەنگی (24) ئەندام لەکۆی (31) ئەندامی ئامادەبوو.

**بڕیاری ژمارە (21)ی ساڵی (2018)**

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2018/12/11) لە کۆبوونەوەی (49)چل نۆهەمی خۆیدا (بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام بڕیاریدا بە:

1. سوێندخواردنی پاڵێوراو (بەرزان حامد سەعید) لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتیو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (16)ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق وەك ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە.

2. پێشنیوەرۆ دەستبەکاربوونی پاڵێوراو (بەرزان حامد سەعید) وەك ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ جێگرەوەی بەڕێز (دانا جەزا محەمەد) پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (10)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق وە بە نوسراوی ژمارە (س/1012) لە (2018/9/19)ەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان – ئۆفیسی پارێزگای سلێمانی – بەشی کاروباری پاڵێوراوان.

3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی دەرکرا لە بەرواری (2018/12/11).

4. پەسەندکرا بە دەنگی (31) ئەندام لەکۆی (31) ئەندامی ئامادەبوو.

## بڕیاری ژمارە (22)ی ساڵی (2018)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2018/12/11) چل نۆهەمی خۆیدا (بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام بڕیاریدا بە:

1. سوێندخواردنی پاڵێوراو (اسماعیل عەلی محمد هەمزە) لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتیو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (16)ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق وەك ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە.

2. پێشنیوەرۆ دەستبەکاربوونی پاڵێوراو (اسماعیل عەلی محمد هەمزە) وەك ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ جێگرەوەی

بەڕێز (غالب محەمەد عەلی) پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (10)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق وە بەنوسراوی ژمارە (س/1000) لە (2018/9/9)ەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان – ئۆفیسی پارێزگای سلێمانی – بەشی کاروباری پاڵێوراوان.

3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی دەرکرا لە بەرواری (2018/12/11).
4. پەسەندکرا بە دەنگی (31) ئەندام لەکۆی (31) ئەندامی ئامادەبوو.

**بڕیاری ژمارە (23)ی ساڵی (2018)**

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2018/12/11) لە کۆبوونەوەی (49)چل نۆهەمی خۆیدا (بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام بڕیاریدا بە:

1. سوێندخواردنی پاڵێوراو (دیمەن ڕەزا ڕەشید) لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتیو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (16)ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق وەك ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە.
2. پێشنیوەرۆ دەستبەکاربوونی پاڵێوراو (دیمەن ڕەزا ڕەشید ڕەزا) وەك ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ جێگرەوەی بەڕێز (سەلمە فاتیح تۆفیق) پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (10)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە

هەرێمی کوردستان – عێراق و بە نوسراوی ژمارە (س/1107) لە (2018/11/7)ەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان – ئۆفیسی پارێزگای سلێمانی – بەشی کاروباری پاڵێوراوان.

3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی دەرکرا لە بەرواری (2018/12/11).
4. پەسەندکرا بە دەنگی (31) ئەندام لەکۆی (31) ئەندامی ئامادەبوو.

# كۆبوونەوەی ژمارە (50)

رۆژ: پێنج شەممە
بەروار: 2018/12/18
كات: (10:00 - 12:15)ی پاش نیوەڕۆ
ژمارەی ئامادەبووان: (28)
ئامادەنەبووان: (4)

## كارنامەی كۆبوونەوە:

1. هەڵبژاردنو دەنگدان بۆ پۆستی بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەكانی گەرمیان.
2. دەنگدانو پێشنیار بۆ دووبارە پچڕاندنی گوندی (باراو) لە ناحیەی (سرۆچك) سەربەقەزای (سەیدسادق)و بەستنەوەی بە ناحیەی (سیتەك- قەزای شارباژێر) لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێم.
3. دەنگدان پێشنیاز بۆ فراوانكردنی گوندی (بەردەكۆز) لە (ناحیەی بنگرد- قەزای دوكان) لەسەر موڵكی ژمارە (32.3) كەرتی (27)ی بەردەكۆز.
4. پڕكردنەوەی میلاكی لیژنە هەمیشەییەكان.

## بڕیارەکانی (پەنجا)یەمین کۆبوونەوە لە (2018/12/18)دا

### بڕیاری ژمارە (24)ی ساڵی (2018)

ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی، لە هـــۆڵی کۆبوونەوەکـــانی ئەنجـــــــــومەن لە بەرواری (2018/12/18) لە کۆبـــــــــوونەوەی (50)پەنجـاهەمینی خۆیـدا بەسەرپەرشـتی بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام بڕیاریدا بە:

1. هەڵبـژاردنو پـاڵاوتنی ئەم پـاڵێوراوانەی کە لە خـوارەوە ناویـان هـاتووە بەرامـبەر بەو دەنگـانەی کە پێیانـدراوە بـۆ پۆسـتی (بەڕێـوبەری گشـتی شـارەوانیەکانی ئیـدارەی گەرمیـان) پاڵپیشـت بەخـاڵی (2) بـــڕگەی (دوانـــزە) لە مـــاددەی (6)ی یاســـای پارێزگاکـــانی هەرێمـــی کوردســـتان – عێـــراقو نوســـراوی ژمـــارە (113 لە 2018/9/18)ی ئیدارەی گەرمیان.

   أ.بەرزان کەریم مەحمود عەزیز (22) دەنگ.

   ب. سامان ئەحمەد سەعید صۆفی (11) دەنگ.

   ج. سەرکۆ صالح غەفور (10) دەنگ.

2. ئەم بڕیارە لە سلێمانی دەرکرا لە بەرواری (2018/12/18).
3. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت.

### بڕیاری ژمارە (25)ی ساڵی (2018)

ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی، لە هـــۆڵی کۆبوونەوەکـــانی ئەنجـــــــــومەن لە بەرواری (2018/12/18) لە کۆبـــــــــوونەوەی (50)پەنجـاهەمینی خۆیـدا بەسەرپەرشـتی بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومەنو

ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە:

1. پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ پچڕاندنی گوندی (باراو) لە ناحیەی (سەرۆچك) لە قەزای (سەیدصادق)و بەستنەوەی بەناحیەی (سیتەك) لە قەزای (شارباژێر) لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆو پاڵپشت بە بڕگەی (13) لە ماددەی (6) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2015)ی پەرلەمانو بەیانی ژمارە (8)ی ساڵی (2017)ی وەزارەتی ناوخۆ.
2. بەدەنگی (29) ئەندام پەسەندکرا لە کۆی (29) ئەندامی ئامادەبوو.
3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە (2017/12/18).

**بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2018)**

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2018/12/18) لە کۆبوونەوەی (50)پەنجاهەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە:

1. پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بۆ فراوانکردنی گوندی (بەردەکۆز) لە ناحیەی (بنگرد) قەزای (دوکان)

لەسەر موڵكی ژمارە (31و 32) كەرتی (27) بەردەكۆز لەسەر داوای بەڕێز پارێزگای سلێمانی، بەنوسراویان ژمارە (7014) لە (2018/7/24) بەڕووبەری (15) پانزە دۆنم.

2. بەدەنگی (18) ئەندام پەسەندكرا لەكۆی (29) ئەندامی ئامادەبوو.

3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە (2017/12/18).

## بڕیاری ژمارە (27)ی ساڵی (2018)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هۆڵی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن لە بەرواری (2018/12/18) لە كۆبوونەوەی (50)پەنجاهەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆكایەتیو (26) ئەندام لە كۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە:

1. هەمواركردنەوەی بڕگەی (پانزدەیەم) لە ماددەی دەیەم، لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بۆ كۆبوونەوە ئاساییەكانی ئەنجومەن لەرۆژانی سێشەممەدا دەبێت.

2. بەدەنگی (24) ئەندام پەسەندكرا لەكۆی (29) ئەندامی ئامادەبوو.

3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە (2018/12/18).

# کۆبوونەوەی ژمارە (51)

رۆژ: سێ شەممە
بەروار: 2019/1/22
کات: (10:00 - 12:30)
ژمارەی ئامادەبووان: (27)
ژمارەی ئامادەنەبووان: (5)

## کارنامەی کۆبوونەوە:

1. پڕکردنەوەی میلاکی لیژنە هەمیشەییەکان.
2. دووبارە دەنگدان لەسەر هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران) بۆ سەر ئیدارەی سلێمانی

## بڕیارەکانی (پەنجاو یەک)ەمین کۆبوونەوە لە (2019/1/22)دا

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەم کۆبوونەوەیەدا نەیتوانی بگاتە بڕیاری پێویست لەسەر ئەو کارنامەیەی دیارییان کردبوو بۆ کۆبوونەکە.

## کۆبوونەوەی ژمارە (52)

ڕۆژ: سێ شەممە
بەروار: 2019/2/12
کات: (10:00 – 12:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (27)
ژمارەی ئامادەنەبووان: (5)

### کارنامەی کۆبوونەوە:

1. دەنگدان لەسەر جێگیرکردنی بەڕێز (حسێن مەحمود ابراهیم) قائیمقامی قەزای رانیە لە وەکالەتەوە بۆ هەمیشەیی.
2. دەنگدانو بڕیاردان لەسەر هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی (2015)ی ئەنجومەن.
3. پێشنیار بۆ دیاریكردنی بڕی پاشەكەوتكراوی مووچەی مووچەخۆران.
4. گفتوگۆكردن لەسەر پێشنیارەكانی چارەسەری كێشەی هاووڵاتیان سەبارەت بە قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون.

## بڕیارەکانی (پەنجاو دوو)ەمین کۆبوونەوە لە (2019/2/12)دا

### بڕیاری ژمارە (1) ی ساڵی 2018

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2019/2/12) لە کۆبونەوەی ئاسایی (پەنجاو دووەم)ی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتیو (27) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام، ئاماژە بە نوسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین ژمارە (29) لە (2019/2/3) بڕیاریدا بە:

1.هەڵبژاردن و پاڵاوتنی بەڕێز (حسین محمود ئیبراهیم) بۆ پۆستی قائیمقامی قەزای (ڕانیە) لە ئیدارەی (ڕاپەڕین)، پاڵپشت بە خاڵی(1) بڕگەی (2) لە بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2015)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

2. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری(2019/2/12).

3. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

5.بە دەنگی (30) ئەندام پەسەند کرا.

### بڕیاری ژمارە (2) ی ساڵی 2019

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە سەرداوای سەرۆکایەتی ئەنجومەن، ئاماژە بە ماددەی (6) شەشەم بڕگەی (5) پێنجەم لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2019/2/12) لە کۆبونەوەی ئاسایی (52) پەنجاو دووهەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتیو (27) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام، بڕیارماندا بە:

1. بە هەمـــوارکردنەوەی ئەو بـــڕگەو مـــاددانەی کە پێویســـتە لە پەیـڕەوەی نـاوخۆی ئەنجومەنی پارێزگـای سـلێمانی، ئـامـاژە بە بـڕگەی (5) ماددەی (6)ی پەیڕەوی ناوخۆ ساڵی 2015.
2. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لەبەرواری (2019/2/12).
3. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.
4. بەدەنگی (30) ئەندام پەسەندکرا.

**بڕیاری ژمارە (3) ی ساڵی 2019**

ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی لە هـــۆڵی کۆبونەوەکـــانی ئەنجومەن لە بەرواری (2019/2/12) لە کۆبـونەوەی ئـاسایی (پەنجاو دووەم)ی خۆیـدا بەسەرپەرشـتی بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومەنو ئـامـادەبونی دەسـتەی سـەرۆکـایەتیو (27) ئەنـدام لە کـۆی (32) ئەنـدام، ئـامـاژە بە نوسراوی ئیدارەی راپەڕین ژمارە (29) لە (2019/2/3) بڕیارماندا بە:

1. جەخـت دەکەیـنەوە لە بڕیـاری ژمـارە (6) لە (2016/4/12) ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی سـەبارەت بە کـردنەوەی (ئەژمـاری بانکی) بۆ مووچەخۆران.
2. پێشـــنیاری هەرســـێ ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنەکـــانی پارێزگـاکـانی هەرێمـــی کوردســـتانو پارێزگارەکـانی هەرێـم لە کۆبـــوونەوەی (2017/1/7) لە باڵەخـانەی ئەنجـومەنی پارێزگـای هەولێر بۆ هەمان مەبەست.
3. پێشـنیاری پەلەکـردن لە دەسـتپێکردنی قۆنـاغی دووەمـی سیستمی بایۆمەتری.

4. دیاریکردنی بڕی پاشەکەوتی مووچە هیچ خەرجییەك ناخاتە سەر دارایی حکومەتی هەرێم.

5. پێشنیارمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە راسپاردنی وەزارەتی دارایی بۆ ئامادەکردنی میکانیزمێك بۆ دیاریکردنی بڕی پاشەکەوتکراوی مووچە خۆران.

- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لەبەرواری (2019/2/12).
- لە رۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.
- بەدەنگی (27) ئەندام پەسەندکرا.

## بڕیاری ژمارە (4) ی ساڵی 2019

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2019/2/12) لە کۆبونەوەی ئاسایی (پەنجاو دووەم)ی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتیو (27) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام، ئاماژە بە نوسراوی ئیدارەی راپەڕین ژمارە (29) لە (2019/2/3) بڕیارماندا بە:

ئاراستەکردنی ئەم پێشنیارانە بۆ بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانو ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەڵەکە بووی قەرزی سندوقی نیشتەجێکردن.

1. راگرتنی مامەڵەی یاسایی بەرامبەر هاووڵاتیانی بەشداربووی پرۆژەکە.

2. هیچ غەرامەیەك نەخرێتە سەر ئەو برە کەڵەکەبووەی کە هۆکارەکانی قەیرانی دارایی بوو.
3. ئەوبرە قەرزەی کەڵەکە بووە لەسەر بەشدار بووان دابەش بکرێتەوە بەسەر ئەو ساڵانەی لەسەر یان ماوە بۆ گەڕاندنەوەی قیستەکان.
4. گۆڕانکاری لە ناوی کەفیلەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، ڕێگە پێدراو بێت.
5. درێژکردنەوەی ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزی نیشتەجێکردن، بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی ناوچەکان، لەبەر ئەوەی قەرزی وەرگیراو برەکەی جیاوازە لەهەندێك لە ناوچەکاندا.

- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری (2019/2/12).
- لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

بەدەنگی (27) ئەندام پەسەندکرا.

# کۆبوونەوەی ژمارە (53)

رۆژ: یەك شەممە
بەروار: 2019/4/14
کات: (01:00 – 02:30)ی پاش نیوەڕۆ
ژمارەی ئامادەبووان: (27)
ژمارەی ئامادە نەبووان: (5)

## کارنامەی کۆبوونەوە:

1. میوانداریکردنی بەرپرسانی ئیداریی‌و هونەریی سنورەکە.
2. بڕیاردان لەسەر پێداویستییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان.
3. بڕیاردان لەسەر پێشنیاری تەواوکردنو چاککردنی ڕێگای سەرەکیی نێوان کەلارو سلێمانی.

## بڕیارەکانی (پەنجاوسێ)ەمین کۆبوونەوە لە (2019/4/14)دا

کۆبوونەوەکە بەبێ بڕیاردان کۆتاییهات

## کۆبوونەوەی ژمارە (54)

ڕۆژ: سێ شەممە
بەروار: 2019/9/10
کات: (10:00 – 01:30)
ژمارەی ئامادەبووان: (29)
ژمارەی ئامادەنەبووان: (3)

### کارنامەی کۆبوونەوە:

1. فراوانکردنی سنوری گوندی (بێستان سوری گەورە) لە ناحیەی تانجەرۆ سەر بە قائیمقامیەتی ناوەندی سلێمانی.
2. گفتوگۆ لەسەر گرێبەستی وەزارەتی داد و کۆمپانیای (INFORR) بۆ بە ئەلکترۆنیکردنی مامەڵەی دادنوسەکان.

بۆ ئەم مەبەستەش میوانداری هەریەک لەم فەرمانگایانە کراوە بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکەدا.

- سەرۆکی دادنوسی سلێمانی
- سەرۆکی داواکاری گشتی
- دادگای دەستپاکی لە سلێمانی یان نوێنەری ڕێگەپێدراویان.
- کۆمپانیای (INFORR)

## بڕیارەکانی (پەنجاو چوار)ەمین کۆبوونەوە لە (2019/9/10)دا

**بڕیاری ژمارە (6)ی ساڵی 2019**

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2019/9/10) لە کۆبونەوەی ئاسایی (54) (پەنجاو چوارەمین)ی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام، ئاماژە بە بە ماددەی (34) لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (3)ی ساڵی (2009)ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەرکرد، بە درێژکردنەوەی ئەم خولەی ئەنجومەن تا خولی هەڵبژاردنی داهاتوو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

1. پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ئاماژە بە رینمایی ژمارە (1)ی ساڵی (2015) هەموار کراو بۆ فراوانکردنی سنوری گوندی (بێستان سوری گەورە) لەسەر بەشێك لە پارچە زەویەکانی ژمارە (2/11، 51، 2/55، 3/55، 3/16)ی کەرتی (24) لەسەر داوای بەڕێز پارێزگاری سلێمانی، بە نوسراویان ژمارە (4724) لە (2019/4/28)، بەڕووبەری (19.15) دۆنم.

- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری (2019/9/10).
- لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.
- بە دەنگی (28) ئەندام پەسەندکرا.

## بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 2019

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (2019/9/10) لە کۆبونەوەی ئاسایی (54) (پەنجاو چوارەمین)ی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنو ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیو (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام، پاڵپشت بە بڕگەی (8) لەماددەی شەشەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009).

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (2)ی ساڵی (2019)ی بۆ یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق دەرکرد ، بە درێژکردنەوەی ئەم خولەی ئەنجومەن تا خولی هەڵبژاردنی داهاتوو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

1. پشتگیری لەبەسیستەمکردنو ئەلکترۆنی کردنی دامودەزگاکانو مامەڵەی هاووڵاتیان دەکەین لە بەرژەوەندی گشتی و گرێبەستەکەدەبێت بە کێبڕکێ بێت.
1. بۆ بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی دادی هەرێم، پێشنیاز دەکەین ئەگەر ئەم گرێبەستەی لە نێوان وەزارەتی دادو کۆمپانیای (INFOR RR)کراوە، هەڵبوەشێتەوەو دارشتن بۆ گرێبەستێکی نوێ بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکانو ڕەزامەندی بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەپێی نوسراوی ژمارە (809) لە (2019/2/13).

2. بەپێی بنەمای سەروەری یاساو دەستوری عێراق بۆ ساڵی (2005) لە ماددەی (19 ب 1)، کە دەڵێت ناکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکار باجو رسومات فەرز بکاتو سزای هاووڵاتیان بدات بەپێی یاسا باشتروایە پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاری لەرسومات بکات کە لەیاسای ژمارە (135)ی ساڵی (1971)ی عەریزەنووسەکان هاتووە.

3. بەپێی ناوبراوی سەرەوە لە ماددەی (4,3) پێدانی مۆڵەتی عەریزە نووسین لە دەسەڵاتی دادگاکانە، پێمانوایە ئەمە دژە لەگەڵ کارکردنی عەریزە نووسەکاندا کە ئەو مافەیان لێوەربگیرێتەوە بدرێت بەکۆمپانیایەکی تایبەت.

لە گرێبەستەکاندا پارەیەکی زۆر دیاریکراوە بۆ فۆرم پڕکردنەوە کە بڕی (25000) بیستو پێنج هەزار دینارە لەسەر پسوڵەکەی کەناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی دادی لەسەرە.

- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری (2019/9/10).
- لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.
- بەدەنگی (29) ئەندام پەسەندکرا.

# گرنگترین ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

# گرنگترین ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی پارێزگا

لە ماوەی ئەم ساڵی پرۆژەکەدا هەندێك کێشەو ڕووداوی جۆربەجۆر لە ئەنجومەنی پارێزگادا ڕوویانداوە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە هەندێکیان دەکەین:

**یەکەم: (2018/10/8) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، داوای دیاریکردنی چارەنووسی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکات.**

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نوسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردو تایایدا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوای دیاریکردنی چارەنووسی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکات. لەنوسراوەکەدا هاتووە: (لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بەدواداچوونو چاودێری دامودەزگاکانی پارێزگاکانی هەرێم، فەرمانتان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم - عێراق

**دووەم: (2018/10/31) دەستلەکارکێشانەوەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:**

بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردن لەپۆستەکانداو دەرفەتدان بەئەندامانی دیکەی فراکسیۆنەکەی، ئەنور تاهیر، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ڕاگەیاند بەرواری (2018/10/31) لە تەلاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنورتاهیر جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستەکەی ڕاگەیاندو بڕیاریدا وەك ئەندامی ئەنجومەن بەردەوام

بێت، لەبەشێکی دەستلەکارکێشانەوەکەدا هاتووە: (لە ئێستادا بۆ پێدانی دەرفەت بە هاوڕێیانم لە فراکسیۆنو ئاڵوگۆڕ لە پۆستەکاندا داوای دەستلەکارکێشانەوە پێشکەش دەکەم لە پۆستی جێگری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ...).

هەر لەمیانی کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەدا، ئەنوەر تاهیر، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە (لە یاسای ژمارە (سێ)ی ساڵی (2009)ی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاتووە، ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەنها(4) ساڵی ساڵنامەییە، لە (2018/9/24) وادەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواو بووە، ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان لە پەرلەمانی کوردستان دەکرد یاساکە هەموار بکاتەوە و ئەنجومەنی وەزیران ناچاربکات هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە وادەی خۆیدا ئەنجامبدرێت، بەڵام بەداخەوە نە پەرلەمان و نە ئەنجومەنی وەزیران ئامادەنەبوون هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە وادەی خۆیدا ئەنجامبدرێت، بەڵکو نیەتی ئەوە هەیە ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کارەکانیان بەردەوام بن)."

شیاوی باسە لەماوەی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگادا، ئەمە سێیەم جارە گۆڕانکاری لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەندا دەکرێت.

**سێیەم: (2019/3/17)شاندی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کرد.**

ڕۆژی یەکشەممە (2019/3/17)، شاندێکی باڵای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کرد، بەسەرۆکایەتی جێگری دووەمی سەرۆکی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)و ژمارەیەك لەپەلەمانتارانی کورد لەبەغدا. سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بەگرنگییەوە ڕۆڵی پەرلەمانتارانی کوردی لەبەغدا هەڵسەنگاند، بۆ جێبەجێکردنی داواو داخوازییەکانی خەڵکی هەرێمو بەتایبەت پارێزگای سلێمانی. لە کۆبوونەوەکەدا داوا لەنوێنەرانی کورد لەبەغدا کرا، کە هەوڵ بدەن بۆ زیادکردنی بەشە سوتەمەنیی پارێزگای سلێمانیو دابینکردنی بەنزین بەنرخی عێراق، هەروەها ڕێژەی وەرگرتنی گەنمی جوتیارانیش زیاتر بکرێتو بنەتۆو و پێداویستییەکانی تری کەرتی کشتوکاڵیان بۆ دابینبکرێت، لەگەڵ دانەوەی قەرزی ساڵانی ڕابردووی جوتیاران. هاوکات دروستکردنی بەنداوی گەورە لەسەر بودجەی فیدراڵیو بەنێودەوڵەتیکردنی خاڵە سنورییەکانی نێوان سلێمانیو کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە هێشتا کارەکانیان تەواو نەبووەو جێبەجێکردنی بڕیاری هەڵگرتنی ڤیزای نێوان عێراقو ئێران، چەند تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون. لەبەرامبەردا شاندی میوان بەڵێنیاندا لەبەغدا کار بۆ جێبەجێکردنیان بکەن، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش لەپێناو بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بەردەوام بێت.

بەڵام (**تاکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە**)هیچ ئەنجامێکی سەردانەکە دیارنییە.

### چوارەم: (2019/7/2) کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان

بەرواری (2019/7/2) سەرۆکی ئەنجومەنەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کۆبونەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری ئەو بۆشاییە یاساییانە، کە بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەوە بۆیان دروستبووە.

هەر سێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان کۆبونەوە و پاش کۆبونەوەکەش(ئازاد حەمەدئەمین) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی هاوبەشدا وتی " رێککەوتین لەسەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی کۆبونەوەیەك ئەنجام دەدات لەگەڵ فراکسیۆنەکان، لەوێ بڕیاردەدەن چارەسەرێك بۆ ئەم بابەتە بدۆزرێتەوە بۆئەوەی بۆشایی یاسایی دروست نەبێت."

لێدوانەکانی ناو کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکە ئاماژەبوون بۆ ئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی ئەم خولەی ئەنجومەنەکاندابوون.

### پێنجەم: (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) و (زانکۆی جیهان/ سلێمانی) هەمواری یاسای ژمارە (3) دەکەن.

(ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)و (زانکۆی جیهان/ سلێمانی) بۆ ئامادەکردنی رەشنوسی هەمواری یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)

یاسای (پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.

لەبەرواری (2019/2/24)دا یەکەم کۆبوونەوە لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو زانکۆی جیهان/ سلێمانیدا ئەنجامدرا، پاش ئەنجامدانی حەوت کۆبوونەوە رەشنوسی هەموارەکە ئامادەکراو بڕیار بوو لە رۆژی (سێشەممە) بەرواری (2019/5/14)دا لە مەراسیمێکی تایبەتدا بە چاودێری وەزیری خوێندنی باڵا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەهاوبەشی لەگەڵ کۆلێژی یاسای (زانکۆی جیهان/ سلێمانی)داو رەشنوسی هەموارەکە رابگەیەندرایە. بەڵام هەموارەکە رانەگەیەندراو تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە تەنها وەك مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و زانکۆی جیهان تائێستا هیچ روونکردنەوەیەکیان لەو بارەوە نەداوە.

بەپێی رەشنوسی هەموارەکە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارەیان کەمکراوەتەوە بۆ (15) ئەندام، هەروەها لە هەموارەکەدا هەڵبژاردنی پارێزگار لەناو ئەندامانی ئەنجومەندا دەبێت.

سەبارەت بە ئەندامێتی لە ئەنجومەنەکاندا مەرجی ئەزموون و لێوەشاوەیی باسنەکراوە،و تەمەنی ئەندامێتی بە (30) ساڵ دیاریکراوە.

### شەشەم: (2019/5/12) دەستنیشانکردنی راوێژکاری یاسایی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا:

لە بەرواری (2019/5/12)دا و بەفەرمانی ژمارە (338)، (ئازاد محەمەد ئەمین) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە پشت بەستن بە برگەی (14) لە ماددەی (6)ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی

(2009)، فەرمانی دەستنیشانکردنی (د. فەلاح مستەفا صدیق) وەك راوێژکاری یاسایی ئەنجومەن دیاریکرد.

لە ساڵانی رابردوودا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (سەرەرای هەبوونی لیژنەی یاسایی) بەڵام بۆ هەندێك بابەت ئەنجومەن پەنای دەبردە بەر مامۆستایانی کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی بەمەبەستی راوێژکردن، بەڵام بەم فەرمانە (ئەگەرچی پێویست بو زووتر راوێژکاری یاسایی دەستنیشان بکرایە) تاراددەیەکی باش هاوکاری دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنو لیژنەکان دەبێت.

## هەوتەم: (2019/7/22)کێشەو گرفتەکانی پێوەری ئاو گفتوگۆیان لەسەر کرا

رۆژی (دووشەممە) بەرواری (2019/7/22)، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو لیژنەی خزمەتگوزاریو شارەوانیەکانی ئەنجومەن بەمیوانداری بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێم و ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرەکانی ئاو کۆبوونەوە، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی پێوەری ئاو...

لە کۆبوونەوەکەدا کە نزیکەی پێنج کاتژمێری خایاند، کێشەو گرفتەکانی پێوەری ئاو گفتوگۆیان لەسەر کرا، لە کۆبوونەوەکەدا چەند راسپاردەیەك، ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرا بۆئەوەی کاری لەسەر بکەن."

راسپاردەکان:

1. بەستنی پێوەری ئاو درێژکرایەوە تا (2019/9/1) و گرفتەکانی چارەسەر دەکرێت و پێوەرە تێکچووەکانیش بگۆڕدرێن.
2. لایەنە پەیوەندیدارەکان لەحکومەت هەوڵی زیادکردنی کاتی پێدانی ئاو بەهاووڵاتیان بدەن بەتایبەت لەو شوێنانەی کێشەی کەمی ئاویان هەیە.
3. تایبەت بەوەرگرتنی نرخی ئاو ڕەچاوی شێوازی پلە بەندی تەساعودی بکرێت و کە لەپێشتردا نرخی دواجار دەخوێندرایەوە.
4. لایەنە پەیوەندیدارەکان دڵنیایی بدەنە هاوبەشەکانی ئاو کە پارەی پێشەکی وەرگیراو لەجیاتی پێوەرەکە مانگانە لەکرێی ئاو بدرێتەوە هاووڵاتیان
5. پسوڵەی پارە وەرگرتن گۆڕانکاری لەجۆری کاغەزو ناوەڕۆکەکەی بکرێت، بۆئەوەی هاووڵاتیان بزانن چیان بۆ گەڕاوەتەوەو کاتەکەشی تێدابێت.
6. پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەری ئاوەکان کەسانی شارەزا بۆ کۆکردنەوەی داهات دابنێن نەك خەڵکانێك نەزانن پێوەرەکان بخوێننەوە.

**هەشتەم: (2019/7/13) فراکسیۆنی گۆڕان، گواستنەوەی بەڕێوەبەری گشتی پەروردەی سلێمانی بە نایاسایی ناوبرد.**

پاڵپشت بە نوسراوی ژمارە (3897) ئەنجوومەنی وەزیران/ نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە

(2019/6/30)دا، بڕیاردرا بە گواستنەوەی (بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی) بۆ بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پەروەردە.
فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕیارەکەی بە نایاسایی ناوبرد.
بەرواری (2019/7/13) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا، رێبوار ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان رایگەیاند: "بەگوێرەی یاساکان، دەبێت لادان و دانانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان بە رێکاریی یاسایی بێت و لە ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە دەنگیان لەسەر بدرێت."
هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەشی راگەیاند کە: "نایاساییە ئەنجومەنی وەزیران کەسێک لاببات و بە وەکالەت کەسێکی دیکە بخاتە شوێنی چونکە ئەو کارە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانە."
"ئەنجومەنی وەزیران لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان بەرپرس نییە و دەسەڵاتی بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی نییە، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران سەرپێچی یاسای کردووە، ئەو بڕیارە زیادەڕۆیی کردنە لەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان"، رێبوار ئەحمەد لە درێژەی قسەکانیدا وای گوت.
بە پێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009) دانان و لادانی بەڕێوبەرە گشتییەکان لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانن، کەچی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵوێستی فەرمی لەو بارەیەوە نەبوو، هەروەها لە کۆی (12) ئەندامی فراکسیۆنی (گۆڕان)یش تەنها (6) ئەندام ئامادەی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە بوون.

**نۆیەم:** 2018/12/26 **پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی یەکەکانی نیشتەجێبوون**

بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی یەکەکانی نیشتەجێ بوون، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لیژنەیەکی کاتی بۆ بەدواداچوون پێکهێنا بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەیەکی تایبەتی پارێزگای سلێمانیدا. لەبەرواری (2019/9/3)دا لیژنە هاوبەشەکە کۆنووسێکی ئامادەکرد سەبارەت بەو کێشانەی کە لەیەکەکانی نیشتەجێ بووندا هەن، لەگرنگترین ئەو کێشانەش کە ئاماژەیان بۆکراوە بریتین لە:

1. تەواونەبوونی زۆربەی پرۆژەکان بەفەرمی، سەرەڕای ئەوەی ماوەی بنەڕەتی پرۆژەکان تەواو بوون.
2. خەمڵاندنی نرخی مانگانەی خزمەتگوزاریەکان زۆر ئاڵۆزە.
3. تائێستا حکومەت نەیتوانیوە خزمەتگوزاری پرۆژە نیشتەجێبووەکان بەتەندەرین رێکبخات.
4. نەبوونی ئەنجومەنێکی چالاك لە کۆمەڵگەکاندا بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەکێشەو گرفتەکان.

هەروەها بوونی کێشەی دابین نەکردنی ئاوو کارەبا، کەئەم دوو کێشەیە ئەرکی حکومەتە دابینیان بکات.

لە کۆتایشدا لیژنە هاوبەشەکەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)و (پارێزگای سلێمانی) پێنج پێشنیار بۆچارەسەری کێشەی یەکەکانی نیشتەجێبوونیان دیاریکردووە:

1. کردنەوەی بەڕێوبەرایەتیەك لە ناو پارێزگادا بۆ بەدواداچوونی خزمەتگوزاری سیتیەکان.

2. لە سەرجەم سیتیەکاندا نوێنەری بەشداربووان دیاری بکرێت بۆ خستنەڕووی کێشەکان.
3. پرۆسەی تەندەرین بکرێت بۆ ئەو پرۆژانەی کەتەواو بوون.
4. هەر سیتیەك زۆرینەی بەشداربووانی ناڕازی بوون لە ئاستی خزمەتگوزاریەکان، بخرێتە پرۆسەی تەندەرینەوە.
5. ئەو سیتیانەی کە ئاستی بەشداربووەکانی مامناوەند یان کەم دەرامەتن خزمەتگوزاریەکانی (پاسەوانی، پاکەوانی، سەوزایی) بەنرخێکی گونجاو دابینبکرێن لەرێی تەندەرینەوە (بەمەرجێك زۆرینەی بەشداربوانی پرۆژەکە ڕەزامەند بن‌و بۆ ئەو مەبەستە داواکاری پێشکەش بکەن).

لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (ڕێکەوت محەمەد زەکی/ سەرۆکی لیژنە/ سەرۆکی لیژنە)و هەریەکە لە (ئامانج نەجیب شەمعون، خەدیجە عبدالجبار، ڕێبوار ئەحمەد، زیاد کاکە ڕەزا) ئەندامانی لیژنەکە بوون.

## دەیەم: دامەزراندنی کتێبخانەیەکی ئەلکترۆنی

بە ئامانجی بەئەلیکترۆنیکردنی سەرجەم یاسا وڕێنمایی و ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن سەرجەم دەسەلاتەکانی هەرێم وعێراقەوە دەردەچن وهەروەها بۆ بەئەرشیف کردنی سەرجەم ئەو داتایانەیە کەدەردەچن، ئەنجەمەنی پارێزگای سلێمانی کتێبخانەیەکی ئەلکترۆنی دامەزراند.

بـۆ سـوود وەرگـرتن لەم کتێبخـانە یاسـاییە ئەلیکتـرونییە سـەرجەم دامودەزگـاکـانی حـکـومەتی هەرێـم وئەنجـومەنی دادوەری وپەرلەمـان دەتـوانن سـودی لـێ وەرگـرن بەتـایبەتی ئەگەر پەرلەمـان بیەوێـت بەدواچـوون بکـات وەک دەسـەڵاتێکی چـاودێری وتەشـریعی هەروەهـا ئەنجـومەنی پارێزگـا دەتوانێـت سـوود لەو کتێبخـانەیە وەربگرێـت بـۆ بەدواچـونی بڕیار ورێنمـایی دامودەزگـاکـانی حکـومەتی هەرێم لەسـەر ئاستی پارێزگاکان

شـێوازی بەکارهێنـانی ئەم کتێبخـانەیە لەرێگـای بەکارهێنـانی جیمەیـل (gmail)ەوە دەبێـت لەرێـی بەکارهێنـانی (درایـڤ) دەتوانرێـت شێر بکرێت لەگەڵ دامودەزگاکاندا.

# خوێندنەوەیەك بۆ بەجێگەیاندنی (الاداء)

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

# لە (2018/10/1)-(2019/9/30)

# خوێندنەوەیەك بۆ بەجێگەیاندنی (الأداء)
# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
# لە (2018/10/1) - (2019/9/30)

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لە دوای (2019/9/24)دا کەوتنە بۆشاییەکی یاساییەوەو چارەنووسیان بەنادیاری مایەوە تا ئەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان هەمواری یاسای ژمار (3)ی ساڵی (2009)ی کردەوە.

هەموارەکەش وەك چۆن لە ئاست چاوەڕوانی هاووڵاتیان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا نەبوو، بەهەمان شێوەش بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ هەموارەکەدا نەبوون.

هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی ئەنجومەن لە ماوەی (2018/10/1- 2019/9/30 ) کە ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەیە، وەك ساڵانی رابردوو.

لێرەشدا بەچەند خاڵێك هەڵسەنگاندن و سەرنج و تێبینیەکان بۆ ساڵی رابردووی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی جێگەی سودمەندی هەموو لایەك بێت، هەروەها ئەنجومەنی پارێزگاش بتوانێت لە ماوەی کاری داهاتوویدا رەخنەو هەڵسەنگاندنو پێشنیارەکان بەهەند وەربگرێت.

هەڵسەنگاندنەکە دابەشکراوە بەسەر (3) تەوەردا کەبریتین لە:

**یەکەم/ تایبەت بە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن.**

**دووەم/ میوانداریو بانگهێشت**

**سێیەم/ تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.**

**چوارەم/ سەردانیکردنی دامەزراوە گشتییەکان.**

## یەکەم/ تایبەت بە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن.

1. بە بەراورد بە ساڵانی رابردووی تەمەنی ئەم خولەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، لە ئەمساڵدا کەمترین کۆبوونەوە ئەنجامدرا، ژمارەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن تەنها (6) کۆبوونەوە بوون، لەم کۆبوونەوانەشدا تەنها (16) بڕیار دەرچوێندراوە.
2. لە بەرواری (2018/9/24)دا وادەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتاییهات، لەو بەروارەوە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) کۆبوونەوەکانی راگرت تا هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009).
3. لە کۆبوونەوەی ژمارە (52) لە (2018/2/12)دا، بڕگەی (2) لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە: (دەنگدان بۆ هەموارکردنەوەی (پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی (2015)ی ئەنجومەن)، (**بەڵام تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە**) روون نییە چ بڕگەو ماددەیەك هەموار دەکرێتەوە پاش تێپەڕبوونی (8) مانگ بەسەر دەرکردنی ئەو بڕیارەدا هێشتا هەموارەکە نەکراوە، لە کۆبوونەوەکەدا تەنها هەمواری بڕگەی (یانزەیەم) لە ماددەی (10) کراوەتەوە کە دەڵێت: (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێویستە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی هەفتانە جارێك، لە رۆژی سێشەممەدا ئەنجامبدات)، بەپێی هەموارەکە وشەی (**هەفتانە**) لابراوەو کراوە بە (کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەن لە رۆژانی سێشەممەدا ئەنجامدەدرێن) بەمەش کاتی دیاریکراو بۆ کۆبوونەوەکان دانەنراو، بەڵکو هەرکات ئەنجومەنی ویستی ئەوکاتە کۆبوونەوە بکرێت.

بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینی تیمی پڕۆژە بوو ئەم بڕیارەی ئەنجومەن بەشێوەی فەرمی نەنوسراوەتەوە وەک هەر بڕیارێکی دیکەی ئەنجومەن بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵکو تەنها بەشێوەی زارەکی لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری لەسەر درا.

بێگومان پارێزگای سلێمانی ئەوەندە کێشەو گرفتی هەیە، کە پێویستبکات ئەنجومەنی پارێزگا هەفتانە کۆبوونەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بکات، دەکرا کۆبوونەوەکان بۆ ئەو کێشەو گرفتانە تەرخانبکرانایە، کە لەلایەن لیژنە هەمیشەیەکانەوە بەدواداچوونیان بۆ کراوە، گرنگ بوو ئەنجومەنی پارێزگا هەفتانە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامبدایە. بەڵام ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێیوایە کە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بۆ ئەو بابەتە گرنگانەیە کە پێویستە بەدەنگدان یەکلایی بکرێنەوە

3. لە کۆبوونەوەکاندا راپۆرتی لیژنە هەمیشەییەکان نەدەخوێندرانەوە.

4. هەروەك سالانی رابردوو، لەکاتی ئامادەبوونی کەناڵەکانی راگەیاندندا، گفتوگۆی ئەندامان زۆر بەچڕی دەکرا، بەڵام پاش رۆشتنی کەناڵەکانی راگەیاندن، گفتوگۆکانیش کەمدەبوونەوە.

5. لاوازی بەشێك لە تەوەری کۆبوونەوەکان، لە ئاست خواستی هاووڵاتیاندا نەبوون، بۆ نموونە:

**یەکەم:** لە کۆبونەوەی ژمارە(49)دا تەوەری کۆبونەوەکە تایبەت بوون بە پڕکردنەوەی جێگەی ئەو ئەندامانەی کە سەرکەوتن بۆ (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و (پەرلەمانی کوردستان)، و هەروەها ئالوگۆڕ لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگادا.

بێگومان دەکرا لەگەڵ ئەم بڕگانەشدا چەند بڕگەیەکی دیکە زیادبکرایە و گفتوگۆ لەسەر یەکێک لە کێشەکانی هاوولاتیان بکرایە، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا هەفتانە کۆبوونەوە ئەنجامنادات، بۆیە دەکرا کۆبوونەوەکە تەنها بۆ مەبەستی ئاماژە پێکراو ئەنجامنەدرایە، چونکە ئەو بڕگانە پێویستیان بەگفتوگۆو کاتێکی زۆر نەبوو، دەکرا بەکەمترین کات گۆڕانکاریەکان بکرایانەو دواتر بڕگەی دیکە گفتوگۆیان لە سەر کرابان.

**دووەم:** پڕکردنەوەی میلاکی (لیژنە هەمیشەییەکان) لە هەردوو کۆبوونەوەی ژمارە (50)و (51)دا دووبارە بوو، بەڵام لە هیچکام لە کۆبوونەوەکاندا ئەنجومەنی پارێزگا نەیتوانی بگاتە بڕیاری کۆتایی لەسەر پێکهاتەی (لیژنە هەمیشەییەکان).

سەبارەت بەتەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکە کە بریتیبوو لە پڕکردنەوەی میلاکی لیژنە هەمیشەییەکان، لەم تەوەرەدا ئەوەی کە مشتومڕی لەسەر دروستبوو، پێکهاتەی (لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان) بوو، ئەویش بەهۆی دەستلەکارکێشانەوەی هەریەکە لە (ئەکرەم شەریف، رێکەوت زەکیو دیمەن رەزا) لە فراکسیۆنی (یەکێتی) لە لیژنەی ناوبراو، لەبەرئەوە لەسەر پێکهاتەی نوێی لیژنەکە گفتوگۆیەکی زۆر دروستبوو لەنێوان ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنی (یەکێتیو گۆڕان)دا، بۆیە ئەنجومەن نەگەیشتە بڕیاری کۆتایی (بەبێ ئەوەی رێگرێکی یاسایی هەبێت بۆ رێگریکردن لە پێکهێکانی لیژنەی (پیشەسازیو وزە)، کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دواخرا، بەمەبەستی چارەسەکردنی گرفتەکە لە دەرەوەی هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن. پاش رێکەوتنێکی کاتی لە

دەرەوەی هۆڵی کۆبوونەوەکە، دووبارە کۆبوونەوە دەستیپێکردەوە بە دەنگدان بە لیژنەکە، بەڵام بە (سێ) ئەندام لەبری (حەوت) ئەندام بەشێوەیەکی کاتی تادواتر ڕێگا چارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام (**تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە**) نەتوانراوە گرفتەکە چارەسەربکرێت، ئەم دواخستنەش کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر ئەنجامدانی چالاکییەکانی (لیژنەی پیشەسازیو وزە).

**سێیەم:** بڕگەی دووەم لە تەوەری کۆبوونەوەی ژمارە (51) کە تایبەتبوو بە (دووبارە دەنگدان لەسەر هەردوو ناحیەی (بنگرد)و (خدران) بۆ سەر (ئیدارەی سلێمانی) بەمیوانداری قائمقامی قەزای رانیەو بەرێوبەرانی هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران) گفتوگۆی لەسەرکرا بەڵام بەهەمانشێوە، ئەنجومەن نەگەیشتە بڕیاری کۆتاییو هەر لەسەرەتادا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پێشنیاری ئەوەیکرد کە کۆبوونەوەکە بکرێتە کۆبوونەوەیەکی راوێژکاریو دواتر بڕیاری لەسەر بدرێت، بەمەش کۆبوونەوەکە کۆتایهات بەبێ ئەوەی ئەنجومەن بگاتە بڕیاری کۆتایی لەسەر هەردوو تەوەی کۆبوونەوەکە، بەگوێرەی بەدواداچوونەکان لە کۆبوونەوەکانی دواتری ئەنجومەنیشدا گفتوگۆی لە سەرنەکرایەوەو نەخرایەوە بەرباس.

**چوارەم:** بڕگەکانی کۆبوونەوەی ژمارە (53) بریتیبوون لە (بڕیاردان لەسەر پێداویستییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان، بڕیاردان لەسەر پێشنیاری تەواوکردنو چاکردنی ڕێگای سەرەکی نێوان کەلارو سلێمانی)، بەڵام لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، ئەنجومەنی پارێزگا هیچ بڕیارێکی بەشێوەی فەرمی دەرنەکردو بڵاونەکردەوە.

6. تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەی ژمارە (50) لە (2019/12/18)دا بریتی بوو لە (هەڵبژاردنو دەنگدان بۆ پۆستی بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان). دیاریکردنی ئەم بڕگەیە لە پاش دەرکردنی فەرمانی ژمارە (3443)ی تایبەت بە دانانی (بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان) لە (2018/7/18)دا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش نیگەرانی لای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دروستکرد، بەوەی ئەم کارە لەرێگەی ئەنجومەنەوە نەکراوە، بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانیان، بەپێشێلکاری یاسایی لە قەڵەمدا، چونکە ڕێکاری یاسایی بۆ دانانو لادانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان دەبێت بە پێی خاڵی (2)و (3)ی بڕگەی (دوانزەیەم) لە مادەی (شەشەم) ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)بێت، کە دەسەڵاتی دانانو لادانی بەرێوبەرەگشتییەکانی بەخشیوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام پاش نارەزاییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دانانی بەرێوبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان گەرێندرایەوە ئەنجومەنی پارێزگاو لە کۆبوونەوەکەدا بەرێکاری یاسایی دانرا.

7. وەك ئاماژەمان پێکرد لەماوەی ئەم ساڵەدا تەنها (6) کۆبوونەوە ئەنجامدراو لە هیچ کۆبوونەوەیەکیشدا هەر (32) ئەندامەکەی ئەنجومەن ئامادەنەبوون.

8. لە کۆبوونەوەکانی ئەمساڵدا بانگهێشتی هیچ بەرێوبەرێکی گشتی نەکراوە بۆ لێپرسینەوە.

9. پاش ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە رێگەی (لیژنەی کشتوکاڵ)ەوە بەدواداچوونیکرد بۆ کێشەی خراپی ئاردی ماڵان،

دواتر لەڕێگەی (وەزارەتی بازرگانی عێراق)ەوە سزای ماددی بۆ (10) کارگە دەرکراو هەروەها لە ئێستادا مانگانە پشکنین بۆ ئەو ئاردە دەکرێت چ لە رووی تەندروستییەوە و چ لە رووی کێشەوە کە پێویستە هەر فەریەدەیەك ئارد (50) کغم بێت.

10. بوونی چەندین موداخەلەی گرنگو جدی لە کۆبوونەوەکاندا، بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆبوونەوەکان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیو بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنەوە.

11. جێگەی دەستخۆشییە کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەی ژمارە (54)ی تایبەت کرد بەکێشەو گرفتەکانی ئیدارەی (گەرمیان)و کۆبوونەوەکەی هەر لە ئیدارەی (گەرمیان) ئەنجامدا.

12. جێگەی دەستخۆشییە کە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەردەوام بەکراوەیی بوونو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو کەناڵەکانی راگەیاندن، هەندێك لە کۆبوونەوەکانیش راستەخۆ بۆ هاووڵاتیان پەخشکراون.

13. لە دوای کۆتایی هاتنی هەر کۆبوونەوەیەك سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی ئەنجامدەداو وێڕای خستنەڕووی پوختەی کۆبوونەوەکان، وەڵامی پرسیاری راگەیاندنەکانیش دەدرایەوە.

14. ئەندامانی ئەنجومەن پێشوەخت لەبەرنامەی کاری کۆبوونەوەکان ئاگادار کراونەتەوە، پێش (48) کاتژمێر کارنامەی کۆبوونەوەکان گەشتوەتە دەست ئەندامانی ئەنجومەن.

15. لە بەشێك لە کۆبوونەوەکاندا لەلایەن هەندێك لەئەندامانی ئەنجومەنەوە پێشنیارو رەخنەی بونیادنەرانە دەخرایەڕوو، بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی تەوەری کۆبوونەوەکان.

## دووەم/ میوانداریو بانگهێشت

لە کۆبوونەوەکانی ئەمساڵدا تەنها میوانداری هەریەکە لەمانە کراوە: (بەرپرسانی ئیداریو هونەری ئیدارەی گەرمیان)، (قائمقامی قەزای رانیەو بەڕێوبەری هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران)، (نوێنەری داد نووسی سلێمانی، نوێنەری داواکار گشتی سلێمانی، نوێنەری دادگای دەستپاکی لە سلێمانی، بەڕێوبەری فەرمانگەی دادنووسی بەکرەجۆ).

1. لە کۆبوونەوەی ژمارە (54)دا میوانداری هەریەکە لە (سەرۆکی دادنوسی سلێمانی، سەرۆکی داواکاری گشتی، نوێنەری دادگای دەستپاکی لە سلێمانی، سەرۆکی فەرمانگەی دادنووسی بەکرەجۆ) سەبارەت بە گرێبەستی عەریزەنووسەکان، بەڵام ئەوانەی میوانداری کرابوون، پەیوەندییان بەو بابەتەوە نەبوو، تەنانەت ئەوانیش ئاگاداری گرێبەستەکە نەبوون، چونکە ئەو گرێبەستە لە نێوان وەزارەتی دادو کۆمپانیای (INFORR) ئەنجامدراوە.
2. ئەگەرچی بڕیار بوو لە کۆبوونەوەی ژمارە (54)دا، کۆمپانیای (INFORR) ئامادەبێت بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکە نوێنەرێکیان ناردبوو کە رێگەپێدراو نەبوو بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی گرێبەستی عەریزەنووسەکان، بۆیە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رێگەی نەدا بەنوێنەری کۆمپانیاکە بەشداری

کۆبوونەوەکە بکات، چونکە ئەنجومەنی پێویستی بەکەسێك بوو بتوانێت لە کۆبوونەوەکەدا وەڵامی ئەندامانی ئەنجومەن بداتەوە.

3. میوانداریەکان بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، تەنها بۆ روونکردنەوەو وەڵامی پرسیاری هەندێك لەئەندامانی ئەنجومەن بوون، نەك بۆ لێپرسینەوە.

4. زۆر بابەتی گرنگ هەبوون وەك (بەرزبوونەوەی رێژەی نەخۆشی شێرپەنجەو پسبوونی ژینگەی سلێمانیو نارەزایی هاووڵاتیان لە خزمەتگوزاریەکانو دواکەوتنی شەقامی سەد مەتری سلێمانی و قەیرانی دابینەکردنی سوتەمەنی و وەستانی زیاتر لە (1100) هەزارو سەد پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سنوری پارێزگای سلێمانیو هەڵەبجەو ئیدارەکانی راپەرین گەرمیان....هتد )کە گرنگ بوو (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بانگهێشتی چەند بەڕێوبەرێکی گشتی یان کۆمپانیاو لایەنی پەیوەندیداریان بەو کێشەکانەوە بکردایە بۆ ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەمەبەستی لێپرسینەوەوە.

## سێیەم/ تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.

1. هەندێك لە لیژنەکان راستەوخۆ نوسراویان کردووە بۆ (وەزیر، پارێزگار) بەنموونە، کە دەبوایە سەرجەم نوسراوەکان لەرێگەی سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەوە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێن.

2. گرنگینەدان بەنووسینی راپۆرتی لیژنەکان، لەلایەن زۆرێك لە لیژنەکانەوە، لە نووسینی زۆرێك لە راپۆرتی لیژنەکاندا ئاماژە بە (بەرواری چالاکیو شوێنی چالاکی) نەکراوە.

3. نەبوونی ئەرشیفێکی تایبەت بە هەر لیژنەیەك بۆ راپۆرتو کارو چالاکییەکانیان.

4. زۆربەی چالاکیی لیژنەکان کۆبووونەوەو بەدواداچوونو ئاراستەکردنی یاداشتبووە، واتە هەتا کۆتایی یان دۆزینەوەی چارەسەر لەگەڵ کێشەکاندا نەبوون.

5. بەشێکی چالاکی لیژنەکان وەك ئەوە نەبووەکە برگەی (1)ی ماددەی (32)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بۆی دیاریکردون لەکارو تایبەتمەندی لیژنەکان، بەشێکی چالاکییەکانیش لەسەر ئاستی تاك ئەنجامدراون، نەك لەسەر ئاستی پارێزگا.

6. ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکان وەك پێویستنین، لە لیژنەیەکەوە بۆ لیژنەیەکی دیکە جیاوازە، چ لەرووی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەکەوە، چ لە رووی ژمارەی ئامادەبووانی ئەندامانی لیژنەکە لە کۆبوونەوەکاندا.

7. بەردەوام لە نێو ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکاندا چەند ئەندامێکی دیاریکراو لە سەردانو بەدواداچووندانو بەشێکی دیکەیان هەر ئەوەیە ناویان لە لیژنەکەدا هەیە، کەمترین ئامادەبوونیان هەیە لەچالاکییەکانو کۆبوونەوەی لیژنەکاندا.

8. لە ماددەی (37)داو لە خاڵی (حەوتەم)ی (پەیڕەوی ناوخۆ)ی ئەنجومەندا هاتووە: (سەرجەم لیژنە هەمیشەییەکان) بە پلانو بەرنامەی کارو رۆژ ژمێریێکی ساڵانەی تایبەت بەخۆیان پابەنددەبن، کە ئەو کاروبارانەی لە ماوەی سێ مانگدا دەیکەن بە پشتبەستن بە شارەزایی لەم پەیڕەوەدا هاتووە، کار لەسەر نوێکردنەوەی دەکەن) بەڵام هیچکام لە لیژنە هەمیشەییەکان لە ئەمساڵیشدا پلانی نەك

ساڵانەیان نەبووە، بەڵکو پلانی وەرزیو مانگانەشیان و هەفتانەشیان نەبووە.

9. هەندێك لیژنە زۆرترین كاروچالاكی ئەنجامدەدات، لەكاتێكدا هەندێك لە لیژنەكانی دیكە كاروچالاكیان كەمترە.

10. بوونی چەند گرفتێك لە بەردەم لیژنەكاندا كە نەتوانن وەك پێویست كارەكانیان ئەنجامبدەن، لەوانەش: نەبوونی ئۆتۆمبێلی پێویستو بودجە، ستافی كارگێڕی هاوكار.

11. پێگەی ئەلكترۆنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وەك پێویست گرنگی بە چالاكی لیژنە هەمیشەییەكان نەداتو بڵاوینەناكاتەوە.

12. بەشێك لە بەڕێوبەرەگشتییەكان لەلایەن لیژنە هەمیشەییەكانەوە میواندارى كراون.

## چوارەم/ سەردانیكردنی دامەزراوە گشتییەكان.

لەماوەی ئەم ساڵەدا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەشێوەیەكی گشتی سەردانی فەرمانگەو دامەزراوە گشتییەكانی كردووەو بەردەوام چ لە ڕێی دەستەی سەرۆكایەتی و چ لەڕێی لیژنە هەمیشەییو تایبەتەكانەوە بەردەوام سەردانو بەدواداچوون بۆ دامەزراوە گشتییەكان كراوە. بەڵام ئەوەی كە زۆر گرنگە بووە بۆ هاووڵاتیان چارەسەركردنی ئەو كێشانەی پارێزگاكە بووە كە پێشتر ئاماژەمان بۆكردن وەك (پیسبوونی ژینگەو خراپی گرانی نرخی سوتەمەنیو دابەشنەردنی نەوتی سپی لەكاتی خۆیداو.....هتد).

# پاشکۆکان

**پاشکۆی ژمارە: (1)**

## دەقی هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)

کۆماری عێراق

هەرێمی کوردستان

سەرۆک

بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2019)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم ) ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی هەموار کراو، پاڵپشت بە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی ڕۆژی (2019/7/8)کراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)

(یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق)

ماددەی (1):

خاڵی (1) لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (شەشەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە نێوانیاندا بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لە ماوەیەکدا کە ئەوپەڕی (30) سی رۆژ لەمێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتن تێپەڕنەکات.

ماددەی (2):

بەدەر لەحوكمی برگەی (دووەم) لە ماددەی (چواردەم)ی یاساكە ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە پیادەكردنی تایبەتمەندییەكانیان لە كاتی كۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان تا هەڵبژاردنی خولێكی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.

ماددەی (3):

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران‌و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێبكەن.

ماددەی (4):

كار بەهیچ دەقێكی ئەم یاسایە یان بڕیارێك ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ دەقەكانی ئەم یاسایە.

ماددەی (5):

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنەیەوە جێبەجێ دەكرێت‌و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

هۆكارەكانی دەرچواندن

بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگاكان‌و بەردەوامبوونی ئەنجومەنەكان لە پیادەكردنی تایبەتمەندییەكان‌و هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن بەمەبەستی فەراهەمكردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەكان بۆ هاووڵاتیان بە شێوەیەكی باشتر، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆكی هەرێمی كوردستان
2019/7/21

سەرچاوە:

**ژمارە(239) ی رۆژنامەی وەقائعی كوردستان لەبەرواری (2019/7/31)**

## پاشكۆی ژمارە (2)

## یاداشتی (رێكخراوی كوردستان بۆ هەموان) سەبارەت بە هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)

دوای ئەوەی پەرلەمانی كوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(10)ی خولی پێنجەم لە رێكەوتی (2019/7/6) خوێندنەوەی یەكەمی بۆ هەمواركردنی یاسای پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان ژمارە (3)ی ساڵی (2009) كرد و بریار وایە لەدانیشتنی داهاتوو هەمواری دوو بابەت لەیاساكە بخاتە دەنگدانەوە سەبارەت بە درێژكردنەوەی ماوەی كاری ئەنجومەنی پارێزگاكان و شیاوبونی كاندیدكردنی پارێزگار لەدەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ، لەم بارەیەوە (رێكخراوی كوردستان بۆ هەموان) وەك رێكخراوێكی كۆمەڵگەی مەدەنی وچاودێر لەسەر كاروباری ئەنجومەنی پارێزگاكان و كارا لەبواری دیموكراسی ولامەركەزیەتی كارگێری بەپێویستی دەزانین راو سەرنجمان لەم بارەیەوە بە چەند خاڵێك بخەینە روو:

1. چەسپاندنی درێژكردنەوەی كاری ئەنجومەنی پارێزگاكان بە یاسا بەتایبەت بە دەستەواژەو دەقی واها كە تا هەڵبژاردنی داهاتوو لە كاركردن بەردەوام ببێت ، بە كارێكی نادروست و نەرێنی دادەنرێت لە پرۆسەی دیموكراسیدا چونكە متمانەی كاری ئەو ئەندامانە بە هەڵبژاردن دیاری كراوە كە تەنها بۆ چوارساڵی ساڵنامەیە كە لە مادەی (6) برگەی (3) دیاریكراوە ،بۆیە ئەركی پەرلەمان

وحكـــومەتی هەرێمـــی كوردســـتانە وادە بـــۆ هەڵبژاردنەكـــان دیـــاری بـكەن، نەك ئەوەی درێژكـردنەوەی مـاوەو سـپاردنی بەكـاتێكی دیـاری نەكراو. چونكە لە ڕێكەوتی (2018/6/26) كاتی یاساییان بەسەر چووە و لەبەر ئەنجام نەدانی هەڵبـژاردنیش تەنها مـاوەی(90) ڕۆژ وەك كاربەڕێكەر كاتیـان تێپەڕیوەو هەركـارو بڕیارێكیشـیان لەدوای ئەو بەرواروەوە واتە لە (2018/6/26) هەر بڕیارێكیـــــان دەركردبێـــــت پاڵپشتی یاسایی نیە.

2. لە تەواوی سیســـتمە پێشـــكەوتوە پەیڕەوكراوەكـــانی سیســـتمی لامەركەزیەتـــی نامەڵبەنـــدیەتی كارگێڕیـــدا بەتـــایبەت لە سیســـتمی لاتینیـــدا ئەنـــدامانی ئەنجـــومەنی پارێزگـــا وپارێزگـــار لەڕێـــگەی هەڵبـــژاردن و متمـــانەی دەنگـــدەران دیـــاری دەكرێـــت، تەنـــانەت لە ئەلمانیـــای فیـــدراڵ هەڵبژاردنـــی پارێزگـــار بەجـــۆرێكە ئەو پـــاڵێوراوەی كە زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا لە كاندیدەكانی دیكەدا دەبێتە پارێزگـــار ئەگەرچـــی فراكســـیۆنەكەی ژمـــارەی كورســـیەكەی لە ئەنجـومەنەكە هەرچەنـدێك بێـت.بۆیە ڕێـگەدان بە وەی كە پارێزگـا وەك جێێبەجێكـاری كـار وبڕیـاری ئەنجـومەنەكە كە دوانەیەكـی پـــێكەوە بەســـتراون لە دەرەوەی ئەنـــدامانی ئەنجـــومەن بێـــت وبە دامەزرانـــدن لە لەلایەن دەســـەڵاتی جێێبەجێكـــردنەوە دابمەزرێـــت هەنگاوێكە بە ئاڕاستەی گە ڕانەوە بۆ سیستمی مەركەزي.

3. ئێمە لە ڕێكخراوی(كوردستان بۆ هەموان) لە میانەی ئەزمونی چوارسـاڵەی چـاودێریكردنی كـاری ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی بۆمـان دەركەوتوە كە چەنـدین بـڕگەو مـادەی دیـكەی نـاو یاسـاكە پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە، بۆ ئەمەش پرۆژەمان ئامادەكردوە

کە داواکارین بە هاوکاری لایەنی پەیوەندیدار بەو بابەتە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کاربکەین بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە،تا لەگەڵ ئەو ئامانج وفەلسەفەی یاسادانانە بگونجێت کە یاساکەی بۆ دەرچووە ،کەبریتیە لە چەسپاندنی پرسی لامەرکەزیەت.

لە کۆتایدا جەخت لەوە دەکەینەوە کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان سیستمی نامەڵبەندییێتی –لامەرکەزی- ئیداری پەیڕەو بکرێت بۆ ئەوەش پێویستمان بەدەرکردنی چەندین یاسا و هەموارکردنی یاسای وەزارەتەکان هەیە چونکە یاسای پارێزگاکان بەتەنها لە ژینگەیەك کە سیستمی مەرکەزی تیایدا زاڵە، ئامانجی خۆی بەدی ناهێنێت.

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان
بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی
7/7/2019

## پاشكۆی ژمارە ( 3 )

### ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەدواداچوون بۆ داهاتی پارێزگای سلێمانی دەكات

هەرێمی كوردستانی عێراق
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ/ پارێزگای سلێمانی
بەڕێوبەرایەتی كارگێڕی
ژمارە: 2234 -            ڕێكەوت:2019/202

بۆ وەزارەتی دارایی‌و ئابوری/ نوسینگەی وەزیر
بابەت/ یاداشت

هاوپێچ وێنەیەك لە نوسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی/ كارگێڕی ژمارە (922 لە 2018/12/26) لەگەڵ هاوپێچەكەی دەخەینە بەردەست بەڕێزتان سەبارەت بە پێدانی زانیاری لەسەر كۆی داهاتو خەرجی لە ساڵی (2018) لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009).

لە راوبۆچوونتان ئاگادارمان بكەنەوە.... لەگەڵ ڕێزدا

**هاوپێچ/**

- ژمارە (922 لە 2018/12/26)

د. هەڤاڵ ئەبوبەكر
پارێزگاری سلێمانی
2019/2/19

**وێنەیەك بۆ:**

- نوسینگەی تایبەتی بەڕێز پارێزگار
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی/ كارگێڕی نوسراوتان لای سەرەوە بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا

- بەڕێوبەرایەتی گشتی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان/ بۆ هەمان مەبەستی لای سەرەوە ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کارگێڕی/ لەگەڵ وێنەیەك لە سەرەتاکان.
- دۆسیەی تایبەت

## پاشکۆی ژمارە (4)

## یاداشتی لیژنەی پیشەسازیو بازرگانی سەبارەت بە پشکنینی شتومەكو کاڵایانەی دەهێنرێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی
ژمارە: 1224 ڕۆژ: 2019/9/22
بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
بابەت/ یاداشت

هاوپێچ وێنەیەك لە یاداشتی لیژنەی پیشەسازیو بازرگانی لە ئەنجومەنمان لە (2019/9/8) دەنێرین بۆتان دوای بەدواداچوونی لیژنەی ئاماژەپێدراو بۆ هەردوو دەروازەی فەرمی نێودەوڵەتی باشماخ لەسنوری پارێزگای سلێمانیو دەروازەی نێودەوڵەتی لە سنوری ئیدارەی گەرمیانو دەروازە نافەرمیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیو هەڵەبجەو ئیدارەکانی گرمیانو ڕاپەڕین، ئاماژە دەدەین بەوەی کە لە هەردوو دەروازە فەرمیەکانو بەشێك لە خاڵە سنوریە نافەرمیەکان، ئیشوکارەکانی پشکنینی ئەو شتومەكو کاڵایانەی دەهێنرێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە دراوە بەدوو کۆمپانیا بە ناوەکانی:

1. کۆمپانیای (ڕەمزگە) کاری پشکنینی شتومەكو کاڵاکان دەکات لە سنوری دەروازەی باشماخو خاڵە سنوریە لاوەکییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی.

2. کۆمپانیای (لۆکس ئەجێنسی) کاری پشکنینی شتومەكو کاڵاکان دەکات لە سنوری دەروازەو خاڵە سنوریەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان پارێزگای هەڵەبجە.

ئەوەی شیاوی باسکردنە پێشووتر ئەو پشکنینانە لە لایەن (بەڕێوبەرایەتیو فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە دەکراو بڕێکی کەمتر لەو پارەیەی لەئێستادا وەردەگیرێت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە وەردەگیرا لەبری پشکنینی ئەو شتومەكو کاڵایانەی کە دەهێنرێتە ناو هەرێمەوە.

لە ئێستادا هەردوو کۆمپانیای ناوبراو بەبێ پێشبڕکێی نرخو کوالێتی ئامێرەکانیان، لەلایەن بەرپرسی دەروازەکانەوە دانراونو ڕێژەی (80%)ی داهاتەکانیان کۆمپانیا بۆ خۆی دەیباتو تەنها ڕێژەی (10%)ی داهاتەکەیان دەخەنە حسابی وەزارەتی داراییو حکومەتی هەرێم، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەشێك لەو پشکنینانە بەفەرمانبەرو تەنانەت بە ئامێری حکومیش ئەنجامدەدرێت.

شایانی ئاماژە پێدانە کە ڕۆژانە داهاتێکی زۆر لەو دەروازەو خاڵە سنوریانە کۆدەکرێتەوە بۆ ئەو دوو کۆمپانیانەی کە ناومان بردووە.

بفەرموون بەڕەزامەندیتان لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە بەدواداچوون بۆ ئەو کۆمپانیایانە بکەن کە لەتەواوی دەروازەو خاڵە سنوریەکان کە دەکەونە سنوری هەرێمی کوردستان، کاری ئەو کۆمپانیایانە ڕێکبخرێتەوەو بەشێوازی تەندەر بدرێت بە هەرکۆمپانیایەك کە لەو بوارەدا کاردەکەن نەك بەو شێوازەی کە لە ئێستادا کاری پێدەکرێت، بەرپرسی دەروازە سنوریەکە خۆی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکدا دەکات.

لەگەڵ ڕێزدا

ئازاد محەممەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
2019/9/22

## پاشکۆی ژمارە ( 5 )

### خشتەی ژمارە (6)

### لیستی میوانداری بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن:

| کۆبوونەوە | بەروار | میوانداری |
|---|---|---|
| 52 | 2019/1/22 | قائمقامی قەزای رانیەو بەڕێوبەرانی هەردوو ناحیەی بنگردو خدران |
| 53 | 2019/4/14 | بەرپرسانی ئیدارییو هونەریی ئیدارەی گەرمیان |
| 54 | 2019/9/10 | سەرۆکی دادنوسی سلێمانی |
| | | - سەرۆکی داواکاری گشتی |
| | | -دادگای دەستپاکی لە سلێمانی یان نوێنەری ڕێگەپێدراویان |

## پاشکۆی ژمارە (6)

## چالاکی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا
## لە (2017/10/1 – 2018/9/15)

چەند تێبینیەك:

1. لەم بەشەدا ژمارەی ئەوچالاکییانە خروانەتەڕوو کە لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنەوە دروانەتە تیمی پرۆژە، چالاکییەکانیش لەماوەی (2018/10/1 تا 2019/9/15)دا وەرگیراون.

2. چالاکی ئەندامان بڵاونەکراوەتەوە، ئەگەرچی چەند ئەندام ئەنجومەنێك وەك ئەندام چالاکیان بۆ تیمی پرۆژە ناردووە.

3. مەرج نییە هەموو ئەندامی لیژنەکان لە چالاکییەکاندا بەشداربووبێتن، بەداخەوە هەندێك لە ئەندامی لیژنەکان لەماوەی ساڵەکەدا لە چالاکییەك زیاتر لەگەڵ لیژنەکەدا بەشدار نەبووە، بەمەش هەندێك ئەندام زۆرترین ماندوبوونی کەوتۆتە سەرشان.

4. چالاکی لیژنەکان بەپێی تایبەتمەندیو ئەو سێکتەرەی کە لیژنەکە کاریان بۆدەکات جیاوازە، بۆ نمونە دروستکردنی قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان کرد بەتایبەت لە سێکتەرە خزمەتگوزاریەکانی وەك (شارەوانی، پرۆژەکان، کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، تەندروستی) ئەمەش وایکرد کە ئەرکی ئەم لیژنانە قورستر بێتو بەردەوام لە سەردانو بەدواداچووندابن.

6. بەشێك لەو چالاکییانەی ئەنجامدراون بەدواداچوون بوون بۆ کێشەی هاووڵاتیەك یان چەند هاووڵاتیەك، نەك لەسەر ئاستی پارێزگا.

7. لیژنەکان بەپێی ژمارەی چالاکیی ئەنجامدراو ریزبەندیان بۆکراوە.

لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانیو هاتووچۆوگواستنەوەو گەیاندن

**خشتەی ژمارە (7)**

| ز | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردووون. | 27 |
| 2. | ئەو یاداشتانەی تەنها ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردووون. | 117 |
| 3. | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 10 |
| | **کۆی گشتی** | 157 |

ناوەڕۆکی چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەیە:

**خشتەی ژمارە (8)**

| ز | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | داواکردنی داتاو زانیاری | 19 |
| 2. | پێشکەشکردنی پێشنیار | 15 |
| 3. | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 26 |
| 4. | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 83 |
| 5. | میوانداری | 14 |
| | **کۆی گشتی** | 157 |

## لیژنەی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوو کارگێڕیو ئابوری

### خشتەی ژمارە (9)

| ژ | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردوون. | 36 |
| 2. | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردوون. | 23 |
| 3. | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 30 |
| | کۆی گشتی | 89 |

ناوەڕۆکی چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەیە:

### خشتەی ژمارە (10)

| ژ | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | داواکردنی داتاو زانیاری | 16 |
| 2. | پێشکەشکردنی پێشنیار | 5 |
| 3. | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 61 |
| 4. | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 5 |
| 5. | میوانداری | 2 |
| | کۆی گشتی | 89 |

لیژنەی پلان و پرۆژەکان

**خشتەی ژمارە (11)**

| ز | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردوون. | 16 |
| 2. | ئەو یاداشتانەی تەنها ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردوون. | 46 |
| 3. | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 19 |
| **کۆی گشتی** | | 81 |

ناوەڕۆکی چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەیە:

**خشتەی ژمارە (12)**

| ز | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | داواکردنی داتاو زانیاری | 6 |
| 2. | پێشکەشکردنی پێشنیار | 6 |
| 3. | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 42 |
| 4. | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 21 |
| 5. | میوانداری | 6 |
| **کۆی گشتی** | | 81 |

لیژنەی تەندروستیو ژینگەو کاروباری کۆمەڵایەتی

**خشتەی ژمارە (13)**

| ز | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| .1 | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردووە. | 14 |
| .2 | ئەو یاداشتانەی تەنها ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردووە. | 22 |
| .3 | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 19 |
| **کۆی گشتی** | | 55 |

ناوەڕۆکی چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەیە:

**خشتەی ژمارە (14)**

| ز | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| .1 | داواکردنی داتاو زانیاری | 1 |
| .2 | پێشکەشکردنی پێشنیار | 12 |
| .3 | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 32 |
| .4 | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 8 |
| .5 | میوانداری | 2 |
| **کۆی گشتی** | | 55 |

لیژنەی رۆشنبیریو وەرزشو لاوان:

**خشتەی ژمارە (15)**

| ز | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| .1 | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردون. | 8 |
| .2 | ئەو یاداشتانەی تەنها ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردوون. | 13 |
| .3 | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 14 |
| .4 | یاداشت راستەخۆ لەلایەن لیژنەکە ئاراستەی پارێزگاری سلێمانی کراوە بۆ هاوکاری هونەرمەندان | 11 |
| | **کۆی گشتی** | 46 |

ناوەرۆکی چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەیە:

**خشتەی ژمارە (15)**

| ز | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| .1 | داواکردنی داتاو زانیاری | 4 |
| .2 | پێشکەشکردنی پێشنیار | 4 |
| .3 | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 22 |
| .4 | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 2 |
| .5 | میوانداری | 3 |
| .6 | نوسراو راستەوخۆ بۆ پارێزگاری سلێمانی | 11 |
| | **کۆی گشتی** | 46 |

لیژنەی کاروباری یاسایی‌و سکاڵاو بەدواداچوون

**خشتەی ژمارە (16)**

| ژ | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردووە. | 12 |
| 2. | ئەو یاداشتانەی تەنها ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردووە. | 16 |
| 3. | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 9 |
| **کۆی گشتی** | | 37 |

ناوەرۆکی چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەیە:

**خشتەی ژمارە (16)**

| ژ | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | داواکردنی داتاو زانیاری | 2 |
| 2. | پێشکەشکردنی پێشنیار | 8 |
| 3. | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 21 |
| 4. | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 6 |
| 5. | میوانداری | 0 |
| **کۆی گشتی** | | 37 |

## لیژنەی پەروەردەو کاروباری ئاینی

## خشتەی ژمارە (17)

| ژ | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| .1 | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردووە. | 4 |
| .2 | ئەو یاداشتانەی تەنها ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردووە. | 14 |
| .3 | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 13 |
| | **کۆی گشتی** | 31 |

ناوەرۆکی چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەیە:

## خشتەی ژمارە (17)

| ژ | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| .1 | داواکردنی داتاو زانیاری | 0 |
| .2 | پێشکەشکردنی پێشنیار | 1 |
| .3 | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 24 |
| .4 | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 5 |
| .5 | میوانداری | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 31 |

لیژنەی پیشەسازیو وزە بازرگانیو سامانە سروشتییەکان

**خشتەی ژمارە (18)**

| ز | یاداشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| .1 | ئەو یاداشتانەی ئەنجومەنی پارێزگابەرزی کردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەرکردوون. | 7 |
| .2 | ئەو یاداشتانەی تەنها ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە و لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر نەرکردوون. | 7 |
| .3 | ئەو یاداشتانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە بەرزنەکراونەتەوە. | 16 |
| **کۆی گشتی** | | 30 |

